زنجیرەی ساخکردنەوەی مێژوو، ژمارە ٣

# مەککە

# لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا

## بەدواداچوونێکی مێژووییە، بۆ ساخکردنەوەی پاشخانی شاری مەککە لە چەند بوارێکەوە

سەلاح ڕێبوار



# شاری مەککە
# لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا

بەدواداچوونێکی مێژووییە، بۆ ساخکردنەوەی پاشخانی شاری
مەککە لە چەند بوارێکەوە

سەلاح ڕێبوار

ناونیشان: شاری مەککە لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا

بابەت: بەدواداچوونێکی مێژووییە، بۆ ساخکردنەوەی پاشخانی شاری مەککە لە چەند ڕەهەندێکەوە

لێتۆژەرەوە: سەلاح ڕێبوار

ساڵ: ٢٠٢٢

# ناوەرۆک


ووتەیەکی پێویست ........................................................................ 11
گریمانەیەکی لۆژیکی .................................................................... 19
شاری مەککە و کەعبە .................................................................. 23
لە ڕوانگەی سەرچاوەکانی ئیسلام ..................................................... 23
ئەفسانەی دروستبوونی کەعبە ........................................................... 24
بەردە ڕەشەکە ........................................................................... 33
شاری مەککە بەپێی دەقە پیرۆزەکان...................................................... 35
١ مەککە لە قورئاندا ................................................................... 36
٢ سەرهەڵدانی ئیسلام و ژینگەی شاری مەککە ....................................... 45
٣ ژینگەی مەککە لەگەڵ قورئان ناکۆکە.................................................. 48
٤ لات و عز و منات، گەواهیەکی تری مەبەستی قورئانن............................... 52
٥ ڕووگەی ئیسلامی سەرەتا و گۆڕینی بەرەو مەککە .................................. 54
٦ ڕێنووسی قورئان ئاماژەیە بۆ باکوور ............................................... 58
٧ الله خودای باکوور بوو نەک باشوور و ناوەڕاست ................................... 61
سەفەری ئیبراهیم و ئیسماعیل لە تەورات................................................... 67
پەیمانی کۆن باسی مەککە ناکا ......................................................... 74
لە گەشتەکانی ئیبراهیم مەککە بوونی نییە................................................ 75
لە گەشتەکانی نەبی سلێمان، مەککە دیارنییە ........................................ 77
شاری مەککە لە دیدی مێژوونووساندا...................................................... 81
یەکەم تۆمار هی میسریەکانە بۆ یەمەن.................................................... 84
سەردەمی یۆنانییەکان.................................................................... 86
سەدەی پێنجەمی پ.س.ب ................................................................ 89

سەدەی چوارەمی پ.س.ب ........................................................ 91
سەدەی سێیەمی پ.س.ب ........................................................ 93
سەدەی دووەمی پ.س.ب ........................................................ 97
سەردەمی ڕۆمانەکان ........................................................ 102
پرۆسەی کۆنترۆڵی ڕێگای بازرگانی دوورگەی عەرەبی ........................................................ 103
سەدەی یەکەمی سەردەمی باو ........................................................ 109
سەدەی دووەمی سەردەمی باو ........................................................ 111
سەدەی سێیەم تا چوارەمی س.ب ........................................................ 115
کۆچ و ڕەوی عەرەب لە یەمەنەوە بەرەو باکوور ........................................................ 121
بەنداوی مأرب ........................................................ 122
هاتنی قصي بۆ مەککە و سەرەتای قۆناخێکی نوێ ........................................................ 128
با لە سەرەتاوە دەست پێبکەین ........................................................ 130
دروستبوونی هۆزی قورەیش و سەرەتای سەردەمێکی نوێ ........................................................ 134
سەبارەت بە کەعبە ........................................................ 142
هۆزی قورەیش لە دوای مردنی قصي ........................................................ 145
سەردەمی عبد مناف و هاشمی کوڕی ........................................................ 147
بازرگانی مەککە کاڵای سەرەتایی بوو ........................................................ 152
عبدالمطلب وەک فەرمانڕەوای مەککە ........................................................ 154
خەونەکانی عبدالمطلب و ........................................................ 158
ئەفسانەی دەوڵەتی ئیسلام ........................................................ 158
خەونی یەکەم ........................................................ 159
خەونی دووەم ........................................................ 160
خەونی سێیەم ........................................................ 161
عبدالمطلب لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی ........................................................ 165
پەیمانی الفضول ........................................................ 167

پێناسەیەکی پەیمانی الفضول ........................................................... 168
پوختەی باس ........................................................................... 170
سەرچاوەکان ........................................................................... 188

زنجیرەی ساخکردنەوەی مێژوو، بریتییە لە ٧ پەرتووک.

١ لە سۆراخی لافاوی نوحدا، هەر لە دۆندی ئاراراتەوە تا قووڵایی دەریای ڕەش

٢ نەبی ئیبراهیم ناوێکی گەورە و ماڵێکی وێران

٣ مەککە لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا

٤ ئیسلام و پاشخانی مێژوویی

٥ ژینگەی نووسینی قورئان و قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

٦ سەرچاوەی ئەفسانە و چیرۆکەکانی قورئان

٧ چەند تیشکێک لە سەر دین و کاریگەرییەکانی لە مێژوودا (کۆمەڵی نووسینی هەمەجۆرن)

# ووتەیەکی پێویست

ئەو مێژووەی چ لە ڕێگای فەرمی. یان لە ڕێگای ئەدەبی کەلەپووری دینەکان، دەگەنە ئێمە. زۆربەیان ڕاستی ڕووداوەکان نین. بەلکوو بریتین لە تارمایی پرۆسەی ئەو ڕووداوانەی، کە لە ڕێگای گێڕانەوەی دەماودەمی سەدان جار، دەگەنە ئێمە. ئەو گێڕانەوانە، هەنگاو بە هەنگاو لە ڕاستییەکان دووردەکەونەوە. و دەمانخەنە گێژەنی لێڵی. تابگرە گومبوونی بنەڕەتی مێژوویی ڕووداوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک شتی بەڵگەنەوێست بوونەتە بەشێک لە مێژووی دین. و ڕۆژانە وەک ڕاستییەکی ڕەها، وەک دیاردەیەکی مێژوویی ڕەوا . و زۆر توند و سەرسەختانە بەرگریان لێدەکرێ. کەچی سەرجەمی چیرۆکەکان دوورن لە ڕاستی. و بێجگە لە ئەفسانەیەکی بێ بنەما، زیاتر نین. ئەو ئەفسانانەش، لە ڕێگای گێرانەوە بە شێوەیەکی ڕەوانبێژی بە جۆش وخرۆشی دینی، بەرگێکی نوێیان لەبەر کراوە. و وەک بەشێک لە مێژوو دەناسێنرێن. لەو ڕێگایەوە بە درێژایی چەند هەزار ساڵی رابردوو. مێژووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان گۆزە بەدەرخون کراون. و باسکردنیشیان بۆتە کارێکی ترسناک و بەزاندنی سنوور.

ئەوەش وایکردووە، کە کێشەی دۆزینەوەی ڕاستی لە پرۆسەی ڕووداوەکانی مێژوو، لەوە سەخترێ، کە بیری لێبکرێتەوە. بۆیە ڕەنگە بۆ گەڕان، بە دوای دۆزینەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، ئەرکی سەرەکی لێتۆژینەوە نەبن. و ڕەنگە جێگای ئەوەندە مشتومڕیش نەبن. بە پێچەوانەوە، لێتۆژەرەوە و مێژوونووس بۆ گەیشتن بە ڕاستی پرۆسەی پەرەسەندنی ڕووداوەکان. و کردنییە بابەتێکی جێی متمانە، دەبێ ئامانجی سەرەکی بەدواداچوونی کێشەی گێرانەوەبێ. یان ئەو کەسانە کێن ڕووداوەکان، یان دیاردەکان دەگێڕنەوە. بە مانایەکیتر

ئەرکی هەرە گرنگی پرۆسەی لێتۆژینەوە، دەبێ دۆزینەوەی توولەڕێ وونبووەکان بێ، چ لە ڕێی کەسایەتیەکان، شوێنەواری دیاردەکە یان ڕووداوەکان خۆیان، کە بوونەتە هۆی ئەو ڕێونکەرە. و ناکۆکی لە گەیشتنە بنەڕەت و دروستی ڕاستی.

کاتی گێڕانەوەکان، چەندین جار لە دوای یەک دووبارە دەبنەوە. ناوەرۆکی ڕووداوەکە هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانی بەسەر دادێ. و هاوکات ڕاستیەکانیش لە ڕەهاوە دەبنە ڕێژەیی. بەو شێوەیە ناتوانرێ، بە پێوانەیەکی زانستی هەڵسەنگێندرێن. و بە ئاسانی تەتەڵە بکرێن. و ئاستی دروستی بگەڕەندرێتەوە ئەو شوێنەی کە جێگای متمانەبێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی دیاردەکە. بەتایبەتی پرسە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانی، پەیوەندیان بە دین و پیرۆزیەکانیەوە هەیە، بەگشتی بریتین لە گێرانەوە و دووبارە گێڕانەوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیش ڕێژەی ڕاستی پرۆسەی ڕووداوەکە کەم دەکا. تا ئاستی کە نەتوانرێ، وەک پێویستە بکرێتە بنەمایەکی جێ متمانە بۆ شرۆڤەیەکی زانستی. بەوەش گومان و دوودڵی ئەنجامی لەیەک ترازانی بەشەکانی ڕووداوەکان، و تێکەڵکردنی خورافات لەگەڵ ڕیالیزم. بۆ گەڕان بە دوای لۆژیک لە پرۆسەی ڕووداوەکان. نادڵنیایی لە دروستی و بێ متمانەیی لەسەر شێوەی ڕووداوەکان، دەبنە فاکتەری بە هێز.

مێژوونووس و لێتۆژەرەوە، بەدوای توونێلەکانی چۆنییەتی گێرانەوەدا دەگەڕێن. تا لەوێوە بتوانن، درک بە و نهێنیە بکەن. کە ڕاستی چالاکییەکی دیاریکراوە، یان ڕۆڵێکی بە مەبەسەت پێدراوە و بەس. ئەگەر توانرا، پەی بەو کۆدە ببردرێ. ئەوا دەتوانرێ ،گێڕانەوە وەک فاکتەرێکی بنەڕەتی بۆ ساخکردنەوەی دروستی و نادروستی دیاردەکە بەکاربێنین. و مانایەکیش بە ڕۆڵی گێڕانەوە ببەخشرێ. لەلایەکیتریش بەراورد لەگەڵ سەرچاوە و دۆکۆمێنتی دەرەوەی بازنەی دین بکرێ. بەم شێوەیە دەتوانرێ سەرەداوێک بۆ ئەو کوێرە ڕێگایایانە بدۆزرێتەوە. تا بتوانن ببنە بنەڕەتێک، بۆ شرۆڤەیەکی بنبڕ و جێ متمانە برەخسێنن.

بۆ ئەوەش پێویستە لێتۆژەرەوە هەم سەرچاوەی هاوچەرخ و جێ متمانەی لەبەردەست بن. و هەمیش مێتوودی زانستی بۆ ئەو بەراوردکاری و هەڵسەنگاندنە، بەکاربێنێ.

مێژووی دینە ئیبراهیمییەکان، یەک لەو گرێکوێرانەیە، کە دۆزینەوەی ڕاستی مێژوویی، و گۆتەی دینی، ئەوەندە تێک هەڵکشاون. ڕەنگە زۆر جار ئەستەمبێ، هەڵاواردنێکی بە ئاسانیی لە نێوان ڕاستی و خەیاڵ بۆ بکرێ. بەڵام بە مێتوودی لێتۆژینەوەی مۆدێرن، و ڕەچاوکردنی لۆژیک، دەتوانرێ بەلای کەمی، ساخکردنەوەیەک لە نێوان ڕاستی و ئەفسانەدا بکرێ. ئەوەش بکرێتە کۆمپاسێک بۆ بە سۆراخ داچوون. و دووبارە تەتەڵەکردنەوەی پرۆسە جیاجیاکانی مێژووی دینەکان. و گەڕاندنەوەی ڕووداو و ڕێچکە لارێکراوەکان، بۆ شوێنی خۆیان. تا بتوانرێ کێشەی گێڕانەوە، جارێکی تر بەشێوەی لۆژیک، و مێتوودێکی زانستیانە بەدواداچوونی بۆ بکرێ. تا بەلای کەمی، دیمەنی ڕووداوەکانی مێژوو، ڕوونتر ببینین. و ناوەرۆکێکی لۆژیکانە وەربگرن[1] .

ئێمە نکۆڵی لە بوونی دیاردەکانی، کەسایەتی و شوێن و ڕووداوە مێژوویەکان ناکەین. ئەوانە لە مێژوودا بوونیان هەبووە. و ڕەنگە مۆرکی بە هێزیشیان لەسەر مێژوو هەبووبێ. زۆر جار ڕێچکەی مێژووشیان بەلایەکدا گوڕیبێ. بەڵام متمانەی ئێمە، سەبارەت بە گێڕانەوە و کەسانی کە دەگێڕنەوە گرنگە. کە تا چ ئاستێک لە سەرچاوەی ڕووداوەکە نزیکن. و چۆن دەیگێڕنەوە. یان تاچ ئاستێک لۆژیک لە گێڕانەوەکەدا هەیە.

لەسەرەتای پەیدابوونی هزری دینی ئیسلام. ئەفسانەکانی پێشینان، و مێژووی ڕووداوەکان، و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان تێکەلکراون. هەر ئەوەش وایکردووە دیاردە مێژووییەکان، بە ئاسانی بکەونە ژێر ڕکێفی چیرۆک و ئەفسانەکانی دین. بەوەش ڕووداوەکان بە نەمانی لینکی

---

[1] 6 lectures given by Michel Foucault at the University of California at Berkeley, Oct-Nov. 1983

نێوان بەشەکانی ڕووداو، و نەگونجانی ڕاستی دیاردەکان، هەم بەهای زانستی، و هەم لۆژیک لە پرۆسەکە لەدەست دەدەن. لە ئەنجامدا دەبنە ئەفسانەیەک، بە درێژایی مێژوو، وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ مەبەستە دینیەکان بەکاردەهێنرێن [2].

لێتۆژەرەوە و مێژوونووس بەدوای کەسایەتی و شوێن و ڕووداوە مێژوویەکاندا دەگەڕێن. نەک باوەڕ (عقیدة). بۆیە ئەوەی گوێبیست دەبین، بەبێ بەڵگە و سەرچاوەی جێی متمانە، ناتوانن ڕاستبن.

مێژووی مرۆڤایەتی لە هەرکوێ بێ، و لە هەر خاڵێکی مێژوویی بێ. گەنجینەیەکی بەهادارە بۆ تێگەیشتن. و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پرۆسەی ڕووداوەکان. و جارێکیتر لە نهێنییە شاراوەکانی هەناوی قووڵبوونەوە. لە رووی جوگرافی، کۆمەڵایەتی، کە کاریگەرییان لەسەر بەردەوامی ژیانی خەڵکی بە هەراو هەبێ.

لە هەمان کاتدا هەندێک شوێن یان ڕووداو هەن، بە باش یان بە خراپ، لە شوێن و ڕووداوەکانی تر. بۆ ئێستا و ئایندەی هوشیاری، و بەردەوامی کۆمەڵگە گرنگترن. یەک لەو شوێنانەی کە، ئەوگرنگییەی هەیە شاری مەککەیە. شاریک بە مێژووێکی ئاڵۆز و پیرۆزییەکی گوماناوی، کە تێراپی ئەوە دەکا، ببێتە بابەتێکی گرنگ بۆ لێتۆژینەوەی گەڕان بە دوای ڕاستیدا.

شاری مەککە و پێگەی لە ناو دینی ئیسلام بابەتێک نییە، وا بە سادەیی قسەی لەسەر بکرێ، و یەکلا بکرێتەوە. بەڵکوو بۆ بەدواداچوون، و یەکلاکردنەوەی مێژوو. و پێگەی

---

[2] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 13

کۆمەڵایەتی شاری مەککە، دەبێ لێتۆژەرەوە لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە لێی قووڵبێتەوە. سەرەڕای ئەوە بە بەراوردێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و جوگرافی. بتوانێ، بگاتە دەرئەنجامێکی جێ متمانە.

لەبیری هەر موسوڵمانێک، لە وولاتی حیجاز سێگۆشەیەکی پیرۆز هەیە، کە لەگەڵ گزنگی دەرکەوتن و بڵاوبوونەی دینی ئیسلام، ئەو سێگۆشەیەش دەرکەوتووە. ئەوانەش بریتیین لە شاری مەککە، کەعبەی پیرۆز و هۆزی قورەیش. کاتی باسی هەر یەکەیان دەکەین، ناتوانین ئەویتر ڕەچاو نەکەین. و ڕۆڵی لەناو پرۆسەی پەرەسەندنی پیرۆزیەکانی دینی ئیسلام نەبینین.

ئەو سێ گۆشەیە، پێکەوە ئەفسانەی دینێکیان هەڵناوە. هەریەک لەو سێ گوشەیە گەورەیی لە گۆشەکانی تردایە. بە پشتگوێ خستنی، هەر یەکەیان، لێتۆژینەوە و هەڵسەنگاندنی، پیرۆزیەکانی لاسەنگ دەبن. بە کورتی ئەو سێ گۆشەیە سەرهەڵدان و گەورەییان پێکەوە بەستراوەتەوە. بۆیە لە بەدواداچوون لەسەر هەریەکیان، زۆر یان کەم دەبێ، ڕۆڵی هەردوو ئەوانیتریش لەبەرچاو بگیرێ.

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکانی ئیسلام، شاری مەککە بێجگە ناوەندییەکی مەزن و پیرۆزی دینی، دەبێ پێش هاتن و دوای ئیسلامیش، جۆمگەیەکی بازرگانی جیهانی بەهێزیش بووبێ. ئەو دوو جۆمگەیەش پێکەوە، هەردوو ناوەندی دینی و ناوەندی بازرگانیان پێکهێناوە. و توانیویانە ئەو پێگا کۆمەڵایەتی و دینییە گەورەیە، بدەنە شاری مەککە. و ببێتە شوێنێکی ناوەندی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەش دەرفەتێکی وای بۆ شاری مەککە ڕەخساندووە. کە هەر لە سەدەکانی سەرەتای دەوڵەتی ئیسلام. هۆزە عەرەبیەکانی دوور و نزیک، پەیوەندییەکی پتەو و بەردەوامیان بەم شارەوە هەبووبێ.

بەڵام کێشەی گەورە لێرەدا ئەوەیە، سەرچاوەکانی مێژوو- ، بیۆگرافی - و ڕاڤەکارانی ئیسلام. بەبێ ڕەچاوکردنی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی مێژووی بازرگانی و دینی و کۆمەڵایەتی، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. و هەروەها ڕۆڵی ئیمراتۆرە گەورەکانی ناوچە. و کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی هێزی ئەفرێنەری مێژوو. بە درێژایی تێپەڕبوونی زیاتر لە هەزار ساڵ، بەئارەزووی خۆیان مێژوویەکی ئەفسانەیی و دوور لە ڕاستییان، بۆ ئەو شارە هۆنیوەتەوە. کە مێژووی ڕاستەقینە، و پرۆسەی پەرەسەندنی لەناو تەوژمی ئەفسانەکانی دین گومبووین. لەجیاتی ئەوە مێژوویێکی خورافی، دوور لە ڕاستیان بۆ هۆنیوەتەوە. کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ ببێتە بنەمایەک، کە جێگای متمانەبێ.

یان بە واتایەکیتر کۆشکێکی ئایدیۆلۆژیای دینی، وەک دێوجامەیەک بەکەلاوەی ووتاری کۆنی کۆمەڵایەتیان بنیات ناوە. کە لە ڕێگای ئەفسانەوە، و بە پشتیوانی کاریگەری دین، بە ئاسانی بتوانێ، پرۆسەی مێژوویەکی سرووشتی داپۆشێ.

ئەوەش چ لە ڕێگای ووتاری ئەفسانەیی مێژوونووسانی موسوڵمان. کە بە شێوەیەکی ڕەوانبێژانە، مێژوویان کردۆتە گۆڕەپانێک، بۆ ووتاری ئایدیۆلۆژیایەکی کۆنی هەزاران ساڵ پێشتر. و شاردنەوەی مێژووی ڕاستەقینەی ئەو شارە. تا دەگاتە ئەو ئاستەی ئەگەر ئەستەمیش نەبێ زۆر سەختە سەرچاوە و تۆماری مێژووی بدۆزیتەوە. کە جێگای متمانە بن. و بتوانن دیمەنی پرۆسەی مێژووی ئەو شارە، وەک خۆی بخەنە ڕوو.

ئەو لێتۆژینەوەیەی بەردەست، بریتییە لە بەدواداچوونێک. بۆ دەرباز بوون لەو کۆشکە ئەفسانەییەی مێژوونووسانی موسوڵمان، بۆ شاری مەککەیان دروستکردووە. هەوڵدانێکە بۆ بەراوردکردن. و ساخکردنەوەی مێژووی ڕاستەقینەی شاری مەککە. لە ڕێگای نووسین و ئارشیڤی هێزەکانی ئیمپراتۆری ناوچە، و بەڵگەنامەی دینەکانی تری بێلایەن. کە بتوانن

دەرفەتی ئەوەمان بۆ بڕەخسێنن، لە گۆشەیەکی تری مێژوو، شاری مەککە، و پێگا کۆمەڵایەتی و دینی هەڵسەنگێنین.

تۆمار و بەڵگەنامەی، ئیمپراتۆریە زلهێزەکانی بێزەنتی و ساسانی، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەهۆی بەرابرکێی داگیرکاری و بەرژەوەندی ئابووری. دەتوانن وەڵامی لایەنێکی گرنگی ئەو پرسە مێژووییەیان پێیێ. کە بەشێوەی بێلایەن، گەواهی لەسەر ڕووداوەکانی مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. و سرووشتی ناوچەی حیجاز و شاری مەککە بدەن. بەم شێوەیە دەتوانرێ، دەرفەتی بەدواداچوونێکی مێژووی وەربگیرێ، کە زیاتر جێی متمانە بێ. هەمیش دەرفەتی ئەوە بدرێ. بەراوردێک لە سەر خاڵە هەستیارە مێژووییەکان بکرێ. بۆ ئەوەش پێویستمان، بە بەدواداچوونێکی فراوان و فرە ڕەهەندی هەیە. سەرەڕای ئەوە دەبێ، بە چاوێکی لۆژیک و ڕەخنەگرانە، بتوانین لە لاپەڕەکانی مێژوو و کاریگەریان لەسەر باری جوگرافی و کۆمەڵایەتی ووردبینەوە. ئەوەش بە گەڕان بە دوای چالاکی دینەکانی تر. کە لەگەڵ تۆماری مێژوونووسانی ئیسلام بەراوورد بکرێن. تا لەم ڕێگایەوە، بتوانین بەلای کەمی بگەینە دەرئەنجامێک. کە هەندێک لێلی لەسەر مێژووی ئەو شارە پیرۆزە لادەین.

بۆ ئاسانکردنی ئەم باسە، هەوڵدەدەین مێژووی شاری مەککە، بە شێوەی کرۆنۆلۆژی دابەشی پێنج ڕەهەندی مێژوویی بکەین.

* شاری مەککە و کەعبە لە ڕوانگەی سەرچاوەکانی ئیسلام.
* شاری مەککە بەپێی دەقە پیرۆزەکان (قورئان و تەورات)
* شاری مەککە لە دیدی مێژوونووساندا.
* کۆچ و ڕەوی عەرەب لە یەمەنەوە بەرەو باکوور.
* هاتنی قوصي بۆ مەککە و سەرەتای قۆناخێکی نوێ.

# گریمانەیەکی لۆژیکی

ئایا دەکرێ بە سۆراخی شارستانییەتێکی نوێدا بگەڕێین، تەنیا لەبەر ئەوەی، ئەفسانە باسی دەکا؟ باشە چی وای لە مێژوونووسانی ئیسلام کرد، باوەڕ بەو ئەفسانەیە بێنن؟ ئەگەر ئەوەمان پێ لۆژیکبێ، کەعبە لە دروستکردنی ئیسماعیل و ئیبراهیم بووبێ. بۆ بە هەمان شێوە، نابێ بڵێین، هەڕەمەکانی میسر لەلایەن ئادەمەوە دروستکراون. یان بۆ نەڵێین زیۆس خودای یۆنانی شاری ڕۆمی دروستکرد! ڕەنگە موسوڵمان بڵێ ئەوانە خورافەن. زیوس لە یۆنان بوو. و زۆر لە ڕۆم کۆنتربووە. ئەی بۆ ئیبراهیم لە ئۆڕشەلیم و زیاتر لە دوو هەزارساڵ بەر لە دروستبوونی مەککە، کەعبەی دروستکردبێ، خورافات نەبێ؟

کاتێ مێژوونووس یان لێتۆژەرەوە، لە ئەنجامی بەدواداچوون، هەلومەرجەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگە دەنووسێتەوە، پێویستە بۆچوونەکانی خۆی بە تۆمار و بەڵگەنامەی نووسراو، یان لە ڕێگای شوێنەوارناسییەوە پشتڕاست بکاتەوە. بەبێ بڵگە و سەرچاوەی بنبڕ و جێمتمانە، نووسین هەمیشە ناتەواوە.[3] و ناتوانێ دیمەنی ڕاستەقینەی دیاردەی ڕووداوەکان، خاڵی مێژوویی یان شوێنی جوگرافی بدەنەدەست. بۆیە مێژوونووسانی موسولمان ناتوانن، بەتەنیا ببنە سەرچاوە، بۆ ساخکردنەوەی خاڵەگرنگەکانی مێژوویی.

---

[3] Charles Singer (1984) The short history of scientific ideas to 900, Pp 21

بەبێ لێکدانەوەی زانستی مێژوو، و شوێنەوارناسی، چیرۆکی دروستکردنی کەعبە لە شاری مەککە، تەنیا هۆنینەوەی ئەفسانەیە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێشتر. تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە عەرەب نەوەی ئیسماعیلن. ئەگینا کەعبە هەبووبێ یان نەبووبێ. ئەو کاریگەرییەی لە سەر سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئیسلام نییە. لە بەرامبەر ئەوە زیاتر ڕەواج دانە بە هەندێ خورافات، بۆ پتەوکردنی ڕەچەڵەکی هاگەریزم[4].

هەر ئەوەشە وای کردووە، هەر شتێک بەر لە ئیسلام هاتبێ. و سوودی بۆ بەهێزکردنی تیوریی هاگەریزم و جیهانی دینێکی عەرەبی هەبووبێ، دەستبەجێ کراوەتە چیرۆکێکی پەڕجوو ئاسا. و تا دەکرێ بۆ پتەوکردنی ئەفسانەی خودایی، و کاریگەری زیاتری پەرەی پێدراوە. ئەفسانەی دروستکردنی کەعبەش، لە شاری مەککە لەلایەن ئیسماعیل و ئیبراهیم، لەبەر هۆکاری دینی و سیاسی بووە. تا بگرە ئەگەر دووریش بێ لە ڕاستی، و ئەفسانەیەکی دروستکراویشبێ، لەگەڵ ئەوەشدا، وەک ڕووداوێکی ڕاست و بەڵگە نەویست باوەڕی پێ هێنراوە. و بەردەوام شانازی پێوەدەکەن[5].

شتێکی تری لەوەش نالۆژیکتر، ئەوەیە. هەر لەکاتی دەرکەوتنی ئیسلام و دواتریش، بەردەوام دەڵێن: ئیسلام بۆیە هاتووە، دینی ئیبراهیم نوێ دەکاتەوە. لێرەدا باوەڕی مەسوڵمانان، وا ڕاهێنراوە، کە دینی ئیبراهیم دینێکی عەرەبی کۆن بووە. دواتر لە بەر خراپەکاری، گەڕاونەتەوە سەر بوتپەرستی. تەنیا تاک و تەرایەکیان نەبێ، جارجارە بەرگریان لێکردووە. و لەسەر ڕێبازی ئیبراهیم بەردەوام بووین. و قسەکانیان وەک ئیسلام وان. خورافاتی لێکدانەوەکانیش دەڵێن ئەوانە پەیڕەوکارانی ئیبراهیم بووین. و دینی ئیبراهیمیش ئیسلامە[6].

---

[4] هاگەریزم یان ڕەچەڵەکی ئیسماعیل. کە مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان هەمیشە وەک بەڵگە بۆ ڕەسەنایەتی عەرەب و گەڕانەوەی بۆ سەر ئیبراهیم بەکاری دێنن.

[5] طه حسين () فى الشعر الجاهلى ص ٢٨ – ٢٩

[6] النعمانى، شاكر فضل الله. النقد الكتابى للقرآن ص ٨١

لە ڕاستیدا شتێک نییە بە ناوی کەلەپووری ئیسلامی ڕەسەن، کە خاوەنی بنەڕەتێکی فەلسەفی خۆی بێ، و پاشخانێکی پتەوی خۆی هەبووبێ. بە پێچەوانەوە، بەبێ تێکەڵاوبوونی هێزی داگیرکەری عەرەب، لەگەڵ نەرێت و کولتووری یەهودی، شتێک بەناوی شارستانی ئیسلام بوونی نەدەبوو. بەو شێوەیەش هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر کەلەپووری چاخە کۆنەکان، بەشێک بوو لەو نرخەی کە دەبوایە بیدا. ئەوەش لە بەرامبەر تێکەڵاوبوونی نێوان هێزی داگیرکەر و نەرێت و کولتووری نەتەوە و دینەکانی تر، بە تایبەتی یەهودی. قۆناخی یەکەمی دوای داگیرکاری. هەنگاوێک بوو بۆ چوونە ناو ئەو تێکەڵاوییە. و وەرگرتنی نەرێتی کولتوورەکانی وولاتانی داگیرکراو. ئەوە هەنگاوەش وەک پەرەسندنی لاوەکی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش ئەگەر هێزە داگیرکەرەکە، بە ڕاست هاگەری بوان و بە ڕێگایەکیتری سەربەخۆ پەرەیان سەندبا. ئەو شێوە پێشبینیانەی، لە دەرەوەی بازنەی مێژووی پەرەسەندن چۆن دەبوون؟ بە مەرجێ هیچ لە بەهای پەرەسەندنی کەلەپوور و نەرێتەکانی خۆیان بگۆڕن[7].

وەڵامی ئەم پرسیارە، و کۆمەڵێ پرسیاری تر. دەکرێ لەم بابەتە و بابەتەکانیتری ئەم پەرتووکە تاو و توێ بکرێ.

[7] Patricia Crone ،Michael Cook (1977) Hagarism. The making of the Islamic world. Cambridge University Press. Pp 130

# شاری مەککە و کەعبە
# لە ڕوانگەی سەرچاوەکانی ئیسلام

پرسی شاری مەککە و مێژووی دروستبوونی، لەناو ئەدەبیاتی دینی ئیسلام، وەک ڕیسێکی ئاڵۆزی لێهاتووە. تا سەرچاوەکانی بیۆگرافی - و مێژوونووسانی موسوڵمان دەخوێنیتەوە، کێشەکە خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێ. بە ئارەزووی خۆیان، لە ناو تۆمارەکانیان مێژوویەکیان بۆ شاری مەککە هۆنیوەتەوە. کە بۆ خوێنەر تەنیا ڕێ وونکەرەیە. و مایەی سەرلێشێوان و سووڕانەوەیە لە ناو بازنەی چەندین تیوری کە هیچیان جێگای متمانە نین. ئەو ڕێچکەیەی مێژوونووسانی ئیسلام گرتوویانەتەبەر. مەزەندەی ئەوە دەکرێ. تاکە مەبەستیان، دروستکردنی مێژوویێکی خەیاڵی بێ. بۆ پەردە پۆشکردنی مێژووی ڕاستەقینەی ئەو شارە.

شتێکی ڕوونە کە شاری مەککە، لە ڕوانگەی مێژوو- و بیۆگرافینووسانی موسوڵمان. بە مەزنترین، و دێرین ترین شوێنی پیرۆز دادەنرێ. لە ئەدەبیاتی دینی ئیسلام، بە سەدان جار بە شێوەی جۆراوجۆر ناوی هاتووە. و بە سەدان چیرۆکی سەیر و سەمەرەی لەسەر هۆنراوەتەوە. هەرچەندە ئەو چیرۆکانە، نەبەڵگەیەکی زانستی بێلایەن، پشتڕاستیان دەکاتەوە. نە دەتوانرێ وەک بنەمایەکی لۆژیکی، سەیریان بکرێ. و بە هیچ شێوەیەک ناتوانن جێگای باوەڕبن. و تەنیا بۆ گەورەیی ئەو شوێنە، و پیرۆزی لەلای موسوڵمانان هۆنراونەتەوە. هەر بۆیە ئەگەر بێلایەنانە و بە هوشیاری بەناو لاپەڕەکانی ئەو پەرتووکانە

دابڕۆین. زۆر بە ئاسانی درکی پێدەکرێ، ئەو چیرۆکانە، تەنیا ئەفسانەی خەیاڵی ئەو کەسانەن و هیچیتر. و ناتوانن ببنە مایەی باوەڕ پێکردن.

## ئەفسانەی دروستبوونی کەعبە

گەورەیی شاری مەککە، لە بوونی کەعبەدایە. بۆیە کاتی باسی مێژووی شاری مەککە دەکەین، دەبێ بەر لە هەموو شتێک، ڕەچاوی مێژوو و بیۆگرافینووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان بکەین. چیان لەسەر کەعبە نووسیووە. هەر بۆیەش، یەکەم هەنگاوی ئەم باسە، ئەگەر بە کورتیش بێ. دەبێ لە گۆشەنیگای مێژوونووسانی موسوڵمانەوە، سەیرێکی مێژووی دروستبوونی کەعبە لە شاری مەککە بکەین.

مێژوونووسانی موسوڵمان، هەر یەکەیان بە ئارەزووی خۆی، دەربارەی دروستکردنی کەعبە نووسیوویانە. بە جۆرێک ئەفسانەیان هۆنیوەتەوە. کە هەر خۆیان، گریمانەکانی یەکتری ڕەتدەکەنەوە. ئەوەش وایکردووە، کێشەی لێکدانەوەی مێژووی شاری مەککە و کەعبە بۆ خۆیان ببێتە مێژوویێکی ئەوەندە ئاڵۆز، و نەتوانن، ببنە خاوەنی وەڵامێکی لۆژیکی و یەکلاکەرەوە. بۆ مێژووی شارێکی هەرە پیرۆز و بەناوبانگی دینی لە جیهانی ئیسلام. وەڵامێک کە مرۆڤ بیخوێنییەوە، بتوانێ وەک دەرئەنجامێکی یەک لایەن تێی بڕوانێ.

لێرەدا لەتوانا دانییە، گشت ئەو چیرۆکە خەیاڵیانەدا دووبارە بگێڕدرێنەوە، کە مێژوونووسانی موسوڵمان نووسیویانن. بۆیە تەنیا چەند نموونەیەکیان، لێرە دەخرێنە ڕوو.

هەندێک مێژوو نووسی موسوڵمان دەڵێن، دوو هەزار ساڵ، پێش دروستبوونی گۆی زەوی، کەعبە لەلایەن فریشتانەوە بە فەرمانی خودا دروسکراوە. و پایەکانی لەسەر ئاوی وەک ڕۆنی سپی بووە. و پێیەوە گیربووە.

ئەو مێژوو نووسانە لەم ئەفسانەیەدا، پشت بە ئەفسانەیەکیتر دەبەستن. گوایە خودا، لە فریشتان تووڕە بووە. و پێی گوتوون: من لەسەر زەوی جێنیشینێک دادەنێم. ئەوانیش گوتوویانە: ئەوەی لەوێ دایدەنێی خراپەی تێدا دەکا، خوێنی تێدا دەڕێژێ و ئێمە حەمد و سەنای تۆ دەکەین. خودا لە فریشتەکان تووڕەبووە. کاتی فریشتەکان سەریان بەرزکردەوە بە گریانەوە، بە پەنجە ئاماژەیان کرد و داوای لێبووردنیان لە خوداکرد. ئەوسا حەوت جار بەدەوری تەختی خودا سووڕانەوە، هەروەک ئێستا خەڵکی بە دەوری کەعبە دادەسووڕێنەوە. و دەڵێن: لبیک اللهم لبیک ...... هتد[8].

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، دوو هەزار ساڵ بەر لە دروستبوونی زەوی، خودا خەریکی دانانی جێنیشینێکە لە سەر زەوی. نالۆژیکی ئەو چیرۆکە لەوە دایە. هێشتا خانووی نییە، شەڕ لەسەر کرێچی دەکا. هێشتا دیار نییە لۆژیکی ئەم چیرۆکە لە چیدایە؟ نەدەبوو زەوی هەبوایە، ئەوسا خودا بیری لی جێنیشین بکردبایەوە. من دڵنیام موسوڵمان یەکسەر دەڵێ: .الله أعلم.... ئای کە وەڵامێکی سادە و ئاسانە

لەلایەکیتر العمری، لە قتادە دەگێڕێتەوە. کە ئەو کاتەی ئادەم لە بەهەشت دەرکراوە، (بیت) کەعبەش وەک بارگەیەک، لەگەڵی دابەزیووە[9]. هەرچەندە ناڵی ئایا شاری مەککە هەبووە، یان بە هۆی کەعبەوە شاری مەکەش دروست بووە. و پەرەی سەندووە.

---

[8] الخربوطلی، الدکتور علی حسنی (١٩٨٦) الکعبة علی مر العصور. الطبعة الثانیة. دار المعارف ص ٧ ــ ٨

[9] العمری، ابن فضل الله العمری، شهاب الدین بن یحیی (٢٠١٠) مسالک الأبصار فی ممالک الأمطار. المسالک و الأثار و الأقالیم. الجزء الأول. ص ٩٣

لە شوێنێکی تر العمری هەر خۆی ئاماژە بەوە دەکا. کە ئادەم یەکەم کەس بوو، کەعبەی دروستکرد. کە تا ئەو دەمە کەعبە دروست نەکرابوو. و بریتی بوو لە ڕەشماڵێکی یاقووتی سوور. کە ئادەم سەردانی دەکرد[10].

هەمان مێژوونووس دوو زانیاری لەسەر درووستبوونی کەعبە دەدا. بۆی ساخ نەبۆتەوە، خودا کەعبەی لەگەڵ ئادەم نارد. یان دوای هاتنی یەکەم جار ڕەشماڵ بووە دوایی، ئادەم خۆی دروستی کرد.

کەچی بەپێی گێڕانەوەی ابن قوتەیبە، هەندێ زیاتر دادەبەزێ و دەنووسێ، کەعبە نابێ لەسەردەمی ئادەم هەبووبێ. بەڵکوو شیت کوڕی ئادەم دروستی کردووە، نەک ئادەم. بەڵام بەبێ ئەوەی زیاتر، بۆمان ڕوونبکاتەوە[11]. چۆن و بە فەرمانی کێ؟

دوایی دەبینین الدورسی، لە پەرتووکی (بناء الكعبة) گشت ئەو گریمانانە ڕەتدەکاتەوە. و بە خورافاتیان دادەنێ. و دەنووسێ:

> هیچ بەڵگەیەکمان لەبەر دەست دا نییە، کە فریشتە کەعبەیان دروستکردبێ. تەنانەت دروستکردنی کەعبە لەلایەن ئادەم و شیت کوڕی ئادەمیش لە ڕاستی بەدوورن.

بەپێی لێکدانەوەی الدورسي، مادام لە قورئان باسی دروستکردنی کەعبە نەکراوە. ناتوانرێ وەک باوەڕ، یان لە ڕووی مێژووییەوە، ئەو دەربڕینانە پشتڕاستبکرێنەوە. ئەوەی لای

---

[10] هەمان سەرچاوە ص ٩٤

[11] إبن قتيبة أبى محمد عبدالله بن مسلم (١٩٣٤). المعارف لأبن قتيبة. الطبعة الرابعة. دار المعارف. ص ١٠

الدورسی گرنگە. و پشتڕاستی دەکاتەوە. ئەفسانەیەکیترە. کە دەبێ دروستکردنی کەعبە لەلایەن ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی بووبێ. بۆ ئەو ڕایەشی پشت بە دەقی قورئان سەبارەت بە (مقام إبراهيم) دەبەستێ[12].

ئەو بۆچوونەی الدورسی، چیرۆکێکی ئاشنایە. و بە شێوەیەکی گشتی، سەرجەمی مێژوونووسانی موسوڵمان لەگەڵی هاوڕان. کە دروسبوونی کەعبە، بە چیرۆکی هاتنی ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی دەبەستنەوە. هەڵبەتە لە جیهانی ئیسلام. و زۆربەی هەرە زۆری موسوڵمانان، لەم ڕۆژگارەدا، ڕایان وایە کە ئیبراهیم کەعبەی دروستکردووە. ئەوانە دەڵێن ئەو شوێنەی ئیبراهیم و هاگەر و ئیسماعیل لێی دابەزیون. و دواتر ئیبراهیم ماڵئاوایی لێکردوون و گەڕاوەتەوە. دۆڵێکی ووشک و گەرم و بێ ئاوو بووە. شوێنی کەعبەش بریتی بووە لە خۆڵێکی سوور. تەنانەت ئیبراهیم، فەرمانی بە هاگەر کردووە، کە سایەبانێک دروستبکا. و بیکاتە ماڵی خۆی[13].

ئەوەی زیاتر جێگای سەرسوڕمانە، لە (موسوعة تاريخ الإسلامي) لە ساڵی ٢٠٠٩ س.ب بڵاوبۆتەوە. هەرچەندە دەبوایە، وەک ئینسکلۆپێدیایەک، زیاتر شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لە نووسین هەبوایە. بەڵام هەمان چیرۆک بەبێ بیرکردنەوە دووبارە دەکاتەوە. کە گوایە بەر لە هاتنی ئیبراهیم و ئیسماعیل، ئەو شوویەنە زەبەلاحی ( (Giantتێدا دەژیان. ئەو کاتەی ئەوان لە مەککە گیرسانەوە، خاکەکەی لە بەرزاییەکی سوور (سۆرک) پێکهاتبوو.

پاش ئەوەی ئیبراهیم، هاگەر و ئیسماعیلی بەجێهێشتن، بۆ ئەوەی لە مەککە نیشتەجێبن. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، تێنێوێتی تینی بۆ ئیسماعلی ساوا هێنا. و بڕستی لەبەر بڕیبوو.

---

[12] الدورسی، أ.د محمود بن أحمد. بناء الكعبة، ص ١

[13] الخربوطلی، الدكتور علی حسنی (١٩٨٦) الكعبة علی مر العصور. الطبعة الثانية. دار المعارف ص ١٢

دوایی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێ. کە لەو دۆڵە ووشک و چۆڵە، خۆراک و ئاویان نەما. منداڵەکە لە برسان و تێنوێتی، گریان و هاواری لێ هەڵسا. هاگەر لەوە دەترسا منداڵەکەی لەبەر تێنوێتی، و لە برسان بمرێ. بۆیە بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئاودا ڕۆیشت. حەوت جار لە نێوان سەفا و مەروادا ڕایکرد. تا لەبەر ماندوێتی هێزی لەبەر بڕا. و بە ناچاری گەڕایەوە. دڵەڕاوکێی بوو، نەیدەزانی ئیسماعیل چی بەسەر هاتووە. ماوە یان مردووە. بەڵام کە گەڕایەوە، بینی منداڵەکە، بەپێ ئەوەندەی لە زەوی داوە. سەرچاوەیەکی ئاو دەرچووە. بیری زەمزەم[14] دەرکەوت. بە ئیسماعیل و دایکی لە مردن ڕزگاریان بوو[15].

دوای ئەوەی هاگەر و کوڕەکەی تێر ئاویان خواردەوە، هاگەر بەردی لەبەر دەم ئاوەکە دانان، تا ببێتە گۆمیلکەیەک و ئاو گیرداتەوە.

لە ناکاو بینیان باڵندەیەک بە باڵە فڕە، بە دەوری گۆمیلکەکە دا دەسووڕێتەوە. بیریان کردەوە. دەبێ لێرە ئاوەدانی هەبێ و خەڵکی لێ بژیێ. لە ناکاو خەڵکەکە ڕوویان لەو شوێنەکرد. و مۆڵەتیان لە هاگەر وەرگرت، تا لەوێ تێنوێتی خۆیان بشکێنن و بحەسێنەوە. دوای حەسانەوەیان، داوایان لە هاگەرکرد، ئەگەر بتوانن لەو شوێنە نیشتەجێبن. هاگەریش مۆڵەتی دانێ. و ئەوانیش هەواڵیان بۆ بنەماڵەی خۆیان نارد، کەبێن ئاوەدانی پێکبێنن، هەموویان لەوێ جێگیربوون.

ئیسماعیل لەو کۆمەڵگە نوێیە، تێکەڵاوی و ئاشنایەتی لەگەڵ خەڵکەکە پەیداکرد. دوای تێکەڵاوییەکی نزیک و یەکتری ناسین. ئیسماعیل هەر لەوان هاوسەرگیری کرد. بەپێی ئەو

---

14 بیری زەمزەم لەلایەن عبدالطلب باپیرەی محمد هەڵکەنراوە. بۆیە بوونی لەو سەردەمە تەنیا خورافاتە.

15 إبن مسعود، أبى الحسن على بن حسين بن على. مروج الذهب و معادن الجوهر. الجلد الأول. المطبعة التجارية ص ٤٦

سەرچاوەیە، بیری زەمزەم بنەڕەتی سەرەتایی ئاوەدانی و شارستانی بوو، لە مەککە و لە ناوچەکە[16]

هەروەها تەبەری دەگێڕێتەوە کە خودا جوبرائیلی نارد. ئەو بیرە بتەقێنێتەوە. لە هەمان کاتدا جوبرائیلیش موژدەی گەڕانەوەی ئیبراهیمی دایە هاگەر[17].

کەچی إبن مسعود، لە بەرگی دووەمی پەرتووکەکەی (مروج الذهب)، لە بیری چووە ،کە ئەو شوێنەی ئیبراهیم، هاگەر و ئیسماعیلی کوڕی بەجێهێشت . دۆڵێکی ووشک و بێ ئاو بووە. بەو مانایەش دەبێ چۆلەوانی بووبێ. ئەوجارە دەنووسێ: ئیبراهیم، هاگەر و ئیسماعیلی کوڕی لە مەککە نیشتەجێکردن. بەو مانایەبێ دەبێ مەککە ئاوەدانی بووبێ، نەک چۆلەوانییەکی ووشک[18].

لە نێوان دوو مێژوونووسی بەناوبانگ و جێمتمانەی موسوڵمانان. مەککە بۆتە مەتەڵێک، لە نێوان چۆلەوانی یان ئاوەدانی. ئەوەش وایکردووە. کە کەعبە و مەککە لە نێوانی بوون و نەبوون. لای موسوڵمانان زیاتر کێشەی ساخکردنەوەی مێژوویی و پەرەسەندنی ئاڵۆزبێ.

أبن سعد بەوەش ناوەستێ. لە پەرتووکی (الطبقات الکبری) بۆمان دەگێڕێتەوە. کە ئیبراهیم بە سواری بوڕاق، ئیسماعیلی لە پێش خۆی و هاگەریش لە پشتی سوارکردبوو. پێکەوە هاتوونەتە مەککە. لە تەنیشت (بیت) ئیسماعیل و دایکی دابەزاندوون. خۆی بەرەو

---

16 عبدالحکیم، الكعبي (٢٠٠٩) موسوعة تاريخ الإسلامي جلد ١، عصر النبوة، دار أسامة للنشر و التوزيع الأردن- عمان ص ٤٤

17 تاريخ الطبری. تاريخ الأمم و الملوک المجلد الأول. دار الکتب العلمیة. بیروت. لبنان ص ١٧٩- ١٨٢

18 مروج الذهب ج ٢، ص٤٧

شوێنێکیتر ڕۆیشتووه[19]. به پێی هەندێک له کەلەپووری ئیسلام، بوڕاق ووشتری بالدار بووه. [20]

ئەوەی لەو دەربڕینه ئەفسانەییه جێگای سەرنجه، گرنگ نییه بوڕاق ووشتربێ یان ئەسپی بالدار بێ. ئەوەی گرنگه زۆر پێشتر ووشتری باڵدار له ئەفسانەی دینی زەردەشتی ناوی هاتووه. له پەرتووکی دینکارد که دەقێکی قانونی ئاوێستا یه، به زمانی پەهڵەوی، به ڕوونی ئەوه هاتووه.که کەیخوسرەو پەیامبەری ئەفسانەیی، خودای ئەوی به هەوادا، لەسەر شێوەی ووشترێکی باڵدار، گەیاندۆته ئەو شوێنەی که پێی دەڵێن جیهانی ئەفسانەکانی شکۆمەندان. و جێگای نیشتەجێ بوونیانه.[21]

به پێی ئەو دەربڕینەی إبن سعد، دەبێ مەککه ئاوەدانی بووبێ. و کەعبەش وەک شوێنێکی پیرۆز، زووتر دروستکرابێ. که ئیبراهیم و بوڕاق یەکسەر ناسیویانەتەوه. و لەوێ دابەزیون. ئەوسا بۆ شوێنێکیتر ڕۆیشتوون.

تەبەری کێشەکه لەخۆی و لەوانی تریش ئاڵۆز دەکا. و له ابن اسحاق دەگێڕێتەوه: جوبرائیل وەک ڕێنیشاندەر، ئیبراهیمی له شامەوه هێنایه حیجاز. بۆ ئەوەی مەککەی پیشان بدا. تا کەعبەی لێ دروستبکا[22]. هەرچەنده ناڵێ به تەنیا بوو یان ئیسماعیل و هاگەری لەگەڵ بوون یان نا.
ئیتر نازانین بەیت (کعبة) هەبووه یان نا؟ ئەی باشه ئیبراهیم، لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی چیان دروستکرد؟

---

[19] بن سعد، أبو عبدالله محمد (٢٠٠١) کتاب الطبقات الکبیر. جزء الأول. ڨ سیرة النبویة. تحقیق الدکتۆر علی محمد عمر. الناشر مکتبة الخانجی بالقاهرة. ص ٥

[20] Amari, Dr. Rafat (2004) Islam in light of History. Pp.100

[21] *Dinkard*-Book IX, Chapter XVIII, 2-7

[22] تاریخ الطبری ج٢، ص ١٧٦

ئەگەر خودا ماڵی هەبوو، چی پێویستی با ماڵ دروستکردن بوو؟ نازانین ئەو ناوچە ووشک و چۆڵەوانییەی مەککە، چی بەسەرهات؟

سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکیانە، نووسەرانی موسوڵمان لە چیرۆکەکانیان، هەر بەردەوام دەبن و دەنووسن:

کاتی ئیبراهیم گەڕایەوە. لەو کاتەدا ئیسماعیل تەمەنی گەیشتبووە ٣٠ ساڵ. ئەو جارە خودا فەرمانی بە ئیبراهیم کرد. ماڵێکی بۆ بنیات بنێ. باوک و کوڕ، لە سەر فەرمانی خودا. و بۆ بنیاتنانی ماڵێک بۆ خودا، هاوکاریانکرد[23].

تەبەری دەنووسێ کاتی ئیبراهیم بینی ئیسماعیل توانای لە پاڵ ئاوی زەمزەم[24] وای لێهاتووە، فەرمان بەرداری کاری قورس بێ. پێی گوت:

ئەی ئیسماعیل خودا فەرمانی پێکردووم، ماڵێکی بۆ دروست کەم.
ئیسماعیل گوتی: ملکەچی فەرمانی خودا بە.
ئیبراهیم گوتی: کەواتە فەرمانت پێدەدەم. یارمەتیم بدەی.
ئیسماعیل گوتی: وادەکەم.
ئیبراهیم دەستی بە بنیاتنانی ماڵی خوداکرد. و ئیسماعیلیش بەردەستی دەکرد. و بەردی بۆ دەهێنان. کاتی ماڵەکە بەرزبووەوە. ئیبراهیمی پیر توانای بەرزکردنەوەی بەردەکانی کەمتر بوو. و لەسەر بەردێک وەستا. ئەوەش ناوی (مقام إبراهيم)ی لێنرا[25].

---

[23] الخربوطلی، الدکتور علی حسنی. بناء کعبة. دار الجمل. بیروت. ص ١٩
[24] بیری زەمزەم، لەو سەردەمە نەبووە. لەبەر ئەوەی، ئەو بیرە عبدالمطلب هەڵیکەندووە.
[25] تاریخ الطبری. تاریخ الأمم و الملوک المجلد الأول. ص١٨٢دار الکتب العلمیة. بیروت. لبنان

پرسی کەعبە لای موسوڵمانان لە ناو گێژەنی ئەفسانەی دروستکراودا دەسوورێتەوە. لە هەر شوێنێک ئەفسانەیەک گیریکرد، ئەوا بە ئەفسانەیەکیتر ڕێکی دەخەن. خۆیان سەریان لە خۆیان شێواندووە. لە بەر ئاڵۆزی ڕیسەکەیان، خۆیان بەرپەرچی خۆیان دەدەنەوە. کە وەڵامەکان ناتوانن، لەگەڵ یەک بێنەوە. سەرجەمی کێشەکە بە (اللّٰه أعلم) کۆتایی پێ دێنن.

# بەردە ڕەشەکە

چیرۆکی بەردە ڕەشەکە، ئەگەر لە چیرۆکی کەعبە سەیرتر نەبێ، هیچی لەو کەمتر نییە. بابزانین مێژوونووسانی ئیسلام چۆن باسی دەکەن. [26]

یەکەم فەرموودەیەکی پەیامبەری ئیسلام سەبارەت بە بەردە ڕەشەکە فەرموویەتی :

> بەردە ڕەشەکە، لە بەهەشت دابەزیووە. لە ماست سپیتر بوو. تاوانەکانی مرۆڤ ڕەشیانکرد[27].

چیرۆکی بەردە ڕەشەکەش، بە هەمان شێوەی چیرۆکی کەعبە بریتییە لە ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. بە پێی گێڕانەوەی الخربوطلی، گوایە لە کاتی ئیبراهیم دیوارەکانی کەعبەی بە بەردی گرانیت دروست دەکرد. دەیەویست، ئەو شوێنە نیشان بکا. کاتی خەڵک سەردانی کەعبە دەکا، ڕوو لە کام گۆشەی حەرەم بکەن. بۆیە بڕیاری دا. دەبێ بەردێکی جیاواز بێ، کە بناسرێتەوە. ئیسماعیلی نارد، تا بگەڕێ. و بۆ ئەوەی بەردێکی جیاواز لە بەردەکانیتر بدۆزێتەوە.

ئیسماعیل ئەم سەر و ئەوسەری مەککەی کرد، هیچ بەردێکی بە پێی ڕاسپێریەکەی باوکی نەدۆزییەو. لەو کاتەی ئیسماعیل بە دوای دۆزینەوەی بەردێک دادەگەڕا. جوبڕائیل دابەزی

---

[26] سەبارەت بە کەعبە و بەردە ڕەشەکە، دواتر لە ڕووی مێژووی بۆیان دەگەڕێینەوە.

[27] الألباني، محمد ناصرالدين (٢٠٠٠) سنن الترمذي، رقم: ٨٧٧، ص ١١٢، الطبعة الأولى. مكتبة المعارف للنشر و التوزيع الرياض. ص ١١٢

و بەردێکی دایە دەستی ئیبراهیم. کاتێ ئیسماعیل بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە، ئیبراهیم پێی گوت. ئەو بەردە ڕەشە، بەردی بەهەشتە. جوبرائیل بۆی هێنام[28].
ئەگەر بەردەکە هەر لە سەرەتاوە ڕەش بووبێ، کەواتە فەرموودەی پەیامبەریش، هەروەک مێژووناسانی موسوڵمان، بە ئارەزووی خۆی بووە.

[28] الخربوطلی، علی حسنی (١٩٨٦) الكعبة علی مر العصور. الطبعة الثانية. دار المعارف. ص ١٨

# شاری مەککە بەپێی دەقە پیرۆزەکان
## هەردوو قورئان و تەورات

بیۆگراف - و مێژوونووسانی موسڵمان، بەردەوام دەڵین قورئان لە مەککە بۆ پەیامبەر دابەزیووە. گشت پەیامەکانیشی لە سەرەتا بۆ خەڵکی مەککە و قورەیش بووین، دواتر بۆ بەشەکانی تری دوورگە بڵاوبۆتەوە. کەچی بە خوێندنەوەیەکی ووردی ئایەتەکانی قورئان بۆمان دەردەکەوێ، پرۆسەی نووسینی قورئان پێچەوانەیە.

لەم بەشەدا هەوڵدەدرێ، بەراوردێکی ئایەتەکانی قورئان لەگەڵ ژینگەی جوگرافی و ئاووهەوای مەککە بکرێ. و نیشانەکانی گشتیان ئاماژە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەن کە نوێنەرانی دینی ئیسلام بانگهێژی بۆ دەکەن. لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان، ئەوە دەیسەلمێنن، کە بەردی بناخەی دینی ئیسلام لە شاری مەککە دانەمەزراوە. بە واتایەکیتر دەقەکانی قورئان، گوزارە لە شاری مەککە و ئەو ژینگەیە ناکەن، کە ئایەتەکان باسی دەکەن. لەجیاتی ئەوە گریمانەی ئەوە دەکرێ. کە دواتر شاری مەککە وەک شوێنێکی دوورەدەست، بۆ خۆپاراستن، لە هێرشی ئیمپراتۆری ڕۆم. پەنای بۆ بردرابێ. ئەسا بوویێتە ئەو شوێنەی موسوڵمانان بە پیرۆزی دادەنێن.[29]

[29] ئەو باسە دواتر بە درێژی لە شوێنی خۆی بۆی دەگەڕێینەوە.

# ١ مەککە لە قورئاندا

هەرچەندە قورئان وەک پەرتووکی باوەڕ (عقيدة)، ناکرێ وەک سەرچاوەیەکی زانستی وەربگیرێ. بەڵکوو دەبێ لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی دین، هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ. سەرەڕای ئەوەش، لە ڕووی زانستی مێژووییەوە، سەرچاوەیەکی بێلایەن نییە. و زانیارییەکانی وەک بەڵگەی زانستی، جێمتمانە نین. ناتونرێ بۆ پشتگیری یان ڕەتکردنەوەی هەر دیاردەیەکی مێژوویی، جوگرافی و کۆمەڵایەتی و زانستی بەکاربێن. کەچی لەگەڵ ئەوشدا، دەکرێ ناوەرۆکەکەی سەبارەت بە دیاردەیەکی دیاریکراو، بکرێتە ئامانج بۆ لێکۆڵینەوە. و هەڵسەنگاندنی بەپێی بنەما و مێتودە زانستیەکانی هاوچەرخ. ئەوەش ڕەنگە لێکدانەوە و بەراوردکردنی، ناوەرۆکی ئایەتێک بێ، سەبارەت بە مێژوو، شوێن یان ڕووداوێک، کە لە ناو دەقەکانی دا هاتبێ.

لەم باسەدا، سەبارەت بە شاری مەککە و لێڵی مێژووەکەی. لە ناو مێژوونووسانی موسوڵمان. قورئان وەک سەرچاوەی یەکەم، و پەرتووکی پیرۆزی دینی ئیسلام. گشت مێژوونووسانی موسوڵمان وەک سەرچاوەی باوەڕ و بەڵگەنەوێست بۆی دەگەڕێنەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە. دەکرێ لێکدانەوە بۆ ئەو دەقانە بکەین، کە باسی مەککەیان تێدا کراوە. دواتر بۆ وەدەستهێنانی، تێگەیشتنێکی لۆژیکی، بەراوردی لەگەڵ پەرتووکە دینییەکانی تر بکرێ. ئەو کارەش بۆ ئەو باسەی بەردەست، سوود بەخش دەبێ. هەر بۆیە بابزانین قورئان دەربارەی شاری مەککە چی دەڵێ.

لە سەرجەمی سورەتەکانی قورئان، ناوی مەککە دوو جار هاتووە. ئەم دووجارەش لە دوو سورەتی آل عمران و سورەتی الفتح. لە هەر یەکیان ناوەکە جیاواز هاتووە (مەککە و

بەککە). ئەوەش جێگای هەڵوێستەکردنە، کە تێگەیشتن و گەیشتنە دەرئەنجام، پێویستی بە زیاتر لێووردبوونەوە هەیە.

## مەککە

لە قورئاندا تەنیا یەک جار ناوی مەککە هاتووە، ئەویش بریتییە لە باسی شەڕگەیەک، کە دیندارەکان لێی سەرکەوتوون.

القرآن الكريم - سورة الفتح ٤٨: ٢٤

> هەر ئەو بوو، ئێوەی لە دەستی وان پاراست و ئەوانیشی لە ئێوە پاراست.
> کاتی لە ناو مەککە ئێوەی بەسەریاندا سەرخست. ئێوە هەر کارێکتان دەکر
> خودا دەیدی (٢٤)

هەرچەندە لەم ئایەتە ناوی مەککە هاتووە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕوونی ناکاتەوە دەکەوێتە کوێ. و چی بووە شار، گوند یان تەنیا شەڕگەیەک بووە لە چۆڵەوانی. سەبارەت بەو سەرچاوانەی، لە سەردەمی محمدیش چ سیاسی یان جوگرافی یان مێژوویی نووسراون، سەبارەت بە ناوی مەککە، دەستناکەون یانیش خۆیان لێدەبوێرن و بێدەنگن. سەرەڕای ئەوە لە هیچ سەرچاوەیەکیتری دەرەوەی دینی ئیسلام باسی مەککە نەکراوە.

ئەو بێدەنگیەش، تا ساڵی ٧٤١ س.ب درێژەی کێشا. واتە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سەد ساڵ بەسەر کۆچی دوایی محمد. ئەوسا ناوی مەککە بەدەرکەوت.

سەرەڕای ئەوە دەبینین، قورئان ناوی عەرەفة، صفا، و مروە، و شوێنی تر دێنێ، کە پەیوەندیان بە نەرێت و سرووتە دینیەکانەوە هەیە. بەڵام گومانی ئەوە هەیە، کە ئەو ناوانە، کە دەکەونە ناو  شار و دەرەوەی مەککە، لەسەردەمی دواتر خرابنە ناو قورئان.

القرآن الكريم - سورة البقرة ٢:  ١٥٨

سەفا و مەروە دوو کێلی خوداپەرستین. هەر کەس سەردانی ماڵی خودا، یان عەمرەی بەجێهێنا، گەر سەردانی ئەو دوونەش بکا، گوناهی ناگاتێ. هەرکەسێکیش تەنیا بە ویستی دڵی خۆی ئەو خێرە بکا. خودا پێزانە و لەکارەکەی ئاگادارە. (١٥٨)

القرآن الكريم - سورة البقرة ٢: ١٩٨

ئەگەر لەماوەی حەج داوای ڕۆزی لە خودا بکەن، هیچ گوناهێکتان ناگاتێ. ئەو کاتەی لە عەرەفات دابەزین، لەلای مشعر الحرام یادی ناوی خودا بکەن. (١٩٨)

بۆ لێکدانەوەی ئەو ناوانە دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکەین، کە سورەتی البقرة سوورەتێکی مەدینەیە. و  لەو قۆناخەی دەوڵەتی ئیسلام دروستبووە. و گشت دیاردە و ڕووداوەکان و شوێنی جوگرافیان، لەژێر تارمایی شمشێر و چەکداری یەهودی نەساری دەرچوون. لە جیاتی ئەوە کولتووری پێشتری عەرەبی و پیرۆزی لەلای خەڵکی دوورگەی جاهیلی هەبووە. جا گومانەکە لە دوو ڕێگەوەیە یەکەمیان دواتر ناوی ئەو شوێنانەی لێی زیادکرابن، یانیش کاریگەری کولتوور و کەلەپووری عەرەبی پێشین، کە بە ڕووبەرێکی فراوانی لە سرووت و نەرێتە پیرۆزەکانی ئیسلامی پێکهێناوە. ئەوانەش بەشێکبن لێی.

سەرەڕای ئەوە چەند ناوێکیتر هەن کە بە لێکدانەوەو ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەبێ ئامەژەبن بۆ مەککە. لەوانەش دایکی گوندان، کە یەک لە پێشچاوترین ئەو ناوانەیە، موسوڵمانان لە ڕاڤەکردندا پەنای بۆ دەبەن.

القرآن الكريم - سورەتی الأنعام ٦: ٩٢

ئەم قورئانەشمان بە دیاری بۆ نارد. و پیرۆزە، ئەوانەی کە پێشتریش ناردراون لەلای ڕاستن. تا بە هۆی ئەم قورئانە خەڵکی دایکی گوندان (أم القری) و دەوروبەری بترسێنن. ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕۆژی سەڵا (قيامة) هەیە، دیارە بێگومان باوەڕی پێدێنن. و ئاگایان لە نوێژەکانیانە. (٩٢)

القرآن الكريم – سورة الشورى ٤٢: ٧

هەروەها قورئانێکی عەرەبیمان بۆ ناردی، تا خەڵکی دەوروبەری دایکی گوندان ئاگادارکەیتەوە.

لە کۆتاییدا تۆم هۆڵاند لە پەرتووکی سێبەری شمشێر، دەنووسێ:
هەرچەندە مەککە لە سەرەتای سەدەی حەوتەم ناوی هاتووە، بەڵام نابێ شارێکی بازرگانی گەشەسەندوو بووبێ. لەبەر ئەوەی، بەر لە هاتنی ئیسلام، تا ساڵانی ٨٠٠ س.ب هیچ بەڵگەیەکی شوێنەوارناسی لە مەککە بوونییە. هەر ئەوەشە کە لە مێژووی ئەو سەردەمە ناوی لە لیستی یونێسکۆ شوێنەوارەکانی جیهانیدا نییە.[30]

[30] Holland, Tom (2012). The Shadow of the sword. The birth of Islam and the rise of the Global Arab Empire. UK. London. Pp. 303

ئەو دەربڕینەش لەگەڵ پرۆسەی ئاوەدان بوون و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و دینی و سیاسی شاری مەککە باش دەگونجێ.

## بەککە

با پێکەوە لە سورەتی آل عمران، کە سورەتێکی مەکییە ووردبینەوە. لەبەر ئەوەی ناکۆکی لەسەر ووشەی (بەککە) هەیە. کە لەم سورەتە دا هاتووە.

القرآن الکریم – سورة آل عمران ٣: ٩٦ - ٩٧

> یەکەمین ماڵ کە بۆ خەڵکی سازکراوە. ئەوەیە لە بەککە کە پیرۆزە و نیشانەی خودا ناسییە. بۆ گشت خەڵکی جیهان (٩٦). لەوێ چەند بەڵگە و نیشان هەن. یەکیان (مقام إبراهیم) شوێن وەستانی ئیبراهیمە. هەرکەس پەنای بۆ بەرێ دڵنیا و ئارامە (٩٧).

لەم سورەتەدا ووشەی بەککە (بكة) بەڕای ڕاڤەکار و مێژوونووسانی ئیسلام، دەبێ مەبەست لە شاری مەککە بێ. بەڵام ئەگەر، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زمانەوانی لێی ووردبینەوە، ناکرێ ئەو مانایەی هەبێ. بەپێی لێکدانەوی لوکسێنبێرگ، ووشەی (بكة) ووشەیەکی ئارامییە. و لە ڕەگی (بک) هاتووە. کە بە مانای ئاپوورە (إزدحام) دێ. و مەبەست لە شوێنی ئەو ئاپووەرەیە کە لەسەردەمی حەجدا، حاجیان بە شێوەی بازنە لە دەوری

کەعبە، بە پاڵەپەستۆ دەسووڕێنەوە[31]. واتە (لەو شوێنی قەرەپەستانێ، کە پیرۆزە و نیشانەی خوداپەرستییە) ئەو دەربڕینەی لوکسێنبێرگ، لەشوێنی تریش پشتڕاست دەکرێتەوە[32].

سەرەڕای ئەوە ناوی بەککە ئاماژە بە شوێنی کەعبە دەکا، وەک شوێنێکی پیرۆز، کە حاجیان لە کاتی حەج ئاپوورەی لێ دروست دەکەن. نەک مەبەستی شاری مەککەبێ. جا ئەگەر مەبەست کەعبەش بێ. مەرج نییە لە شاری مەککە بێ. ڕەنگە مەبەست لەو کەعبەیە نەبێ. کە کەوتۆتە شاری مەککە. دەکرێ کەعبەیەکی تر، لە شوێنێکیتر بێ. چونکە بەپێی لێکۆڵینەوەی مێژوو. بەر لە هاتنی ئیسلام، ٢١ کەعبە لە دوورگەی عەرەبی هەبووین. و خەڵکی عەرەب بە پیرۆزی زانیون و لە کاتی حەج سەردانی کردوون[33].

سەرەڕای ئەوە. لە ئایەتەکەدا، ووشەی بەککە، لە ڕووی جوگرافییەوە بە هیچ شارێک یان وولاتێ نابەستێتەوە. کەواتە چۆن بزانین مەبەستی شاری مەککەیە لە دوورگەی عەرەبی. و شارێکی تر و لە شوێنێکیتر نییە. لە ڕووی مێژوویەوە، لەگەڵ سەرچاوەکانی تری، وەک تەورات و کەلەپووری نووسراوی پێشتریش دا ناکۆکە. بەتایبەتی لەگەڵ تەورات.

لە تەورات بە شێوەیەکی ڕوون ئیبراهیم پەرستگاکەی لە ئۆرشەلیمە – ئیسرائیل. ئەگەر مەبەست لەم دوو ئایەتەی سەرەوە، ئەوەبێ ئیبراهیم لەگەڵ هاگەر و ئیسماعیل، بۆ حیجاز هاتبێ. سەرەڕای ئەو هەموو مێژوونووسەی ئیسلام و ڕاڤەکارانیان، ناتوانن وەک بەڵگەی مێژوویی، بەوە ڕاییمان بکەن. کە ئیبراهیم، هاگەر و ئیسماعیلی بۆ حیجاز دەبەدەرکردبێ. و

---

[31] Christoph Luxenberg (2007) The Syro - Aramaic reading of the Koran. A contribution to the Decoding of the language of the Koran. Verlag Hans Schiler. Berlin Pp 328

[32] منجد في اللغة و الإعلام (١٩٨٦) ص ٤٥

[33] عبدالكريم. خليل (١٩٩٠) الجدور التاريخية للشريعة الإسلامية. سيناء للنشر ص ١

له مەککە گیرسابنەوە. لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی، یان شوێنەوارناسی نییە، کە ئەو بۆچوونە پشتڕاستکاتەوە.

لەلایەکیتر ئەگەر لە سورەتی آل عمران (ئایەتی ٩٦) ناوی بەککە هاتووە. کە بە ووردبوونەوەیەک نابێ مەبەستی شاری مەککە بێ، بەڵکوو شوێنێکە لە پەیمانی کۆن زەبوورەکان وەرگیرابێ.

پەیمانی کۆن - زەبورەکان ٨٤: ٥ - ٧

> )٥) خۆزگە بەوانە دەخوازرێ کە هێزیان لە تۆوەیە، ڕێگاکانت لەناو دڵیاندایە، (٦) کە بە (دۆڵی بەکا)[34]دا تێدەپەڕن، دەیکەنە کانیاو، پاییزە بارانیش پڕ بڕشتی دەکات. (٧) لە هێزێکەوە دەچنە هێزێکی دیکە، تاکو هەریەک لەبەردەم خودا لە زایۆن دەربکەوێت.

بە بەراوردێکی ئایەتەکانی سورەتی آل عمران، لەگەڵ زەبوورەکان، بۆت دەردەکەوێ بەککە، بە هیچ شێوەیەک مەبەستی شاری مەککە نییە. بەڵکوو چیرۆکێکی نەبی داوده، سەبارەت بە دۆڵی بەکا، لە ناوچەی ئۆرشەلیم. کە دواتر سلێمانی کوڕی پەرستگای مەزنی لێ بنیاتنا.

سەرەڕای ئەوەی، بە تێکڕایی کۆمەڵی خوگرافیاناسانی عەرەب، بەوەی کە بەککە مەبەست شاری مەککەیە. بۆ نموونە یاقوت الحموی دەڵێ:

> مەککە، هەمان بەککەیە بە گۆڕینی م بۆ ب. هەروەها دەڵێ بەککە لە ناوەڕاستی مەککەیە.

بەڵام ئەگەر بە خێرایی بگەڕێینەوە بۆ پەیمانی کۆن پەرتووکی مەزبوورەکان ٨٤

---

[34] بە عیبری: دۆڵی باخا

بۆمان دەردەکەوێ، کە بەککە مەبەستی دۆڵی باکایە (Valley of Baca) دۆڵێ فرمێسک (عەرەبی: واد الدموع). کەچی لە قورئان دیارنییە بەککە لە کوێیە. لە پەیمانی کۆن شوێنی ڕێو و نەرێتی سەردانی حەج بۆ ئۆرشەلیم بووە. [35]

وشەی عیبری باکا، کە بە واتای (گریان) دێ. لە هەمان کاتدا باکا ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە درەختی گریان. واتە یەکێک کە ڕزین یان فرمێسکێکی هاوشێوەی پووک دڵۆپ دڵۆپ دەکات، وەک دارێکی بەلسام.

لە دووەم ساموئێل ٥: ٢٣، بەکایم بە دارەکانی بەلسام دانراوە.

ڕەنگە دۆڵی باکا شوێنێکی گریمانە بووبێت کە دەکەوێتە نزیک ئۆرشەلیم. ئەگەری ئەوە هەیە، مەبەستی دۆڵی ڕفایم بێ (٢ ساموئێل ٥: ١٨). دۆڵی ڕفایم شوێنی یەکێکە لە سەرکەوتنەکانی داود بەسەر فەلەستییەکان. پەرتووکی دووەمی ساموئێل ئاماژە بەوە دەکات کە داری بەلسەم لەوێ هەبووە.

پەیمانی کۆن – دووەم ساموئێل ٥: ١٧ - ١٩

(١٧) کاتێک فەلەستییەکان بیستیانەوە، داود بۆ پاشای ئیسرائیل هەلبژێردراوە، هەموو فەلەستییەکان بۆ گەڕان بەدوای داود سەرکەوتن، بەڵام کاتێک داود ئەمەی بیستەوە دابەزی بۆ ناو قەڵاکە (١٨) فەلەستییەکان هاتبوون. لە دۆڵی ڕفایم بڵاو ببوونەوە. (١٩) داودیش پرسیاری لە خودا کرد و گوتی: ئایا بچم بۆ پەلاماردانی فەلەستییەکان؟ ئایا دەیاندەیتە دەستم؟

خوداش بە داودی فەرموو: بڕۆ، چونکە بێگومان دەیاندەمە دەستت.

---

[35] بشير، دكتور سليمان. مقدمة في تاريخ الأخر ص ١١

لە بەردەوامی دیالۆگی پەروەردگار و داود، لە هەمان دەق، زیاتر باسی دار بەلسەم دەکا.

پەیمانی کۆن - دووەم ساموئێل ٥: ٢٣

(٢٣) داودیش پرسیاری لە خودا کرد، ئەویش فەرمووی: سەرمەکەوە، بەڵکو بسوورێوە بۆ پشتیان و بەرامبەر بە دار بەلسەمەکان پەلاماریان بدە.

لە زەبووردا دۆڵی باکا بە شێوەیەکی وەک هێمان بەکاردەهێنرێ، بۆ وێناکردنی ڕێگایەکی سەخت و خەمبار لە ژیاندا. ناوی دۆڵەکە ئاماژەیە بۆ ناوچەیەکی وشک و سەخت لەبەرئەوەی لەو دۆڵە، ئەم جۆرە داری گریانە توانای گەشەکردنی هەیە. کاتێک خەڵک سەردانیان بۆ ئۆرشەلیم دەکرد، بەم شوێنە پڕ شەکەتی و (گریان)ەدا تێدەپەڕین، بەڵام گەشتەکەیان لە کۆتاییدا، بەهای ئەوەی هەبوو. لە زەبوری ٨٤دا، دۆڵی باکا یارمەتیدەرە بۆ وێناکردنی خرۆش و تامەزرۆیی هەموو ئەوکەسانەی، کە بە تاو دەڕۆن بۆ سەردان، تا لە ئاپوورەی پیرۆزی زایۆندا بەشداربن.

کاتی تێبینی پەیوەندی نێوان ئایەتەکانی سوڕەتی آل عمران، لەگەڵ نەبی ئیبراهیم دەکەین. ئەوسا سەرنجێک لە بنەڕەتی کەلەپووری مێژوویی ئەو دیانە دەدەین. بۆمان دەردەکەوێ، لە قورئان مەبەستی ئیسرائیل و باکووری دوورگەیە، نەک مەککە.

# ٢ سەرهەڵدانی ئیسلام و ژینگەی شاری مەککە

کێشەی بەدیارکەوتنی ئیسلام لە مەککە، یەک لە بنچینەکانی باوەڕی موسوڵمانانە. لەوەتەی بیۆگرافی- و مێژوونووسانی موسوڵمان دەستیان بە نووسینەوەکردووە. تێکڕا لەسەر ئەو ڕایەن کە یەکەمین جار لە مەککە دین سەری هەڵداوە. و جوبرائیل پەیامی لەلایەن خوداوە بۆ پەیامبەر هێناوە. و چەند ساڵی سەرەتای بانگهێژ هەر لە مەککە بووە. و تەنانەت ئایەتەکانی قورئانیش بەرهەمی ژینگەی مەککەن و گوزارەی ئایەتەکانیش، ئاماژە بە ژینگەی دەوروبەری دەکەن.

بەڵام ئەگەر سەرنج لەو ڕاڤانە بدەین، ئەوا بە ئاسانی کۆمەڵێک ناکۆکی سەرهەڵدەدەن. ئەو ناکۆکیانەش، مرۆڤ ناتوانێ وا بە ئاسانی لەسەریان تێپەڕێ. و گومان لە سەرجەمی ڕاڤە و مێژووی ئیسلامیش دروست دەکا.

لەلایەکیتر هەندێک لێتۆژەرەوەی هاوچەرخ، لەو باوەڕە دان، کە دینی ئیسلام لە مەککە دروست نەبووە. بەڵکوو لە ناوچەکانی باکووری دوورگەی عەرەبی سەری هەڵداوە. و دواتر لە مەککە پەرەی پێدراوە. لەو شوێنانەی، کە زیاتر لەگەڵ ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان و پاشماوەی شوێنەوارناسی دەگونجێن. ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری سوریا، تا دەگاتە بیابانی نەقەب. بۆ سەلماندنی ئەو ڕایەشیان، پشت دۆزینەوەی شوێنەوارناسی و نیشانەی تری تایبەتی ئەو ناوچانە دەبەستن.

یەکەم لە ناوچەی مەککە کە هیچ شوێنەوارێکی ئەوە سەردەمەی لێنادۆزرێتەوە. کە نیشانەیێ بۆ بوونی شارستانیەتی پێش ئیسلام. یەک لەو لێتۆژەرەوانە ڕۆژهەڵاتناس و لێتۆژەرەوەی کەلەپووری یەکتاپەرستی دەیڤید شتراوس دەڵێ:

له ناو جەرگەی دوورگەی عەرەبی، بەڵگەی شوێنەوارناسی و مێژوویی لە سەردەمی جاهیلی بوونی نییە. تەنیا هەندێک نەخش و هەڵکۆڵین لە ناوچە جیاجیاکانی دوورگەی عەرەبی دەست دەکەون، ئەوانەش لە باشووری دوورگە، لە یەمەن و حەزرەموت. لە هەڵکۆڵینەکانی نمارە. [36]

هەرچەندە هەندێک هەڵکۆڵین، پاشماوەی شوێنەوارناسی، لێرە و لەوێ ئاماژەی سەرپێی بە عەرەب دەکەن. بەڵام ئەوانە یەکەم لە ناوچەکانی شام و ئوردنن. دووەم ئەو نووسینانە زۆر کۆنترن و دەگەڕێنەوە بۆ چەند قۆناخی پێشتر، و بریتین لە تابلۆ و نووسراوی ئاشوری، بابلی و فارسی.

بەڵام سەبارەت بە سەردەمی گواستنەوەی کۆمەڵگە. لە لە قۆناخی جاهیلیەوە، بۆ سەرەتای ئیسلام. ئەگەر لێتۆژینەوە ئەستەمیش نەبێ، ئەوا زۆر سەختە. و بەدەست نەبوونی بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژوویی و شوێنەوارناسیەوە دەناڵێنێ. ئەو هەڵومەرجەش، بەردەوامە تا سەردەمی سەردەمی عبدالملک بن مروان.

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، گشت بەڵگەنامە و سەرچاوەی شوێنەوارناسی یان مێژوویی لەو سەردەمە فەوتێندراون. ئەو دەربڕینە قورئانیش دەگرێتەوە.[37] لەبەر ئەوەی هەر لە سەردەمی عومەر بن خەتابەوە. دەستەڵاتداری ئیسلام دەیەویست، خۆی لەو پاشخانە ڕزگاربکا کە بە یەهودیە نەساڕیەکانی دەبەستەوە. ئەوەش چەندین بواری جیاجیا دەگرێتەوە.

---

[36] R. Bowen jr. Archaeological Discoveries in South Arabia. Pp. 43 -131

[37] بشير، دكتور سليمان (١٩٨٤) مقدمة في تاريخ الأخر. نحو قراءة جديدة للرواية الإسلامية. القدس. ص ٨

بۆیە کارەکە، تەنیا شوێنەوارناسی نییە، تا بەو ئاسانیە یەکلابکرێتەوە. جا ئەگەر بە لێکدانەوەیەکی لۆژیکی، ئەو بۆچوونانە، لە ڕوانگەی شوێنەوارناسیەوە ڕاستیش بن، هێشتا هەر ناتەواون. و دەبێ بەراوردێکی ووردیان، لەگەڵ سەرچاوەکانی مێژووییدا پێبکرێ. لەبەر ئەوەی، کێشەکە لەوە ئاڵۆزترە. و بۆ ساکردنەوەی پێویستی بە بەدواداچوونێکی فرەلایەنی هەیە.

بەسۆراخداچوونی شوێن پێی، یەهودیە نەسارپەکان. و شێوەی کۆچکردنیان و ئەو شوێنانەی لەماوەی شەش سەد ساڵی بەر لە بەدیارکەوتنی ئیسلام. و باوەڕ و سرووت و نەرێتەکانی دینیان. دەتوانن وەڵامی زۆر لەو ئاڵۆزیانەمان بدەنێ. و ڕێخۆشکەربن، بۆ هەنگاویتر. [38]

[38] ئەو بابەتە لە پەرتووکێکی تایبەتی، بەدواداچوونی بۆ کراوە. و بەم زوانە کۆتایی پێدێ.

## ٣ ژینگەی مەککە لەگەڵ قورئان ناکۆکە

مەککە شوێنێکی ووشکانییە و گشت ئەندازیارانی کشتوکاڵ هاوڕان، کە بۆ کشتوکاڵ، شوێنێکی لەبار نییە. و هەروەها بەگشتی بەکەلکی ئاژەڵداری نایە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ووشکی ئاووهەوای. و دۆخی بورکانی دروستبوونی خاکی، تەنانەت بۆ ژیانی ئاسایی سەختە و دەست نادا. بە تایبەتی بۆ سەوزبوونی دانەوێڵە و درەختی زەتوون. و باخچەی خۆش و مێوە و لەوڕگا. سەرەڕای ئەوەش بەپێی گۆتەی نەبی، دەبێ کافرەکان گشت ئەو شتانەیان هەبووبێ. ئەوەش وەک لۆژیک ناکرێ. تەنیا مەگەر بە پەرجوو بێ (معجزة).

چەندین ئایەت لە ناو سورەتە جیاجیاکانی قورئاندا هەن، کە دوژمنانی محمد بە جوتیار ناو دەبەن. ناوی باخ و کێڵگە سەوزەکانیان، و بەرهەم و مێوە و مێگەلەکانیان. کە هەرگیز لەگەڵ ئاو و هەوای خاکی مەککە یەکناگرنەوە.

ئەو چەند ئایەتەی خوارەوە باسی ژینگەی قورئان دەکەن، ئەو شوێنە ژینگەی قورئانە. بۆیە دەبێ لەگەڵ شاری مەککە بەراورد بکرێن. و بزانین تا چەند لەگەڵ دۆخی جوگرافی و ئاو و هەوای مەککە دەگەنجێن.

القرآن الكريم - سورة عبس ٨٠: ٢٤ – ٣٢

دەی با مرۆڤ بڕوانێتە خۆراکی خۆی (٢٤) ئێمە خۆمان ئاوەکەمان بۆ ڕشتووە، بە پڕژاندن (٢٥) پاشان خاکەکەشمان قەڵاشت، بە قەڵاشتن (٢٦) ئەوسا دانەوێڵەشمان لێ ڕوواند (٢٧) ڕەزو سەوزاییش هەرەوەتر

(٢٨) بە زەیتوون و دارخورماش (٢٩) باخی چڕ و پڕ (٣٠) مێوەو و لەوەڕگەی چوارپێش (٣١) بۆ بژێوی خوت و ماڵەکانتان (٣٢)

القرآن الكريم – سورة يس ٣٦: ٣٣- ٣٥

و نیشانەیەك بۆیان، زەوی مردبوو، بووژاندمانەوە. ئینجا دانەوێڵەمان لێدەرکرد کە لێیەوە دەخۆن (٣٣) وە تیایدا باخاتمان لە دارخورما و مێو هێنایە ئاراوە، وە کانیاوەکانمان تیادا تەقاندەوە (٣٤). بۆ ئەوەی لە بەرووبوومەکەی و ئەوەی دەستەکانیان دروستی کردووە بخۆن، دەسا هێشتا سوپاسگوزار نابن؟ (٣٥)

القرآن الكريم – سورة الملك ٦٧: ١٥

ئەوە کە ئەو خاکەی بۆ دەستەمۆ کردووە، شانەوشان تێیدا بڕۆن. و لە بژێوەکەی بخۆن، هەڵسانەوەش بۆ لای ئەوە. (١٥)

القرآن الكريم – سورة النحل ١٦: ١٠ – ١١

ئەوە کە لە ئاسمان ئاوی دابەزاندووە، لێیەوە ئێوە دەخۆنەوە و لێیەوە درەخت، وە تیایدا دەلەوەڕێنن (١٠) بە هۆیەوە بۆ ئێوە کشتوکاڵ و زەیتون و دارخورما و ترێ، وە لە هەموو بەروبوومێك دەڕوێنێت و سەوز دەکات، لە ڕاستیدا لەوەدا بە دڵنیاییەوە بەڵگەیەك هەیە بۆ خەڵکانێك ب تدەکەنەوە. (١١)

القرآن الكريم – سورة الأنعام ٦: ٩٩

و ئەوە، کە ئاوێکی لە ئاسمان دابەزاند، جا بە هۆیەوە هەموو شتێکمان لە ڕوەك پێ دەرهێنا، هەیانە سەوزە کە دانەوێڵەی تۆپەڵەکراوی لێ دەردێن

یان، له دارخورما که لق بەرگرتووەکەی شۆڕبوونەتەوە، وە باخاتێك له ترێ و زەیتوون و هەنار له یەکچوو و له یەکنەچوو، جا سەیری بەرەکەی بکەن کاتێك بەره پێگەیووەکەی دەگرێت، لەوەدا به دڵنیاییەوە چەندەها بەڵگه هەن بۆ خەڵکانێك باوەڕ دەهێنن (٩٩)

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٢٦٧

ئەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوه لەو شته نایابانه ببەخشن که بەدەستتان هێناوە، وە ئەوەی بۆ ئێوه له زەوی هێناومانەته دەرەوە، نەکەن پیسەکان ببەخشن که بۆ خۆشتان قبووڵتان نییه مەگەر چاوتان لێی بنووقێنن، وە بزانن که الله دەوڵەمەندی شایسته به سوپاسە.

القرآن الكريم – سورة ق ٥: ٩-١١

وە له ئاسمان ئاوێکی پیرۆزمان دابەزاندووە، که باخچەکانمان بەهۆیەوە ڕواندووە، وە دانەوێڵه درەو بکرێ(٩) وە دارخورمای بەرز، که به تۆپەڵ هێشووی هەیە(١٠) رزقێکه بۆ بەندەکان، وە زێدێکی مردوومان پێ ژیاندەوە، وە دەرهێنان بەم شێوەیەیە. (١١)

القرآن الكريم - سورة الواقعة ٥٦: ٦٣ – ٦٤

ئەوەتان بینیوه که دەیچێنن ؟ (٦٣) ئایا ئێوه دەیچێنن، یان ئێمه جوتیارین؟ (٦٤) ئەگەر ئارەزوومان بکردایه به دڵنیاییەوە دەمانکرد به پووشووپەڵاش، به حەپەسانەوە سەیرتان دەکرد (٦٥)

له گشت ئەو ئایەتانەی سەرەوە، نه شوێنی جوگرافی یان مێژوویی دیارنین. بۆیه ناتوانن وەک چمکێکی مێژوویی یان جوگرافی وەربگیرین. دەتوانن هەر شوێنێکی ئەو جیهانەبن، که

قورئانی لێ نووسراوە. یان لە هەر سەردەمێکی مێژوویی دوور یان نزیک دابن. بۆیە ئەو دەربڕینانە، ئەگەر بە ناوچەی مەککە ببەسترێنەوە. دەبنە جێگای گومان. [39]

گریمان ئەگەر لە سەدەی حەوتەم، باخی گەورەی ترێ و زەیتوون و هەنار لە مەککە هەبووبن، خۆ دەبوایە هەندێک مێرگ (واحة) لە دەوروبەری هەبووان.

کەچی لە خاکی نەبەتییەکان (ئوردن) و نەقەب لەسەردەمی نەبی. بە شێوەیەکی گشتی کشتوکاڵ، لەو بیابانە بە بەرفراوانی لە گەشانەوەدابوو. ئەوەش تۆم هۆللاند لە پەرتووکی (سێبەری شمشێر) بە شێوەیەکی وورد و جوان باسی کردووە. [40]

بۆیە ئەستەمە، بە خەونیش بیر لە بەهەشتی سەوزایی، و باخی مێوە و لەوەڕگەی مەڕوماڵات، لە ئاووهەوای ووشکی ناوچەی مەککە بکەینەوە. یان پارچە زەوی، کە سەوزایی وەک فەرشی ڕاخراو ببینین. کە لە باخەی ترێ، شەڕاب دروستبکەن؟ ئایا لە شوێنێک ئاو نەبێ باخی خورما و زەیتوون و هەنار و مێوەی تری لێدەبێ؟ یان مێگەلیان بۆ لەوەڕگە بنێرن؟

ئەو دیمەنەی قورئان، لەگەڵ ناوچەی مەککە لەیەک دوورن. بەڵکوو ئەوە ئاو و هەوای خاکی شامە قورئان باسیان دەکا.

ئەگەر قورئان باسی ئەوە دەکا، کە مەککە دانیشتوانی زۆر و کشتوکاڵی لێکراوە. خۆ دەبوایە پاشماوەیەکی ئەو شارستانیەتە مابوایە. ئەوەش بۆمان دەردەخا، کە قورئان باسی شوێنێکی

---

[39] بشير، دكتور سليمان (١٩٨٤) مقدمة في تاريخ الأخر. نحو قراءة جديدة للرواية الإسلامية. القدس.ص ١٠٤

[40] Holland, Tom (2012). The Shadow of the sword. The birth of Islam and the rise of the Global Arab Empire. UK. London. Pp. 326- 327

تر دەکا. نەک مەککە. جا ئەو شوێنە کوێیە و چۆن بۆتە مەککە. باسێکی ترە و پێویستی بە بەدواداچوونێکی قووڵتر هەیە.

## ٤ لات و عز و منات، گەواهیەکی تری مەبەستی قورئانن

ڕاڤەکار و بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان باسی ئەوە دەکەن، کە لە پێش هاتنی ئیسلام لە شاری مەککە. لەناو کەعبە بە دەیان بوتی تێدابووین. کە دەپەرستران. تەنانەت لە قورئانیش باسی سێ بوت دەکا. بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ناکۆکی لەو دەربڕینەی قورئان دا هەیە. کە ڕاڤەکار و مێژوونووسانی بە خۆیەوە خەریک کردووە.

القرآن الکریم – سورة النجم ٥٣: ١٩ – ٢١

> ئاخۆ ئێوە تەنیا لات وعزەتان بینیوە (١٩) سێیەمیشیان کە مەناتە. یەکێکی ترە لە بوتەکان (٢٠) ئاخۆ منداڵی ئێوە نێرە و خوداش کچی هەیە (٢١)

ئەو دیمەنە و گشت دیمەنەکانی تری قورئان باسیان دەکا. دەدرێنە پاڵ مەککە. بەڵام بە بە بەدواداچوونێکی وورد. کێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە. و ئاماژەکان بۆ ناوچەکانی باکوور دەکا. ئەو دیمەنە لە دینەکانی باکووری دوورگەی عەرەبی دەدۆزرێتەوە. بە تایبەتی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی نەبەتیەکان.

ئەوەش هەر لە بوونی پەیکەری بەردی و پارچەی شەشپاڵوی پیرۆز، تا دەگاتە چەقی دینی کە پەرستن و سرووتەکانی، وەک ڕێ و ڕەسمی حەجکردنی ئێستا بووین. یان سەردان و بەڵاگێڕکردن و هتد. کە تێیدا بەردی نەیزەک پیرۆز دەکرێ.

نەبەتیەکان خودایەکیان هەبووە بەناوی (ذو الشری) وەک بەردە ڕەشەکە دەپەرسترا. تا دەگاتە هەمان ناوی خوداکانی لە ناو قورئان ناویان هاتووە:

اللات: خودای بڕشت و کشتوکاڵی جیهانی خواروو.

العزي: خودای هێز، کە گریمانە دەکرێ ئەو خودایە لە بنەڕەتدا میسری بێ و بەرامبەر ئێیزس.

مناة: خودای ڕێکەوت و چارەنووس.

ئەو سێ بوتانە، هەرسێکیان ناوەکانیان لەگەڵ خوداکانی تر، لە دەوری خودای نەبەتی (ذو الشری) هەڵکۆلراون، کە پێدەچێ ئەوانە خودای بچووکتربن. و ئەرکی خودایەتی بەشێک لە بەڕێوەبردنی جیهانیان لەسەر شانە. [41]

هەرچەندە کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی، نکۆڵی لەوانە دەکا. و بیانۆشیان ئەوەیە، گوایە کاتی خۆی کەسێک بە ناوی (عمرو إبن لحي) ئەو بوتانەی لە باکووری دوورگە، بەر لە هاتنی ئیسلام هێناونەتە مەککە. بەڵام یەکەم هیچ سەرچاوەیەکی بێلایەن ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە. دووەم ئەگەر وانییە، کوا شوێنەواری ئەو بوتانە و دەیان بوتیتر، کە مێژوونووسانی موسوڵمان دەڵێن هەبووین. لە کوێن[42]

---

[41] Petra: lost city of stone. Civilization ca 2013. 02. 03

- Hearly, John F. (2001) 4. The Religion of the nabataeans: A conspectus Religions in the Greco – Roman World 136. Boston Brill pp. 107 – 119

- Jane, Tylor. Petra and the Lost kingdom of Nabataeans 1:B Tauris Publishers 2001, pp 130

- Hommel, First, Encyclopedia of Islam. Vol. 1, pp. 380.

[42] علي، دکتور جواد. المفصل فی تاریخ العرب قبل الإسلام ج ١١، ص ٢٥٣

سەرەای ئەوە ناوی (اللە)، وەک خودای دینە ئیبراهیمیەکان لە زۆر نەخش و شوێنەواری نەبەتی لە سەرجەمی ناوچەکانی باکوور  دەبینرێ[43]

## ٥ ڕووگەی ئیسلامی سەرەتا و گۆڕینی بەرەو مەککە

لە ساڵی ٦٢٤ س.ب پەیامبەری ئیسلام ڕووگەی موسوڵمانانی بۆ نوێژکردن، بەرەو مەککە گۆڕی. بەڵام لە قورئان باسی ئەوە ناکا، پێشتر ڕوویان لە کوێ کردووە. و بۆچی گۆڕیویانە.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ١٤٢ – ١٤٤

> خەڵکی بێ ئاوەز دەڵێن: چ وایکرد کە پشتی خۆیان بکەنە ئەو ڕووگەیەی ڕوویان تێدەکرد؟ بڵێ شوێن ڕۆژهەڵات و شوێن ڕۆژئاوابوون هی خودایە. هەرکەس ئارەزووی لەسەر بێ دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست (١٤٢)  بەم جۆرە ئێوەمان کردۆتە نەتەوەیەکی هەڵبژاردە. بۆ ئەوەی ببن بە چاودێر بەسەر خەڵکەوە، و پەیامبەریش چاوەدێریتان بکا، و ئەو ڕووگەیەی کە لەسەری بوویت تەنها بۆ ئەوە کردبوومان بە ڕووگە تا بزانین، کێ دوای پەیامبەر دەکەوێت. و ئەوانە کێن کە هەڵدەگەڕێنەوە. بە دڵنیاییەوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو. تەنیا بۆ ئەوانە نەبێ، کە خودا نەی خستنە سەر ڕێگای ڕاست.  بۆ خودا نەبووە کە ئیمانتان وونبکا. بە دڵنیاییەوە خودا بۆ خەڵک میهرەبان و بە بەزەییە. (١٤٣) دەبینین کە ڕووت لە ئاسماندا

---

[43] Alfred, Guillaume (1990) Islam Penguin. Pp. 7

کردووە، ئێمە ڕووت بۆ ڕووگەیەک وەردەگێڕین ،کە پەسند بێ. دەسا ڕووت بەرەو مسجد الحرام وەرگێڕە. سا لە هەرکوێین، هەر ڕوو لەوێ بکەن. ئەوانەی (أهل الكتاب)ن دەزانن کە ئەمە ڕاستە، و لەلایەن پەروەردگارەوەیە. و خودا لە هەر کارێک دەیکەن ئاگادارە. (١٤٤)

لەناو دەقەکانی قورئان، هیچ شوێنێک یان ناوچەیەکی جوگرافی دیارنییە. بۆیە دەتوانێ هەر شوێنێک بێ. ئۆڕشەلیم، سووریا یان میسۆپۆتامیا... هەر شوێنێکیتر بووبێ. کەچی لای گشت بیوگراف- و مێژوونووسانی موسوڵمان، تا دەگاتە لە ئەندیشەی هەر موسوڵمانێکی سادە، وەڵامی بێ سێ و دوویان (بيت المقدس)ە لە ئۆڕشەلیم.

کەچی بە ووردبوونەوە، لەو چەند ئایەتەی سورەتی البقرة، چەند پرسیارێک دەورووژێن! مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێ، پێش مەککە بۆ نوێژ ڕوویان لە کوێ دەکرد؟ کێ بوون ئەوانەی ڕوویان لەو ڕووگەیە دەکرد، کە دەبوایە ئەزموون بکرێن؟ کێن ئەو (أهل الكتاب)انەی کە دەزانن ڕاستە؟

هەرچەندە ئەو دەربڕینەی موسوڵمانان تەنیا بە گوتیان و دەگێڕنەوەیە. کە ناتوانێ وەک بەڵگەی زانستی وەربگیرێ، و جێی متمانە بێ. لەجیاتی ئەوە لێتۆژەرەوە بۆ گەیشتنە ڕاستی، دەبێ بە دوای سەرچاوەی مێژوویی دابگەڕێ. لەگەڵ سەرنجی وورد، لەو مزگەوتانەی کە لە قۆناخی سەرەتای ئیسلام هەبووین. ئەوەش هەم پشوودرێژی و ماندوونەناسی پسپۆڕانی دەوێ. کە بە یارمەتی بەڵگەی مێژوویی دەرەوەی سەرچاوەکانی دینی و شوێنەوارناسی، دەتوانرێ تا ئاستێکی باش ئەو کێشەیە یەکلابکرێتەوە.

یەکەم مزگەوت، کە بەهایەکی گرنگی بۆ ساخکردنەوە هەیە. مزگەوتی دوو ڕووگەیە (مسجد القبلتين). بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوەکانی ئیسلام، کاتی نەبی محمد لە سەردانێکی بۆ لای

یەک لە هۆزەکانی عەرەب. لەو شوێنە، کاتی خەریکی نوێژی نیوەڕۆ بووە، فەرمانی بۆ هات کە ڕووی لە بیت المقدس لە ئۆرشەلیم، وەرگێڕێ بۆ بیت الحرام لە مەککە. لەبەر ئەوەی لەناوەڕاستی نوێژکردن، ڕووی خۆی لە باکوورەوە بەرەو مەککە وەرگێڕا. بۆیە ئەو شوێنە ناوەی لێنرا، مزگەوتی دوو ڕووگە.

بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام، تا ئێستاش ئەو مزگەوتە نیوەی ڕووی لە مەککەیە (کەعبە) و نیوەی ڕووەکەی تری ڕووی لە باکوورە. [44]

مزگەوتی دوو ڕووگە چەندین جار نۆژەنکراوەتەوە. دواجار لە ساڵی ١٩٨٧س.ب ڕوخێنرا. و دوایی سەرجەمی نۆژەنکرایەوە. بەپێی نەخشە و ئاڕاستەی یەک لە ڕووگەکانی ئەو مزگەوتە، بەرەوە باکووری گۆی زەوی بووە.

بێجگە لە مزگەوتی دوو ڕووگە، ١١ مزگەوتی تری کۆن پشکندران. کە لە چین، میسر، ئوردن، فەلەستین، و عیراق، ئیسڕائیل و کەناری ڕۆژئاوا (الضفة الغربية).[45] بوون. بە ڕەچاوکردنی ڕووگەکانیان، کە گشتیان ئاڕاستەیان بەرەو باکوورە. واتە ناوەڕاستی شام، نەک ئۆڕشەلیم.

یەعقوب ڕەهاوی مێژوونووسی کریستیانی، کە گەواهێکی (شاهد) هاوکاتی نەبی محمد بووە. دەڵێ گشت بەڵگەکانی ئارکیۆلۆژی لە عێراق و بەڵگەی ئەدەبیاتی میسری، بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن، کە حەرەم لە باکووری ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی بووە. ئەوەش بێگومان ئەو

---

[44] مصطفى، صالح لمعي (١٩٨١) المدينة المنورة تطورها العمراني و تراثها المعماري. دار النهضة العربية. بيروت. ص ٢٠١-٢٠٢

[45] هل نشأ الإسلام في مكة؟ جزء الثاني. الدلائل تشير الى شمال.

دەرئەنجامەی هەیە کە حەرەمی هاگەری لە مەککە شوێنێکی پیرۆزی لاوەکی بووە، لەو سەردەمە.[46]

سەرچاوەکانی کۆنی ئیسلام و نائیسلام ئەو تێبینیەیان کردووە. بۆ نموونە البلاذري: مێژوونووسی سەردەمی عەباسی دەڵێ: ڕووگەی مزگەوتی کوفە لە عێراق. کە وا دادەنرێ لە ساڵی ٦٧٠ س.ب دروستکراوە، ڕووی لە ڕۆژئاوایە[47] کە دەبوایە ڕووی لە باشوور ڕاستەوخۆ بەرەو مەککە بوایە.

بەڵام نووسەر و گەڕۆکی کریستیانی یەعقوب الرهاوی لە دەوروبەری ساڵی ٧٠٥ س.ب ناوی المهاگریای[48] (عەرەب) دێنێ. کە لە میسر نوێژیان بەرەو ڕووی کەعبەی ڕۆژهەڵات کردووە. [49]

هەرچەندە نازانرێ مەبەستی کام کەعبەیە. لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتی میسر میدانێکی زۆر فراوانە هەر لە باشووری سوریا و ئیسرائیل و عێراق دەگرێتەوە تا باکوور و ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبی. تا دەگاتەنیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەم ڕووگەی مزگەوتەکان هێشتا

---

[46] -British Museum. Add 12, 172, f. 1242; Wright Catalogue of Syriac Manuscripts pp. 604

-Patricia Crone & Michael Cook (1977) Hagarism, The making of the Islamic World. Cambridge Unuversity Press. pp. 17

[47] . البلاذري (١٩٩١) فتوح البلدان، الحقق عبدالله أنيس الطباع. ص ٢٧٦

[48] المهاگريا: المهاجرين، رەوەند.

[49] Patricia Crone & Michael Cook (1977) Hagarism, The making of the Islamic World. Cambridge Unuversity Press. pp. 17

هەر ئاڕاستەی ڕووگەکانیان، هی جاران بوون. لەوە بەدوا بە ئاڕاستەی مەککە، دەستیان بە ڕێکخستنیان کرد. [50]

## ٦ ڕێنووسی قورئان ئاماژەیە بۆ باکوور

ڕێنووسی (خط)ی قورئان بەڵگەیەکیترە، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە قورئان لە باکوورەوە نووسراوە. بەڵام چۆن گەیشتۆتە مەککە و بەناوی ئەویٚ بڵاوبۆتەوە. ئەوە چیرۆکێکی تری سەربەخۆیە. بالێرە باسی ڕێنووسی عەرەبی و قورئان بکەین، تا بە ئاسانتر لەو بەدواداچوونە تێبگەین و ڕێچکەکانیش ساخ ببنەوە.

لێتۆژەرەوان، بەگشتی زمانی عەرەبی دابەشی چەند ناوچەیەکی جوگرافی دەکەن وەک:

١ زمانەکانی عەرەبی باکوور، ئەو شێوە زمانە سامیانەن کە لە باکووری دوورگەی عەرەبی، سوریا، و عێراق بەکاردەهاتن. و پێیان دەگوترا الصفائية و الحسائية و الثمود و الديدانية، الودومائية و التيمائية.

٢ زمانەکانی عەرەبی باشوور کۆمەڵێ شێوەزمانن لە زمانە سامیەکان، پێیان دەگوتریٚ خێزانی ئەفریقی ئاسیایی. لە یەمەن، باشووری دوورگەی عەرەبی تا ناوەڕاستی دوورگە بەکاردێن. ناویان السبئية، الحضرمية، القتبانية و المعينية.

---

[50] Graig Winn, Prophet of Doom, VA. Cricketsong books, 2004

له پێش هاتنی ئیسلام و دەسەڵاتی سیاسی و دینی، ڕێنووسێکی یەکگرتوو بو تۆمار و بەڵگەنامەکان بۆ زمانی عەرەبی نەبووە. بۆیە بە ڕێنووسی جۆراوجۆر دەنووسرا، ئەوەش بە پێی جوگرافیای دابەشبووبوو.

زیاترین ڕێنووس کە بەکاردەهات المسند بوو، سەبەئی کۆن. کە زۆربەی عەرەبی ناوەڕاست و باشوور پێیان دەنووسی. ڕێنووسی مسند جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ ڕێنووسی ئێستا هەبوو.

ئەو ڕێنووسە کلاسیکیەی کە ئێمە پێی ئاشناین. لە نەبەتیەوە پەرەی پێدراوە. لە بنەڕەتدا لە ئارامیەوە وەرگیراوە. و وەک تۆماری بازرگانی و هەواڵە سیاسی و دینەکانی پێ نووسراون. بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ستاندارد بووە.

لە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام زمانی عەرەبی بە زۆری بەو دوو ڕێنووسە دەنووسرا. ڕێنووسی نەبەتی لە باکوور، و ڕێنووسی مسند لە باشوور.

لە ناوەڕاست دوورگەی عەرەبی ڕێنووسی مسند باوبووە. گشت ئەو نەخش و هەڵکۆڵینانەی بەر لە هاتنی ئیسلام بە ڕێنووسی مسند نووسراون. وەک نەخشی گوندی فاو لە نەجد بۆ نموونە نەخشی ئەبرەهە لە بئر مریغان.

بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە، لەو شوێنە، کە ناوەڕاستی دوورگەیە. ڕینووسی مسند وەک ستانداردی نووسینە، قورئان بە ڕێنووسی نەبەتی نووسراوە. کە بە شێوەیەکی ئاسایی و لۆژیک، دەبوایە بە مسند بنووسرێ. لەو ناوچەیەی کە ڕێنووسی نەبەتی نەبووە. کەچی قورئان، لەوێ بەو ڕێنووسە نووسراوە.

نووسینی قورئان بە ڕێنووسی نەبەتی لەناوەڕاستی دوورگە، وایکرد  ڕێنووسی مسند پەیتا پەیتا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناوبچێ. تا گەیشتە سەدەی حەوتەم و هەشتەم، لەگەڵ فراوانبوونی دەستەڵاتی ئیسلام بە یەکجاری لەناوچوو.

هەرچەندە ڕێنووسی نەبەتی لە باکوور وەک سوریا و ئوردن و میسۆپۆتامیا، بە شێوەیەکی کەم هەبوو، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی قورئان بە خێرایی و بەرفراوان پەرەی سەند. بۆ نموونە نەخشی زوبەید لە سوریا. کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی س.ب.

لە ناوچەکانی مەککە و تائف وەک گشت ناوچەکانی تری باشوور و ناوەڕاستی دوورگەی عەرەب، دەمێک بوو ڕێنووسی مسند، وەک ستاندارد بەکاردەهات. تا پەیدابوونی ئیسلام و نووسرانەوەی قورئان. ئەوەش کێشەی بۆ گەڕانی شوێنەوارناسی دروستکرد.

ئەو نەخش و هەڵکۆڵین، زانیاریە گرنگانەی کە لە ڕووی مێژوویی و جوگرافی دەبنە یەکلاکەرەوە. و تا ئێستا بەدەست گەیشتوون گشتیان بە ڕێنووسی مسندن.

بەهەر شێوەیەک، بیر لەو هاوکێشەیە دەکەیتەوە. ئەگەر قورئان لە ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبی نزیک باشوور نووسرابێتەوە، دەبوایە بە پلەی یەکەم بە ڕێنووسی مسند بوایە. نەک نەبەتی.

ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی قورئان یان لە باکوور نووسراوەتەوە، یانیش کەسانی پەیوەندی باشیان لەگەڵ باکوور هەبووە و ڕێنووسی نەبەتیان زانیوە، قورئانیان نووسیوەتەوە. بە لۆژیک لەم دوو ئالترنەتیڤە دەبێ یەکیان بێ.

تۆم هۆللاند ئاماژە بەوە دەکا، کە تەنیا ڕێنووسی نەبەتی نەبووە. بۆ سەلماندنی قورئان لە باکوور نووسرابێ. بەڵکوو زمانی یۆنانیش، کاریگەری زۆری لەسەر باکووری دوورگە هەبووە.

ئەو کاریگەرییە تەنیا لە ڕووی چیرۆک و ئەفسانەکانی یۆنانی وەک چیرۆکی ذو القرنین، ئەسکەندەر، چیرۆکی یاوەرانی ئەشکەوت نەبووە. بەڵکوو کاریگەری لەسەر زمانی قورئانیش هەبووە. ئەو ووشانەی لە بنەڕەتی یۆنانیان هەبووە وەک قصر، زخرف و صراط. ئەوانەش بە تێکەڵاوی عەرەب لەگەڵ بێزەنتیەکان لە سەردەمی پێش ئیسلام، خزاونەتە ناو زمانی عەرەبی و قورئان. [51]

# ۷ الله خودای باکوور بوو نەک باشوور و ناوەڕاست

ناکۆکی خەڵکی مەککە لەگەڵ نووسەری قورئان لەسەر ووشەی رەحمان بەڵگەیەکیترە، بۆ ئەوەی قورئان دەبێ لە باکووری دوورگەی عەرەب ئامادەکرابێ. و دواتر گەیشتبێتە مەککە. بۆ ئەو کێشەیەش دەبێ بەناو مێژووی پەرەسەندنی چەند ساد ساڵەی پەرەسەندنی دین و هاتنی بۆ ناوچەی حیجاز و بەتایبەتی مەککە و مەدینە دابچینەوە.

ووشەی الرحمان بۆ هەر موسوڵمانێکی ئاسایی، ناوێکە لە ۹۹ ناوەکانی خودای تاک و تەنیا. بەڵام بەکەمێک قووڵبوونەوە، لە ئایەتەکانی قورئان. و شێوەی ئاڕاستەکان، بۆمان دەردەکەوێ کێشەکە لەوە ئاڵۆزترە. و دەبێ نووسەری قورئان لەگەڵ جەماوەری قورەیش، ناکۆکی لێ دروستبووبێ. لەبەر ئەوەی قورەیشەکان، تا ئەو کاتە بە ووشەی الله ڕاهاتبوون. کەچی نووسەری قورئان، لەناکاو ووشەی رحمان لە جیاتی الله بەکاردێنێ. ئەوەش هەوڵدانێکە بۆ یەکخستنی نێوان باکوور کە الله دەپەرستن و باشوور کە رحمان دەپەرستن.

---

[51] Holland, Tom (2012). The Shadow of the sword. The birth of Islam and the rise of the Global Arab Empire. UK. London. Pp. 311-313, 335

ڕاسته له قورئان زۆربەی جار، هەردوو ووشەی الله و الرحمن لەجیاتی یەکتری، یان لەگەڵ یەکتر بەکار دەهێنرێن. کەچی لە هەند ئایەتی قورئان دووپاتەی ئەوە دەکەنەوە. کە ناحەزانی محمد اللهیان دەناسی و باوەڕیان پێی هەبوو. ئەوەش سەرەڕای ئەوەی بە بوتپەرست ناودەبردرێن.

القرآن الكريم - سورة الزمر ٣٩: ٣٨

ئەگەر لێیان بپرسی، کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە دەڵێن الله (٣٨)

ئایەتی تر هەیە کە دەڵێ ئەوانە الرحمن ڕەتدەکەنەوە

القرآن الكريم - الأنبياء ٢١: ٣٦

کاتێ خوانەناسەکان دەتبینن، تەنیا گاڵتەت پێدەکەن. دەڵێن: ئەمەیە، کە ئاماژە بە خوداکانتان دەکا؟ کەچی خۆشیان، بە یادکردنەوەی ڕەحمان کافرن (٣٦)

القرآن الكريم- سورة الرعد ١٣: ٣٠

ئەوە تۆمان نارده ناو ئەو گەلە، هەروەك چۆن بۆ گەلانی پێشترمان ناردن. بۆ ئەوەی هەرشتێک، لە ئێمەوە بەتۆ گەیشتووە. بۆ ئەوانی بخوێنیتەوە. کە چی ئەوان لە ڕەحمان نکۆڵی دەکەن. بڵێ: ئەو پەروەردگارمە، بێجگە لەو کەسیتر بۆ پەرستن نابێ. من خۆم بە ئەو سپاردووە، و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە. [52]

[52] Alfred Guillaume (1990). Islam. Penguin. pp.7

ئەم ئایەتەی خوارەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی قورەیش نکۆڵی لە خودای بە ناوی (الرحمن) دەکەن

القرآن الكريم سورة الفرقان ٢٥: ٦٠

هەرکاتێ پێیان دەگوترێ کڕنۆش بۆ رەحمان بەرن، دەڵێن: الرحمان کێیە؟ دەتەوێ هەرکەس تۆ بڵێی کڕنۆش بۆ ئەوە بەرین؟ ئەوە زیاتر سڵیکردنەوە (٦٠)

بەپێی هەندێ سەرچاوە ناوی الله و رحمان دوو خودای جیاوازن.
لە هەندێ چیرۆکی تردا (الرحمن) دەگەڕێننەوە بۆ موسەیلەمەی یەمامە ( ناوچەی نەجد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سعودیە)

کاتی ناحەزانی محمد گوێیان لە (البسملة)ی ئاشنا لەگەڵ ناوێکیتر بوو، محمدیان بەوە تاوانبارکرد. کە داوای خودایەکی تردەکا. لەبەرئەوەی، بەلای ئەوانەوە (الرحمن) خودای موسەیلەمە بوو. بۆیە محمد هەرگیز جارێکیتر تا مرد، ناوەی (الرحمن)ی نەهێنایەوە.

نێردەی خودا کاتی گوتی (بسم الله الرحمن الرحيم ) هاوکات موسەیلەمە لە یەمامە بە ناوی الرحمن بانگهێژی دەکرد. خەڵکی مەککە گوتیان ئەوە خودای یەمامەیە. خودا و نێردەکەی فەرمانیان دا، چیتر ناوی نەهێنی تامردیش دووبارەی نەکردەوە.[53]

ئایا رحمن هاومانای اللەیە یان خودایەکیترە؟
لە ناوچەی بئر مريغان لە تابلۆی کە لە ئەبرەهە بەجێماوە، بە الرحمن دەست پێدەکا. ئەوەش تاکە تابلۆ نییە. بەڵکوو لە گشت هەڵکۆڵین شوێنەوارەکانی دوورگەی عەرەبی، الرحمن خودای سەرەکی بووە. لە یەمەن و باشووری دوورگە بە شێوەیەک یەکتاپەرستی

[53] الراوی، سعيد بن جبير المحدث: ابن حجر العسقلاني. المصدر: الرداية. ج١ ص١٣٦

نەک بوتپەرستی!! کەچی بە پێچەوانەوە، ناوی الرحمن لە تابلۆ و هەڵکۆڵینەکانی باکوور نادۆزینەوە. ئەوەش وەک دابەشبوونی جوگرافی نێوان الله لە ناوچەکانی باکوور و الرحمن لە ناوچەکانی باشوور.

هەرچەندە، هەندێ جار خودا بە پەروەردگاری یەهودی یان پەروەردگاری ئاسمانان و زەوی ناو دەبرا. ئەوەش وەک هێمایەک، بۆ گەورەیی و تاک و تەنیایی خودابووە، تا کۆتایی سەدەی چوارەم س.ب یان دوو سەد ساڵ بەر لە ئیسلام. [54]

بە گشتی تێگەیشتنی جیاوازی نێوان الرحمن و الله، ترسێکی گەورەی لەسەر دینە نوێکە هەبوو. لەبەرئەوەی هیچ لە لایەنەکانی عەرەبی باشوور و باکوور، باوەڕیان بە خودای یەکتری نەبوو. نووسەری قورئانیش وەک سیاسەتی دینی ئامانجی دینێکی سەرتاسەری هەبوو. ئەوەش کارێکی ئەگە ئەستەمیش نەبووبێ، ئەوا زۆر سەخت بوو، بتوانێ یەک خودا بۆ عەرەبی باکوور و باشوور، لە سەرتاسەری دوورگەی عەرەبی وەدیبێنێ.

بەڵام زیرەکی نووسەری قورئان، لە  هەوڵدانی. بۆ ناساندنی الرحمن خودای تاکی عەرەبی باشوور. بۆ عەرەبی باکوور، کە باوەڕیان بە الله هەبوو. بە پلانێکی سەرکەوتووانە چارەسەر دەکا. سەرەڕای ئەوەی کێشەکە لە کاروباری ڕۆژانەی بانگهێژی دین، لە قورئانیش وەک

---

54 -C. J. Robin ،"South Arabia ،Religions In Pre-Islamic" ،in J. D. McAuliffe (Gen. Ed.) ،Encyclopaedia Of The Qur'ān ،2006 ،Volume Five Si – Z ، .Koninklijke Brill NV: Leiden (The Netherlands) ،pp. 84-85
- J. Ryckmans ،"South Arabia ،Religion Of" ،in D. N. Freedman (Editor-in-(Chief) ،The Anchor Bible Dictionary ،1992 ،Volume 6 ،Doubleday: New York ،pp. 174-175; J. Ryckmans ،"The Old South Arabian Religion" ،in W. Daum (Ed.) ،Yemen: 3000 Years Of Art And Civilization In Arabia Felix ، 1987? ،op. cit. ،p. 110; A. Sima ،"Religion" in St. J. Simpson (Ed.) ،Queen Of Sheba: Treasures From Ancient Yemen ،2002 ،The British Museum Press: London ،p. 165

دەستووری دین بۆ جێگیرکردن، ئاماژەی پێدەکا. و هەردوو ناوەکان لەیەک دەدرێن. یان وەک هاومانا دەردەبڕدرێن. کە وای دەرخا، هەردووکیان هاومانان. بەوەش بناخەی یەکێتی نێوان عەرەبی باکوور و عەرەبی باشوور دادەمەزرێنێ.

القرآن الكريم - سورة الإسراء ١٧: ١١٠

> بڵێ هاوار لە الله بکەن یا هانا بۆ ڕەحمان بەرن، هەروەک یەکە. ئەو ناوی پیرۆزی هەن، لە نوێژدا مەقیژێنە، و ورتە ورتیش مەکە، شێوەیەکی مام ناوەنجی هەڵبژێرە. (١١٠)

نووسەری قوڕئان بە لێکدانی دوو ناوی خودای باکوور و باشوور. توانی یەکێتی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەب، بۆ هەتاهەتایە جێگیرکا. الله و ڕەحمانیش لە فەرهەنگی دینی ئیسلام، بێجگە لە دوو ناوی خودا هیچیتر نەبن. ئەوەش لەلایەک شوێنەواری دینەکانی باشووری دوورگە ڕەشکرایەوە. مەگەر تەنیا لێتۆژەرەوان لە ڕێگای گەڕان بە دوای شوێنەواری کۆن و دۆزینەوەی هەڵکۆڵین و نەخشەی کۆن، وەک (تابلۆی بئر مريغان لە پارێزگای تثليت). [55]. ئەگینا بۆ موسوڵمانێکی ئاسایی ناوی ڕەحمان وەک ناوێکە لە ٩٩ ناوەکانی الله و هیچیتر.

ئەو شەش خاڵەی سەرەوە، بەڵگەن، کە شاری مەککە لەسەرەتادا ئەو شارە پیرۆز نەبووە، وەک ڕاڤەکاران و مێژوونووسانی موسوڵمان باسی دەکەن. ڕەنگە ئەگەر هەشبووبێ گوندێکی دوورەدەست بووە.

لەلایەکیتر کەعبە و پیرۆزی هیچ پەیوەندی بە تەنیا شاری مەککەوە نەبووە، بەڵکوو وەک کولتوورێکی کۆنی ئەو ناوچانە، لە کۆنەوە هەبووە. تەنانەت لە سەرتاسەری دوورگەی

---

55 حقبة الإسلامية. قصة أصحاب الفيل – التزوير المقدس

عەرەبی ٢١ کەعبەیتر هەبووین و خەڵکیش بەبێ ڕەچاوکردنی دین سەردانی کردوون. کەعبەی مەککە یەک لەو کەعبانە بووە. سەرەڕای ئەوە بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو، کەعبەی مەککە لەلایەن قصي بن کلاب دروستکراوە. واتە تەمەنی تەنیا دوو سەدساڵ بووە کە ئیسلام سەری هەڵداوە. [56]

کە یەهودیە نەساڕیەکان و عەرەبەکانی هاوپەیمانیان، بە درێژایی چەند سەدەی پێشتر کۆچیان بۆ کردووە. لێی جێگیربووین. و پەرەیان بە دینی یەهودی نەساڕی داوە. ئەوانەش هەر لە شامەوە تا میسۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی، وەک هۆزی پەرتوبڵاو ژیاون و کاروباری دینی خۆیان بە ئەنجام گەیاندووە. دواتر بەهۆی ڕەخسانی دەرفەت، لە پەرەدان بە دین گۆڕاوە بۆ هەوڵدان بۆ دینێکی نوێ. ئەو بابەتە لە بەشی دواتر بە درێژی باسدەکرێ.

[56] علی، دکتور جواد. مفصل فی تاريخ العرب قبل الإسلام، جلد الرابع، ص ٥٤

# سەفەری ئیبراهیم و ئیسماعیل لە تەورات

ئەگەر چیرۆکەکانی تەورات ئەفسانەشبن، کەچی دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەین. کە یەکەم سەرچاوەیە، چیرۆک و ژیانی نەبی ئیبراهیمی تێدا تۆمارکراوە. هەر لەوێش لە پەرتووکی ئەفراندن (خلق) دا، بە ڕوونی بە شێوەی کرۆنۆلۆژی، باسی سەرتاسەری ژیان و بەسەرهات و سەفەرەکانی ئیبراهیم دەکا. لە ناو ئەو باسانەشدا، بە شێوەی چیرۆک باسی دەربەدەرکردنی هاجەر و ئیسماعیل داکا. سەرتاسەری گێڕانەوەکانی تەورات، ناکۆکن لەگەڵ دەقەکانی قورئان. و بەگشتی پێچەوانەی چیرۆکەکانی مێژوونووسانی ئیسلامن.

سەفەرەکانی ئیبراهیم، بەپێی چیرۆکەکانی ناو تەورات، لە سێ پەرەگراف پێکدێ. کە بە ڕوونی باسیان دەکا. هەرچەندە یەک لەو سەفەرانە، دەربەدەرکردنی هاجەر و ئیسماعیلە. سەرەڕای ناکۆکی زۆری لەگەڵ قورئان، مەسوڵمانان وای لێکدەدەنەوە، دەبێ بەرەو حیجاز - مەککە ڕۆیشتبێ.

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ١٣: ١

ئەبرام لە میسرەوە، بەرەو نەقەب (نجب) بەڕێکەوت.

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ٢٠: ١

)١) ئەبرام لەوێوە گواستیەوە، بۆ خاکی نەقەب (نجب)، لە نیوان قدیش و شوور لە گرار (جرار) دوورکەوتەوە.

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ٢١: ١٤ - ١٦

)١٤) سبەی بەیانی زوو ئیبراهیم لە خەو هەڵسا. نان و مەشکەیەک ئاوی هێناو و دایە هاگەر. خستیە سەرشانی و لەگەڵ کوڕەکەی بەڕێیکرد. ئەویش ڕۆیشت. و لە چۆلەوانی بیر شابا (بیر شبع) وێل بوون. (١٥) کە مەشکەکە ئاوی تێدانەما، کوڕەکەی لە ژێر دەوەنێک دانا (١٦) ئەوسا ڕۆیشت و لە دوورەوە، بە دووری تیرهاوێژێک بەرامبەری دانیشت. چونکە گوتی: با مەرگی کوڕەکەم نەبینم. ئیتر دانیشت و بە دەنگی بەرز دەگریا.

دواتر لە هەمان دەق بەردەوام دەبێ:

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ٢١: ١٩

)١٩) ئینجا خودا چاوەکانی هاگەری کردەوە. ئەویش بیرێکی ئاوی بەدیکرد. و چوو مەشکەکەی لێ پڕکرد. و ئاوی دایە کۆڕەکەی.

)٢٠) خودا لەگەڵ کوڕەکە بوو. و لە چۆلەوانی پاران دەژیا. بووە تیرهاوێژ (٢١) لە چۆلەوانی پاران نیشتەجێبوو، دایکیشی لە خاکی میسر ژنی بۆ هێنا.

بەپێی دەربڕینێکی تری تەورات لە پەرتووکی ژمێرە، پاران دەکەوێتە بیابانی سینا، نزیک سنووری میسر.

پەیمانی کۆن - تەورات – ژمێرە ١٠: ١١ – ١٣

)١١) لە بیستی مانگی دووی ساڵی دووەمدا، هەورێک لەسەر چادری پەیمان بەرزبووەوە (١٢) جا بەنی ئیسرائیل لە قۆناخەکەیان لە چۆلەوانی سینا بەڕێکەوتن. تا هەورەکە، لە چۆلەوانی پاران نیشتەوە (١٣) بەپێی فەرمانی خودا، لە ڕێگەی موساوە، بۆ یەکەمین جار کۆچەکەیان دەستپێکرد.

لەم چەند برگەیەدا، بە پێی دەقی تەورات، خودا لە دوای پەڕینەوەی گەلی ئیسڕائیل لەدەریا، و گیرسانەوەیان لە بیابانی سینا لەگەڵ موسا، پەلە هەورێکی کردۆتە ڕێشاندەری گەلی ئیسڕائیل. بەرەو خاکی کەنعان. دەبینین یەکەم قۆناخ، کۆچەکەیان بەرەو پاران دەڕوا. کەواتە پاران دەبێ زۆر لە خاکی میسر نزیک بێ.

ئایەتی دووەم لە قورئان، کە باسی مەککە دەکا. لە سورەتی (الفتح)ە، کە سورەتێکی مەدینەیە.

القرآن الكريم- سورة الفتح ٤٨: ٢٤

> ئەوە بوو، ئێوەی لەدەست ئەوان پاراست. و ئەوانیشی لەدەست ئێوە. کاتی لەناو جەرگەی مەککە، خودا کردی ئێوە بەسەریاندا زاڵبوون (٢٤).

ئەو دەربڕینەی قورئان ڕاستە مەبەستی مەککەیە. بەڵام چ لە بواری مێژوویی، یان لە بواری چۆنیەتی و قەوارەی مەککە و برەوی بازرگانی ناتوانرێ، وەک بەڵگە مامڵەتی لەگەڵ بکرێ. یەکەم ئەو سورەتە لە سەردەمی کۆتایی مەدینە هاتووە. و باسی سەرکەوتنی ئیسلام دەکا، بەرامبەر خەڵکی قورەیش لە مەککە. بە لێکدانەوە دەبێ هێرشی موسوڵمانان بێ بۆ گرتنی مەککە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ ئاماژەیەکی مێژوویی تێدا نییە. دووەم نازانین مەککە شارە، گوندە یان دۆڵێکی مەیدانی شەڕە. بۆیە وەک ڕوونکردنەوەیەکی ئاساییش ناتوانرێ وەربگیرێ.

بێجگە لەو دوو شوێنە، لە هیچ ئایەتێکی تر، لە سەرتاسەری قورئان، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە شاری مەککە نەکراوە. بۆیە ناتوانین لەوە زیاتر سوود لە دەقەکانی قورئان وەربگرین. کەچی لەجیاتی ئەوە دەتوانرێ، ئەو دەقانەی تەورات لەگەڵ سەرچاوەکانی لاوەکی دینی ئیسلام، بەراورد بکرێن. ئەو سەرچاوانەی مێژوونووسانی ئیسلام، سەبارەت بە سەفەری ئیبراهیم نووسیویانن.

ئەوەی جێگای تێڕامانە ووشەی (نجب)ە. هەندێک لە مێژوونووس و ڕاڤەکارانی ئیسلام، بە باشوور (جنوب) لێکیان داوەتەوە. کەچی بەپێی لێکدانەوە، لەو مانایەوە دوورە. لەبەرئەوەی بە بەدواداچوونێکی سەجەم ئەو پەرەگرافانەی سەبارەت بە ئیبراهیم و سەفەرەکانی، لە تەورات. دەگەینە ئەنجامگیرییەکی پێچەوانە.

ئەم ووشەیە لە زمانی عیبری (نگف)ە کە مەبەست بیابانی نەقەبە. و دەکەوێتە باشووری ئیسرائیل. کەچی ڕاڤەکارانی ئیسلام بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، کردوویانەتە باشوور (جنوب) تا لەگەڵ چیرۆکی سەفەری ئیبراهیم بۆ مەککە بگونجێ[57]. ناتوانێ لۆژیکی تێدابێ. و لە چەند ڕووێکەوە ناکۆکە، کە دەبێ ئاماژەیان پێبکرێ:

یەکەم: بەرێکردنی هاجەر و ئیسماعیل بەرەو باشوور نەبووە. بە پێچەوانەوە بە ڕاشکاوی لە تەورات دیاریکراوە. بۆ چۆلەوانی بیر شابا بووە. واتە ئەو چیرۆکە بە هەڵە وەرگیراوە. لەبەر ئەوەی ئیبراهیم لەگەڵیان نەچووە، بەڵکوو دەریکردوون و تەنیا یەک مەشکە ئاوی پێ ڕەوا بینیون.

دووەم: سەفەری بەرەو نەقەب (نجب) لەگەڵ سارا و لوتی برازای بوو. ئەوەش تەورات بە جوانی دەریبڕیووە.

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ١٣: ١

)١) ئەبرام خۆی و ژنەکەی و هەرچیەکی هەیانبوو، لەگەڵ لوت لە میسرەوە، چوونە نگف (نەقەب).

57 القمنی، سید محمود. النبی إبراهیم و التاریخ المجهول ص ٧٤ - ٧٥

بەڵام دوای گەیشتنە نەقەب، هەر لە تەورات جارێکیتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە. کە هەرگیز ئەو شوێنە نابێ باشوور، یان مەککە بێ. بەڵکوو خاکی ئیسرائیلە.

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ١٣: ١٠

)١٠) لوت چاوی هەڵبڕی. و بینی هەموو دەوروبەری ڕووباری ئوردن بەرئاوە. وەک بەهەشتی خودا وایە. وەک میسر.

بە خوێندنەوەی ئەو پەرەگرافە، بە جوانی دەردەکەوێ، کە ئەو خاکەی سەفەریان بۆ کردووە. باشوورێکی ووشک و گەرمەسێر نەبووە. بەڵکوو شوێنێکی بەراو و سەوزاییە. و وەک بەهەشت وابوو. کە لەگەڵ خاکی میسر لەیەک دەچن. بۆیە ناکرێ بێجگە لە نەقەب خاکێکی تر بێ[58].

بە گشت لێکدانەوەیەک ناتوانرێ ئەوە پشتڕاست بکرێتەوە. کە نەبی ئیبراهیم بەرەو مەککە ڕۆیشتبێ. لەبەر ئەوەی چۆلەوانی یان بیابانی پاران کە ئیبراهیم هاجەر و ئیسماعیلی لێ دەربەدەر کردوون، دەکەوێتە نیمچە دوورگەی سینا. کە لە باشوورەوە سنووری دەگاتە دەریای سوور و لە باکووریش دەگاتە قادیش و بیر شابای خاکی کەنعان[59].

سێیەم: لێکدانەوەیەکی تری لۆژیک سەبارەت بەم دەربڕینە هەیە. کە ڕاڤەکارانی موسوڵمان توانیویانە سوودی لێوەربگرن. واتێگەیشتبن، سەفەرەکەی بەرەو باشوور بووبێ. مێژوونووس پاولۆس ئۆرۆسیوس (٣٨٥ – ٤٢٠ س.ب) لە مێژووی جیهان، بەشی جوگرافیای جیهانی کۆن و سنووری ووڵاتان. سەبارەت بە باشوور و باکووری میسری کۆن،

---

58 القمنی، سید محمود. النبی إبراهیم و التاریخ المجهول ص ٩٩

59 Jewish virtual library. A project of Aic

دەڵێ بەکارهێنانی زاراوەی باشوور، بۆ میسر هەندێک پێچەوانەیە. پاولۆس دەنووسێ، ئەو ناوچەیەی پێی دەگوترێ میسری باشوور لەڕاستیدا، دەبێ مەبەستی میسری باکووربێ[60].

لێکۆڵەرەوان باوەڕیان وایە، مەبەستی ئۆرۆسیوس لە باشوور ناوچەی دێڵتایە. کە ڕووباری نیل لە باشوورەوە بەرەو باکوور دەکشێ. لەو سەردەمەدا ئاڕاستەی باکوور و باشوور بەپێی ئاوەڕۆی ڕووبارەکان دیار دەکران. بۆ نموونە باشووری میسۆپۆتامیا، بەپێی ڕەوتی ئاوی ڕووباری فوراڕت دیاریکراوە. بە هەمان شێوە ئاڕاستەی باشوور لە میسر، بە پێی ڕەوتی ڕووباری نیل، دەکاتە ناوچەکانی باکوور و دێڵتای نیل. کە نەقەب و باشووری ئیسرائیلیش دەگرێتەوە.

بە پێی بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی. هەرچەندە سەرچاوەکانی ئیسلام، پێیان وایە ئەو کاتەی هاگەر لەگەڵ ئیسماعیل، لە خاکی کەنعان دەربەدەرکران. بۆ مەککە چوون. بەڵام بەپێی گشت بەڵگە و تۆمارەکان، پێچەوانەیە و ڕێگەی تێناچی. ئەگەر تەنیا بۆ یەک تاویش بێ، با کەمێک لۆژیکیانە بیرکەینەوە. بە هیچ شێوەیەک ڕێی تێناچێ. تەنانەت بۆ پاران ڕۆیشتبن. لە ئۆرشەلیمەوە تا پاران، بە پێی گووگڵ ماپ ٥٤٢ کیلۆمەترە. با بڵێین ئەوە ئەفسانەیەکی تەوراتە! کەچی لە ئۆڕشەلیمەوە کورتترین ڕێگا، بۆ مەککە. بە پێی گووگڵ ماپ، نزیکەی هەزار و چوارسەد و هەشتا کیلۆمەترە.  هەڵبەتە ڕۆیشتنیان بۆ پاران تەنیا خەیاڵ ڕێگا دەدا، ئەگینا ئەستەمە دوو کەس بە تەنیا یەک مەشکە ئاوو و بە پای پەتی ئەو هەموو ڕێگایە ببڕن. سەبارەت بە مەککەش. ئەگەر پێمان وابێ هاگەر و ئیسماعیل ئەو بیابانە دوورەیان بڕیێ، گەیشتبنە مەککە. دەبێ تەواو لە جیهانێکی خەیاڵی دابژین. و بێ ئاگابین لەو جیهانە و ڕیالیزمی ڕووداوەکان.

[60] Paulus, Orosius (1965) The seven Books of history against the pagans world history. Ancient Pp62

لەجیاتی ئەوە دەبێ باوەڕمان بەوەبێ، کە جیهانی دین و ئەفسانەکانی سنوورێکیان لە نێوان ڕیالیزم خەیاڵ نەهێشتۆتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەو باسە دەربارەی مێژووی شاری مەککەیە، لە مێژوودا. نەک باسێکی تیۆلۆژی. بەڵام هەر گرنگە ڕەچاوی سەرچاوەکانی هەردوو دین (قورئان و تەورات) بکەین. ئەوسا دەرگای لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی ئاوەڵاکەین. کە مەبەستی سەرەکی ئەو باسەن.

# پەیمانی کۆن باسی مەککە ناکا

سەرچاوەی بنەڕەتی دینە ئیبراهیمیەکان، لە گشت بارێکەوە پەیمانی کۆن. کە وەک چەترێک توانیویەتی بخزێتە ناو پەرتووکی پیرۆزی دینەکانیتر. ئەفسانە و چیرۆک و یاساکانی ژیان و مردن لەوێوە سەرچاوە دەگرێ. پەیمانی کۆن بریتییە لە ٣٩ پەرتووک. و لە هەر پەرتووکێک باس و خواسی یەک لە نەبیەکان و سەرهەڵدانیان و شەڕو چاکەیان دەکا. هەر لەو چیرۆکانەش باسی ناوچە و شار و هۆز و بنەماڵەکانی هەر شوێنێ دەکا. زۆر جار لە دەقێکی تایبەت بە مێژووێک بەستراوەتەوە. کە لێتۆژەرەوە، بە ئاسانی دەتوانێ ڕاستی و ناڕاستی چیرۆک و دیاردەکان ساخکاتەوە.

ئەگەر لێتۆژەرەوە بیەوێ سەبارەت بە شوێنێ، یان ڕووداوێک بە دواداچوون بکا، زۆر گرنگە ڕەچاوی دەقەکانی پەیمانی کۆن بکا. هەر بۆیە لە جێگای خۆیەتی سەبارەت بە شاری مەککە سەرێک لە پەیمانی کۆن بدەین. و ئەو لاپەڕە و پەرەگرافانە بەسەرکەینەوە کە بەلای کەمی سەبارەت بە هەمان کەس یان مێژوو نووسراون. بەوەش دەبنە سەرچاوەیەکی بەراوردکاری بۆ دیاردەکە.

# لە گەشتەکانی ئیبراهیم مەککە بوونی نییە

لە ناو دەقەکانی پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەفراندن، باسی گشت سەفەرەکانی ئیبراهیم دەکا. هەر لە ئوری کلدانی، تا حاران. لەوێشەوە بۆ خاکی پەیمان و دوای مانەوەیەکی باش ئەوسا بۆ میسر و دوایی گەڕانەوەی بۆ خاکی کەنعان.  تا دەگاتە هۆکار و ووردەکاری سەفەرەکانی، و دەرئەنجامیان. کەچی بەهیچ شێوەیەک باس لە ناوچەی حیجاز یان شاری مەککە ناکا. ئەگەر ڕاستە سەفەری لەگەڵ هاگەر و ئیسماعیل بۆ مەککە کردووە، دەبوایە لە توێی سەفەرێکی یان ڕووداوێک ناوی مەککەی هێنابا. و هەروەها باسی پیرۆزی ئەو شارەشی لە پەیمانی کۆن بکرابایە. [61]

بەپێی لێکدانەوەی مێژوونووسانی موسوڵمان، لەسەردەمی ئیبراهیم کە دەکاتە سەدەی هەژدەمی پ.س.ب، دەبێ شاری مەککە هەبووبێ.  لەسەردەمی موسا، کە نزیکەی چوار سەد ساڵ دواتر دەبوایە شارێکی ئاشنا بووبێ. و پێگایەکی گرنگی دینی و کۆمەڵایەتی هەبوایە. کەچی لە توێی پەرتووکەکانی پەیمانی کۆن، باسی بچووکترین هۆزەکانی ئەو ناوچەیە دەکا. کەچی شارێکی وا  گرنگ و پیرۆزی وەک مەککە، کە بە پێی قورئان خاوەنی (مقام إبراهیم) بێ، کەچی تەورات ناوی نەهێنابێ. ئەوەش دەبێتە بەڵگەیەکی ڕوون کە مەککە لە سەردەمی موسا و دوتریش بوونی نەبووە. [62]

---

[61] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp. 231

[62] Ibid. Pp 232

له دوای موسا نەبیەکانی بەنی ئیسرائیل لە گەشت و داگیرکاری بەردەوام بووین، لەوانە یەشوع بن نون، ئەزرا، ئەیوب، نەحمیا، حەزقیال و یونس و هتد. کەچی نەک تەنیا ناوی مەککە، تەنانەت ناوی حیجازیش نادۆزینەوە.

سەرەڕای ئەوەی لە پەیمانی کۆن، باسی چەندین هۆز و بنەماڵەی بچووک کراوە، کە لەو سەردەمە دا هەبووین. ئەو هۆزانە لە سەردەمانێک دابووین، کە هیچ یەک لەوانە بە نەتەوە، شانیشین یان شار نەدەناسران. شارەکانی دیدان، قەدەر و تەیما. مێژووی ئەو شارانە و فەرمانڕەواکانیان، لە ڕێگای مێژووی پاشاکانی ئاشوور و بابل دەگەنە ئێمە. لەبەر ئەوەی ئاشووری و بابلی پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ شارە عەرەبیەکانی دوورگە هەبوو. هەندێک جاریش هێرشیان دەکردە سەریان و داگیریان دەکردن. بۆ نموونە پاشاکانی میسۆپۆتامیا هەردوو شاری قەدەر و دیدانیان داگیرکردبوو. هەروەها پاشای بابل کە باکووری دوورگەی عەرەبی داگیرکرد. شاری تەیماشیان کەوتە ژێر دەست. و بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ لە نێوان ساڵانی ٥٥٠ – ٥٤٠ پ.س.ب هەر بەردەوام بوو.[63]

ئەگەر شارێکی وەک مەککە، بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام، بەوگەروەییە هەبووبێ. و لە توێی دەقێکی پەرتووکەکانی پەیمانی کۆن باسی نەکرابێ، لە کاتێکدا نەبی ئیبراهیم لێی دابەزیێ و شوێن دەستی لەو شارە هەبووبێ. نابێ بێ هۆکاربێ.[64]

[63] K.A. Kitchen, Documentation For Ancient Arabia, Part I, Liverpool University Press, 1994), page 169

[64] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp . 151

# له گەشتەکانی نەبی سلێمان، مەککە دیارنییە

هەرچەندە، هەرچەندە سلێمان پاشا لە کەلەپووری ئیسلام، بە نەبی دادەنرێ. و بە ناوی (حەزرەتی سلێمان) ناو دەبرێ. بە درێژایی ١٤ پشت، هەر لە ئیبراهیمەوە تا دەگاتە سلێمان [65]، کەم یان زۆر باسی ناوچە جیاجیاکانی دوورگەی عەرەبی و میسۆپۆتامیا ، لە پەیمانی کۆنکراوە. ئەو باسکردنانەش هەندێ جار، بە شێوەی سەرپێ. و هەندێ جاریش پڕ ووردەکاری لە باسی شەڕ یان گەشتێکی بازرگانی ئاسایی.

بەڵام گرنگترین و ئاشناترین چیرۆک هەم لە پەیمانی کۆن و هەم لە قورئان. چیرۆکی نێوان سلێمان و شاژنی سەبایە (سبەء). کە بە درێژی، باس لە چیرۆکی سەردانی شاژنی سەبا، لە یەمەنەوە بۆ لای سولەیمان لە ئۆرشەلیم دەکا. ئەوەش ٢٥ ئایەتی قورئانی لە سورەتی النمل گرتۆتەوە. (القرآن الكريم – سورة النمل ٢٧: ٢٠ – ٤٤ )

لە پەیمانی کۆنیش لە دوو پەرتووکی جیاواز بە درێژی باسی ئەو پەیوەندییە دەکا.
پەیمانی کۆن - یەکەم پاشایان ٩: ٢٦ – ٢٨

)٢٦) هەروەها سلێمانی پاشا چەند کەشتییەکی لە عەچیۆن گەڤەر ئەوەی لە نزیک ئێلەتە لەسەر کەناری دەریای سوور لە خاکی ئەدۆم دروستکرد. (٢٧) حیرامیش خزمەتکارەکانی خۆی کە کەشتیوان و شارەزای دەریا بوون، ناردنییە ناو کەشتییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ خزمەتکارەکانی

---

[65] پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ١: ١ - ٧

سلێماندا بن. (٢٨) ئیتر چوونە ئۆفیر[66] و لەوێوە چوار سەد و بیست تالنت زێڕیان هەڵگرت و بۆ سلێمان پاشایان هێنا.

بەپێی ئەو دەقەی پەیمانی کۆن، سلێمان پاشا خەریکی پەیوەندی دەریایی و ووشکانی بووە. پەیوەندیشی لەگەڵ پسپۆر و خەڵکی ئاشنا بە ناوچە جیجیاکان هەبووە. دیارە پاشایەک خەریکی گشت ئەو کەشتیڕانیەبێ لە دەریای سوور بە یارمەتی شارەزایانی دەریا. دەبێ ناوچەکان و نەخشەی کەشتیڕانی و ئاشنایەتی بە هۆزەکانی ناوچەکە هەبووبێ. تا دەگاتە قەراخی کەنداوی فارس. کەچی لە ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبی ناوی مەککە نادۆزینەوە.

بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی چیرۆکەکە لە نێوان قورئان و پەیمانی کۆن، باسی گەشتی دوورودرێژی شاژنی سەبا، بە کەشتی هەر لە یەمەنەوە تا خاکی پەیمان دەکا. کەچی لە هیچ کام قورئان و پەیمانی کۆن، هەواڵێک لەسەر ئاوەدانیەک لە ناوچەکە و شاری مەککە، یان تا بگرە لە قەراخی دەریای سووریش بەدی ناکرێ.

ئەگەر بەدواداچوونێک، بۆ چالاکی بازرگانی نێوان وولاتانی دەریای ناوەڕاست و سەرجەمی شانیشین و شارەکانی سەرڕێگای یەمەن بکەین. شارێک نییە، لەسەر ڕێگای بازرگانی. هەر لە شام و خاکی پەیمان تا دەگاتە یەمەن تۆمارەکانی پەرتووکی پیرۆز نەیگرتبنەوە. هەندێک لەو شارانە لەبەرگرنگی پێگەیان زۆر جار دووبارە بوونەتەوە. کەچی لە هیچ شوێنێکی پەیمانی کۆن باسی مەککە نەکراوە.

لە یەمەن دوو شانشین هەبووین، کە لە سەدەی دوازدەمی پ.س.ب دامەزراون. ئەو دوو شانشینەش، شانشینی سەبا و شانیشینی موعین بوون. لێتۆژەرەوان لەسەر ئەوە کۆک نین کە کام لەو شانشینانە، پێشتر دامەزراوە. هەندێک لەوانە پێیان وایە شانشینی موعین

[66] ئۆفیر دەکەوێتە نزیک کەنداوی فارس

کۆنترە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٣ی پ.س.ب. هەندێکی تریش لەو باوەڕەدان، سەبەئیەکان کۆنتر بوون. و لە دەوروبەری سەدەی ١٢ پ.س.ب دەستیان پێکردووە .[67]

پەیوەندی بازرگانی نێوان سەبا، لە یەمەن و وولاتانی دەریای ناوەڕاست، وەک ئیسرائیل، بە ڕێگای دەریا و ووشکانی قەراخی دەریای سوور، بۆ بازرگانی زۆر گرنگ بووە. بەڵام دەبینین شاژنی سەبا بەو بارگە گەورەیە، ڕێگای دەریا بۆ ئۆرشەلیم هەڵدەبژێرێ. و نایەوێ بە ڕێگای ووشکانیدا بڕوا، ئەگەرچی ڕێگای ووشکانی زۆر کورتترە. هۆکاری سەرەکی ئەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاوەدانی، و ترسی جەردە و ڕێگر. و ڕێگای بیابانێکی قاقڕ. بۆیە بە ناچاری ڕێگەی دەریایان هەڵبژاردووە. ئەگەر ئەو ناوچایەی شاری مەککەی ئێستای لێیە ئاوەدانی بوایە و ئەوەندەش بە ناوبانگ بوایە، خۆ دەبوایە، ناو و ناوبانگی گەیشتبایە شاژنی سەبا. ئەوەش تاکە ڕووداو نەبووە، بەڵکوو لە سەدەی ١٠ و ٩ پ.س.ب لە باکووری دوورگەی عەرەبی شار دروستبوون. دەستیان بە گەشتی بازرگانی لە نێوان سوریا و یەمەن. ئەو کاروانانە ڕێگای دەریایان پێ باشتربوو. لەبەر ئەوەی ترسی جەردە و ڕێگری کەمتربوو، لە ووشکانی. ئەگەر ئەو ناوچەیە ئاوەدان بوایە و مەککەش بەو پیرۆزیەی هەبوایە. بەلای کەم، دەبوایە شاژنی سەبا، لەو گەشتەیدا ناویان هێنابوایە.

پەیمانی کۆن - دووەم پوختەی مێژوو ٩: ١

> کاتێک شاژنی شەبا ناوبانگی سلێمانی بیست، هاتە ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی بە چەند مەتەڵێک تاقی بکاتەوە. بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، وشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها، هاتە لای سلێمان و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لە دڵی بوو قسەی لەگەڵ کرد.

---

[67] Amari, D. Rafat. Islam in light of History, A Religion Research Institute Publication. Pp. 232

شاژنی سەبا لە یەمەنەوە دەگاتە ئۆرشەلیم. بۆ ئەوەی سلێمان ببینێ. کەچی باسی جێگایەکی پیرۆزی وەک مەککە ناکا. یان سلێمان، سەرەڕای ئەوەی خۆی نەوەی ئیبراهیمە. کەچی سەبارەت بە پەیوەندی سەبەئیەکان لەگەڵ مەککە، پرسیار لە شازادە ناکا. ئەوەش یەک مانای هەیە. نە مەککە و نە ئەو ناوچەیەش نابێ ئاوەدان بووبێ. بۆیە لای هیچکامیان، شتێکی گرنگ نەبووە.

# شاری مەککە لە دیدی مێژوونووساندا

کاتی بەرەو ڕووی چیرۆکێکی ئەفسوناوی و دروستکراوی، مێژوونووسانی ئیسلام دەبینەوە. بە گومانەوە داوای ڕوونکردنەوە، لە موسوڵمانان دەکەین، لە وەڵامدا دەڵێن: تا ئێستا، هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست دانییە، کە بتوانێ پێچەوانەی بسەلمێنێ. یان دەڵێن بەڵگەت چیە کەوا نییە؟

ئەو وەڵامە بۆتە وێردی سەر زمانی، هەرچی مەلا و بەناو خوێندەوارەکانی موسوڵمانە. کەچی لە نادروستی ئەو شێوە وەڵامە تێناگەن. و وەک سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار دەکەن.

گەلۆ لەبەردەست دا نەبوونی بەڵگە، مانای نەبوونی بەڵگە نییە. ئەگەر شاری مەککە هەبوایە. و ئەوەندە کۆن و پیرۆز بوایە. دەبوایە شوێنەوار و تۆماری مێژوویشی بە ئامار، گۆڕەپانێکی فراوانیان بۆ لێتوژینەوە هەبوایە. دەبوایە بە دەیان گەڕۆک و مێژوونووسی کۆن، چۆن باسی بەنداوی (مأرب) یان لە یەمەن کردووە. باسی شاری ئۆڕشەلیم و شوێنەوارەکانی کۆنی یەهوودیانیان کردووە. دەبوایە، لەبەر گرنگی جوگرافیی و مێژوویی، زیاتریش باسی مەککە، و پیرۆزی دینی وەک ئۆڕشەلیم، و گەشانەوەی بازرگانی بکەن. یان بە دەیان شوێنەواری کۆنی سەردەمی ئیبراهیم و هتد... لە مەککە و دەوروبەری هەبان. و شوێنەوارناسی لە دوور و نزیک بۆ هاتبان. و دارو بەردی ئەو دۆڵانەیان بە دوای نیشانەیەکی شوێنە پیرۆزەکان هەلکەندبان. تا دەگاتە بوونی ناوی مەککە لە لیستی ناوی شوێنەوارە دێرین و گرنگەکانی یونسکۆ، بۆ پارێزگاری لە کەلەپووری چەند هەزار ساڵەی بەر لە هاتنی

ئیسلام. هەر ئەوەندە بۆخۆی وەڵامە کە دەبوایە خوێندەواری موسوڵمان باشتر لێی تێبگا. و پرسیاری نەبوون و نە دۆزرانەوەی شوێنەوارناسی لە بیریدا بورووژێنێ.

وا لەم بەشە و بەشەکانی دواتر، سەبارەت بەو بەڵگانەی ئەوان دەڵێن، لەبەر دەست دانین. و مێژووش لە گۆشەی پەرتووکخانەیەکی دوورەدەست هەڵیگرتوون. و دەڵێ هەن و دەبێ بدۆزرێنەوە. هەوڵدەدرێ و بخرێنە بەر ڕووناکی. و لێکدانەوەیەکی پوختیان بۆ بکرێ. ئەوسا ڕاستییەکان خۆیان ئاوەڵادەکەن. ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنیا ڕووماڵێکی بنەڕەت و سەرڕاستی پرۆسەی مێژووە.

مێژووی گەڕان و ڕووماڵکردنی خاک و نەتەوەکان، هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە، کارێکی ستراتیژی و بەردەوام بووە. لە هەمان کاتدا باشترین ئامرازیشە بۆ لێتۆژەرەوان، کە بە دوای دیاردەکانی سرووشتی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بگەڕێن. بەڵام ئەو کارەش پشوودرێژی و ماندوونەناسی دەوێ. گەڕان بەناو نەخشەی جوگرافی و گێڕانەوەکانی مێژوونووساندا کاتێکی زۆر و ماندووبوونێکی لە ڕادەبەدەری دەوێ. کە ڕەنگە زۆر لەو نەخشە و تۆمار و ڕووماڵانە، یان لەناو چووبن، یانیش خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیان، ئەگەر ئەستەمیش نەبێ زۆر سەخت بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترین ڕێگایە، بۆ کارێکی مێژوویی دوورەدەست. بەلای کەمی هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا.

ئەو پسپۆر و کەسە ماندوونەناسانەی، خەریکی شەونخوونی لێتۆژینەوەن، لەو بوارەدا، باش دەزانن لەناو دەلاقەی هەر پەرتووکخانەیەکی کۆن دا. بە دەیان نەخشەی جوگرافی و گێڕانەوەی مێژوونووسان، وەک گەنجینەیەک هەڵگیراون. ئەو جوگرافی و مێژوونووسانە، وەک سەربازی وون، لە گەشتی ژیان و مەرگدا بەردەوام زانیاریان، بە شێوەی گێڕانەوە و کارتۆگرافی تۆمارکردوون. و وەک گەنجینەیەکی گرانبەها هەڵیانگرتوون و پاراستوویانن.

ئەوانە بە ماندووبوونی خۆیان، توانیویانە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی و ڕووداوەکانی تۆمارکەن. و لەو ڕێگایەوە گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی بەڵگەنامە و گەواهی و تۆماریان بەجێ هێشتووە. کە ناتوانرێ، هەروا بە ئاسانی بخەملێنرێ. بۆ نموونە لەگەڵ گەڕان و لێتۆژینەوەیان، لە هەر ناوچەیەک تۆماری سەرجەم، ئەو هۆز و ڕەچەڵەکی بنەماڵەکانیان، لەگەڵ شوێن و شێوەی ژیانیان کردووە. لە ڕووی جوگرافیشەوە، ناوی شار و گوند و چیا، تا دەگاتە پەرستگا و شتە گرنگەکانی، کە دەکرێ بەهایەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بێ ئەندازەیان هەبێ. ئەوە سەرەڕای سرووشتی ناوچەکە. و کولتوور و ئاکاری خەڵکی جۆراوجۆر. بەبێ ڕەچاوکردنی سەر بە کام نەتەوە یان دینن، لە ناوەوە و دەرەوەی هەر ناوچەیەکی سەردانیان کردبێ. هەگبەی خۆیان لە زانیاری پڕکردووە.

ئەو ناوچە جوگرافیایەی مەبەستی ئەو باسەیە. ناوچەکانی دوورگەی عەرەبیە. بەتایبەتی ناوچەکانی ڕۆژئاوای دوورگە، تا دەگاتە ناوەڕاستی بە درێژایی قەراخی دەریای سوور. هەر لە یەمەنەوە لە باشوور، تا دەگاتە ناوچەکانی هەرە باکوور و کەنداوی عەقەبە. خۆشبەختانە زۆر بە ووردی تۆمارکراون. بۆیە باشترین ڕێگایە، بتوانین سۆراخێکی شاری مەککە. و پرۆسەی مێژوویی، لەناو ئەو گەنجینەیەدا بکەین.

# یەکەم تۆمارهی میسریەکانە بۆ یەمەن

ئەوەی مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە یەکەم تۆماری نیمچە دوورگەی عەرەبی، هی میسرییەکان بووە. لە سەدەی چواردەمی پ.س.ب دەربارەی یەمەن بووە. ئەو مێژووەش، بەپێی تەورات و مێژووی کۆچی ئیبراهیم، نزیکەی چوار سەد ساڵ دوای سەردەمی دەربەدەربوونی هاگەر و ئیسماعیل بووە. میسرییەکان دەیانزانی خەڵک لە یەمەن دەژی. و ئەوەش یەکەمین تۆمارە لە مێژوو، سەبارەت بە باشووری ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی. کە لەسەردەمی فیرعەون توتمۆسیسی سێیەم (١٤٧٩- ١٤٢٥ پ.س.ب) ماوەی فەرمانڕەوایی ٥٤ ساڵ بووە، لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەم ئەو تۆمارەیان کردووە. کەچی تەنانەت لە پەراوێزێکیش، باسی ئاوەدانی ئەو ناوچەیە ناکا کە ئێستا بۆتە شاری مەککە. ئەگەر شارێکی وەک موسوڵمانەکان باس دەکەن، ئەوەندە گرنگ بوایە، دەبوایە سەرنجی میسرییەکانی ڕاکێشابوایە. لەجیاتی ڕێگای دووری یەمەن بگرن، خۆیان بەو ناوچە گرنگ و پیرۆزە خەریک بکردایە. یان بەلای کەمی، ئاماژەیان پێ بکردایە.[68]

دوای ئەوە بە دووسەد ساڵ یانی سەدەی ١٢ پ.س.ب یەکەم پاشانیشینی یەمەن، بە ناوی پاشانیشینی سەبەئیەکان بەدەرکەوت. کە بەپێی سەرچاوە دینییەکان، دەکاتە نۆ سەدە دوای ئەو سەردەمەی، نەبی ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی تێیدا ژیاون. کەچی لە هیچ تۆمارێک یان شوێنەوارێک ئاماژەیەک سەبارەت بە حیجاز و مەککە. نادۆزرێتەوە.

---

[68] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 102

بەر لە دەرکەوتنی سەبەئیەکان، ئەو بیابانەی هەر لە ئۆرشەلیم لە ئیسڕائیلەوە تا دەگاتە یەمەن، هەرگیز کاروانێکی پێدا تێنەپەڕیووە. ئەو شار و ئاوەدانیانەی لەسەر ڕێگای کاروان دروستکراون، مێژووەکەیان بۆ سەردەمی زۆر دواتر دەگەڕێتەوە.

ئەو ڕێگا دوورەی بە ووشکانی، بە درێژایی قەراخی دەریای سووردا تێدەپەڕێ، زۆر دواتر کرایەوە. سەرەڕای ئەوەش بەپێی مێژوو. ڕێگای ئاوی (دەریا) ماوەیەکی باش، بەر لە ڕێگای ووشکانی دەستی پێکردووە. لەبەرئەوەی ڕێگای دەریا هەم خێراتر بوو. و هەمیش وەک ڕێگای ووشکانی، ئەو ترسە گەورەی نەبووە لەدەستی چەتە و ڕێگر. ئەو ترسە گەورەیە تا هاتنی دەوڵەتی ئیسلامیش، لەسەر ناوچەکانی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی، بە درێژایی قەراخی دەریای سوور هەر هەبوو.

لێکۆڵەرەوان لەو باوەڕەدان. کە ڕێگای ئاوی بە درێژایی دەریای سوور، بەر لە سەدەی دوانزەم پ.س.ب دەستی پێکردووە. کەچی ڕێگای ووشکانی تا سەدەی سێیەمی پ.س.ب پەرەی نەسەندبوو. و تەنیا ڕێبوار و گەڕۆکەکان، بە ترسەوە، و لە ژێر پارێزگاری سەربازی دەیانبڕی[69]. ئەوەش لە ڕاپۆرتی ڕووماڵکردن و بەڵگەنامەکانیان تۆماریانکردووە.

[69] K.A. Kitchen, Documentation For Ancient Arabia, Part I, Liverpool University Press, 1994, page 110

# سەردەمی یۆنانییەکان

یۆنانییەکان هەر لە زووەوە، ئارەزوویەکی زۆریان بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خۆرئاوای دوورگەی عەرەبی هەبوو. جوگرافی- و مێژوونووسانیان بە درێژایی قەراخەکانی دەریای سوور وەک پسپۆری گەڕۆک دەسووڕانەوە. ئەوەی مێژوو دەیگێڕێتەوە، هەر لە سەدەی شەشەمی پ.س.ب، گەشتی جوگرافی بۆ ئەو ناوچانەکراون[70]. بەڵام ئەوەی وەک سەرچاوەیەکی بە متمانەوە لەبەر دەست دابێ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پ.س.ب. ئەو کەسەش مێژوونووس و جوگرافی، گەڕیدەی یۆنانی هێرۆدۆتوس (٤٨٥ – ٤٢٤ پ.س.ب) بوو. هێرۆدۆتوس توانی زۆر بە بلیمەتانە، و پڕ ووردەکاری تۆماری ناوچەکانی دوورگەی عەرەبی بکا.

بە پێی سەرچاوەکانی مێژوویی، هێرۆدۆتوس یەکەمین مێژوونووسە، سەبارەت بە دوورگەی عەرەبی نووسیێ. بەو پێیەش ئێمە تۆماری سەرجەم جوگرافی و مێژوونووسانی یۆنانی و ڕۆمانیمان هەر لە سەدەی پێنجەمی پ.س.ب تا سەدەی چوارەمی س.ب لەبەر دەستدایە. لەوانە هەندێکیان بە نەخشە. و هەندێکی تریان بە ئامار و گێڕانەوە، زانیاریان لەسەر دوورگەی عەرەبی دەربارەی هەر شارێک، گوندێک، چیایەک یان پەرستگایەک لە سەرتاسەری دوورگە تۆمارکردووە. ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی بتوانین، ئەو دەرفەتە وەربگرین، و بە ووردی لەو ناوچەیە، بکەوینە دوای سۆراخی ناوی مەککە. تا ئاماژەیەک یان ناوێک

---

[70] Stanley Burstein, Agatharchides of Cnidus, on the Erythraean Sea, The Hakluyt Society London, 1989, page 1

بدۆزینەوە. و بۆ بەدواداچوون هەڵیسەنگێنین. و بتوانین بگەینە وەلامێک بۆ چارەنووسی ئەو شارە[71].

بەر لەوەی بەناو ئەو هەموو گەنجینە گەورەیەی مێژوویی و جوگرافی و کارتۆگرافی، دەست بە گەڕان بکەین. بێگومان دەبێ چەند ووتەیەکی ئیسلامۆلۆگ و ڕۆژهەلاتناس پارتیشیا کرۆن بکەینە دروشم بۆ ئەو بەدواداچوونە. کە دەڵێ:

ئەگەر خەڵکی مەککە خەریکی ئەو بازرگانییە دوورو درێژانە بوون، کەلە ئەدەبی ئیسلامی باسیان لێوەدەکرێ، دەبوایە لە پەرتووک و نووسراوەکانی تۆماری کڕیارەکانیان ناوی هاتبایە. هەروەک چۆن لەسەر عەرەبەکانی باشوور. سەبارەت بە گولاو و بۆنی جوراوجۆر بە دەیان تۆمار، چ لە بەڵگەنامەکانی دەولەتی، یان تۆماری کەنیسە، یان بازرگانانی بیانی دەدۆزینەوە. ئەوەش سەرەڕای ئەوەی چ کەنیسە و چ بازرگانانی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، گرنگییەکی زۆر گەورەیان بە عەرەب دەدا[72].

مێژووش ئەوەی بە دەیان جار بۆمان سەلماندووە. ئەوەی بەناوبانگ بێ، هەمیشە ڕاست نییە. ئەوەی لەناو خەڵکیش باوبێ، ناتوانێ بەڵگەیەکی بەهێز، و جێی متمانە بێ. ئەوەش جیاوازی نێوان دەنگۆی، گوتی و گوتیانی ناو خەڵک، و مێژوونووس و لێتۆژەرەوانە.

مێژوونووس یان لێتۆژەرەوە، لە بەدواداچوون و دۆزینەوەی زانیاری نوێ، هەمیشە ڕەچاوی ئەوە دەکا:

---

[71] Stanley M. Butstein (2010) Agatharchides of Cnidus on the Erythraean Sea. The Hakluyt Society; F.V.Winnett and W.L.Reed, (1970) Ancient Records from North Arabia, University of Toronto Press, page 91

[72] Patricia Crone (1987), Meccan Trade, and the rise of Islam.Princeton University Press, page 156

١ سەرچاوەکانی چۆن باسی بابەتێک دەکەن. و تا چەند جێی متمانەن. بەتایبەتی ئەو سەرچاوانە، لە ڕووماڵکردنیان تا چ ئاستێک پڕ ووردەکارین. و دەتوانن وەڵامدەرەوەی مێژوویی بن، بۆ پرسەکە.

٢ لە لایەکیتر دڵنیابوون، لە ئەزموونی بەڵگەکانیان، و دەکرێ ببنە بناخەیەکی پتەو، تا وەک سەرچاوە وەربگیرێن. بەوەش دەتوانرێ گۆڕەپانێکی بەرفراوانی، بێ لایەن لە زانیاری گرنگ وەدەست بێنرێ. تا لەو ڕێگایەوە، ئاستی ئەزموون و ووردەکاری ڕووماڵکردنیان. ببێتە دەروازەیەکی واڵا، و بنەما بۆ شرۆڤەیەیەکی قووڵ و هەمەلایەنی. ئەوەش بۆ ڕۆنانی لێتۆژینەوەی بەپێز و توکمەی هاوسەردەم.

بەو شێوەیە بنەماکانی لێتۆژینەوە، بۆ شرۆڤە و ئەنجامگیری، دەبنە باوەڕپێکراو و پتەو. هەر ئەوەشە وادەکا، کە لێتۆژەرەوە تا دەتوانێ خۆی لە نووسین و ووتاری بێ ناوەرک دوورخاتەوە.

با پێکەوە هەنگاو بە هەنگاو، بەناو گەنجینەی لەبن نەهاتووی گەڕۆک و نێردەی جوگرافی و مێژوویی، دەرەوەی دینی و بێلایەن دا بگەڕێین. تا لەو ڕێگایەوە، بتوانین سەرەداوێک بۆ هەبوون یان نەبوون، یان پاشخانی مێژوویی دروستبوونی شاری مەککە وەدەست بێنین. و بگەینە وەڵامێکی لۆژیکی و جێمتمانە.

لێرە بەدواوە، بۆ ئاسانترکردن و لۆژیکیتربوونی باسەکە. مێژووی چەند هەزار ساڵەی ئەو ناوچەیە، بە شیوەی کرۆنۆلۆژی، هەر سەدەیەک بە جیا، هەنگاو بە هەنگاو، لەگەڵ ڕووداوەکان و شێوەی تۆمارکردنیان دەخەینەڕوو.

# سەدەی پێنجەمی پ.س.ب

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، یۆنانییەکان، هەر لە زووەوە، ئارەزووێکی زۆریان لە چاوەدێری و کۆنترۆڵی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی هەبوو. بە درێژایی قەراخی دەریای سوور، هەر لە باکوورەوە تا باشوور بە شێوەیەکی بەردەوام گەڕۆکی جوگرافی و مێژوونووسیان دەناردن. و زانیاریان چ بە مەبەستی سەربازی یان بازرگانی کۆدەکردەوە. ئەو تۆمار و بەڵگەنامانە، تا ئێستا، تاکە سەرچاوەی جێی متمانەن، کە لەبەر دەستی ئێمە دابن. ئەوانیش کۆنترینیان دەگەڕێنەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پ.س.ب.

مێژوونووسی ناسراوی یۆنانی هێرۆدۆتوس (٤٨٥ – ٤٢٤ پ.س.ب) گەشتی بە سەرتاسەری جیهانی کۆنی سەردەمی خۆی دا کردووە. سەرجەمی ئەو وڵاتانەی، لە گەشتەکانی دا سەردانیکردوون. لە توێی پەرتووکێک بەناوی (مێژووی هێرۆدۆتوس)[73] تۆمارکردوون. یەک لەو وڵاتانەی سەردانی کردوون، دوورگەی عەرەبی بوو. هێرۆدۆتوس لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پ.س.ب. بەشێوەیەکی پڕ ووردەکاری دەربارەی جوگرافیای دوورگەی عەرەبی نووسیووە. لە نووسینەکانیدا، ناوی یەک بە یەکی شارە ناسراوەکانی ناوچە جیاجیاکانی دوورگە دەبا. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە. لە هیچ شوێنێک نە بەناو، نە بە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ، شتێک سەبارەت بە مەککە نادۆزرێتەوە.

[73] Herodotus ،THE HISTORY 7:89

ئەگەر بەراورد لەگەڵ گشت ئەو وولاتانەی ئەوڕوپا، ئاسیا، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەشێک لە ئەفریقا  بکەین، کە تێیاندا گەڕاوە. گشت شارە گرنگەکانی بە شێوەیەکی پڕ ووردەکاری بۆ ئەو سەردەمە تۆمارکردوون. ئەگەر مەککە بەو گرنگیەوە، هەبوایە. دەبوایە یەکەم شار بێ، سەرنجی مێژوونووسێکی وا ووردی وەک هێرۆدۆتوس ڕابکێشێ.

 نەبوونی ناوی مەککە لە ناو مێژووی هیرۆدۆتوس، تەنیا مانایەکی هەیە. دیارە هیچ شارێکی دینی، لەو ئاستەدا لەو شوێنە نەبووە، تا هێرۆدۆتوس گرنگی پێ بدا. بە پێچەوانەی ئەوە دەبینین، چۆن بە ووردی باسی کولتوور و کەلەپووری دینی و کۆمەڵایەتی لە ئۆرشەلیم - ئیسرائیل، یان شارەکانی کولتووری یۆنانی ئەو سەردەمە دەکا. ئەگەر مەککە هەبوایە. و ئەوەندە گرنگ بوایە. وەک مێژوونووس و ڕاڤەکارانی ئیسلام باسی دەکەن. دەبوایە سەرنجی کەسێکی وای ڕابکێشابوایە کە خۆی لە ناوچەکە سووڕاوەتەوە.

# سەدەی چوارەمی پ.س.ب

کاتی ئێمە دەگەینە سەدەی چوارەمی پ.س.ب، بەرەو ڕووی پرۆسەیەکی گرنگ و بنەڕەتی دەبینەوە. ئەلکسەندەری مەکەدۆنی (مەزن) دوو پسپۆری جوگرافی بە کارێکی تایبەتی، بۆ دوورگەی عەرەبی ڕەوانەکردن. مەبەست لە ناردنی ئەو نێردەیە، پشکنین و ڕوومالی دوورگەی عەرەبی بوو. لەبەر ئەوەی، لەو کاتەدا ئەلکسەندەر خەریکی پلاندانان بوو. بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانە، خۆی ئامادە دەکرد. بەتایبەتی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەب و قەراخی دەریای سوور، کە ڕێگای بازرگانی هەر لە هیند و یەمەن تا ئۆرشەلیم وولاتی شام بوو. بەڵام ئەو ئارەزووە بەتینەی نەهاتەدی. و بە هۆی مردنی ئەلکسەندەر لە ساڵی ٣٢٣ پ.س.ب پلانەکانی داگیرکاریش وەستان.

ئەو دوو جوگرافی و مێژوونووسەی ئەلکسەندەر ناردبوونی بەتلیمۆس بن لاگۆس و ئەرِیستۆپۆلۆس بوون. ئەوانە نەخشەی پڕ ووردەکاری و زانیاری ووردیان دەربارەی دوورگەی عەرەبی تۆمارکردبوو. لە تۆمارەکانیان سەبارەت بە قەراخی دەریای سوور، و ناوچەکانی دەوروبەری، هەر لە شوێنەکانی پڕ دانیشتوان، تا دەگاتە ڕێگاکانی ناوچە جیاجیاکان، کە ئەگەری خراپ یان باشی لێ ڕەچاودەکرا. هەروەها گرنگیەکی زۆریان بە شار، ڕیگای بازرگانی و ناوەندییە دینییەکان و چیا و ئەو شوێنانەی سەرچاوەی ئاویان لێبوو دەدا. کەچی بە هیچ شێوەیەک، باسی شاری مەککە ناکەن. ئەگەر شاری مەککە هەبوایە، دەبوایە ناو یان ئاماژەیەک، بەو ناوچەیە کرابوایە. ئەگەر موسوڵمانان دەڵێن، مەککە

ناوەندی دینی یەکتاپەرستی بووە. و هەر لە سەردەمی ئیبراهیم بوونی هەبووە. دەبوایە خوداپەرستانی بۆخۆی ڕابکێشایە. هەر وەک یەمەن. بەتایبەتی شارێکی وا گرنگ کە شوێنی وەستانی ئیبراهیمی لێیێ.

لەلایەکتر ئەو گەشتە لێتۆژینەوەی، ئەو دوو پسپۆرە یۆنانییە. بە فەرمانی ئەلکسەندەر کردیان، گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. لەبەر ئەوەی ئەلکسەندەر بەوە ناسرابوو. کە کاتی دەیەویست وولاتێک داگیربکا، لێکۆلینەوەیەکی ووردی سەبارەت بە کولتوور و مێژوو و دینی وولاتەکە، پێش داگیرکردنی دەکرد.

ئەگەر مەککە بەو گرنگییەی موسولمانان باسی دەکەن. لەسەردەمی ئەلکسەندەر هەبوایە. دەبوایە سەرنجی ئەو دوو جوگرافی و مێژوونووسە پسپۆرانەی ڕاکێشابوایە.

بە بەراوردێک لە نێوان دەربڕینی قورئان و دواتر مێژوونووسانی ئیسلام، لەگەڵ ئەو شوێنە مێژووییانەی یەهودی لە ئۆرشەلیم. دەبینین جوگرافی و مێژوونووسان بە ووردی پشتڕاستی ئەو شوێنە پیرۆزانەی خاکی پەیمان دەکەنەوە. کە لە سەدەی پانزەمی پ.س.ب، زۆر بە ووردەکارییەوە، ئەو نەخشە و ڕوونکردنەوەیان تۆمارکردووە. کە تا ئێستاش، سەرچاوەی گرنگن بۆ لێتۆژەرەوان، و گەنجینەیەکی بەهادار و لەبن نەهاتوون[74].

بەڵام باس نەکردنی مەککە تەنیا مانایەکی هەیە. ئەویش دەربڕینی قورئان و مێژوونووسانی ئیسلام سەبارەت بە مێژووی شاری مەککە. بێجگە لەهەڵەیەکی گەورە، هیچیتر نییە.

---

[74] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 107-108

# سەدەی سێیەمی پ.س.ب

تیۆفراستۆس

Theophrastos

لە گەڕانمان بە سۆراخی مەککەدا، بەردەوام دەبین. کاتی دەگەینە سەدەی سێیەمی پ.س.ب. دەکەوینە بەردەم مێژوونووسێکی گرنگ و مەزنی یۆنانی بەناوی تیۆفراستۆس (٣٧١ – ٢٨٦پ.س.ب). تیۆفراستۆس ڕوونکردنەوەی ووردی، سەبارەت بە سەبەئیەکان و بازرگانی ووڵاتیان و ڕێگای ئاوی، بە درێژایی قەراخی دەریای سوور تۆمارکردووە. نەک تەنیا لەسەر ڕێگاوبانی بازرگانی، بەڵکوو ڕووماڵێکی فراوانی سەبارەت بە ناوچەکانی دەوروبەری ڕێگاو بانەکانیش کردووە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناوی مەککەی نەهێناوە، تەنانەت ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆشی پێنەکردووە. ئەوەش بەڵگەیەکی گرنگە. لەبەر ئەوەی موسوڵمانان دەڵێن مەککە ناوەندی بازرگانی بووە، لەگەڵ یەمەن و سەبەئیەکان. بۆ وەڵامدانەوەی قسەی موسوڵمانان، تیۆفراستۆس زۆر بە ووردی سەبارەت بە بازرگانی و ڕێگاکانی هەر لە یەمەنەوە تا باکوور، بە تایبەتی سەبەئیەکانی نووسیووە.

دوای مردنی ئەلکسەندەری مەکەدۆنی، زۆر نووسەر و مێژوونووسی یۆنانی سەبارەت بە دوورگەی عەرەبی دەیاننووسی. و زۆربەشیان لە شاری ئەلکسەندەرییە لە میسر دەژیان. کە

ئەو کاتە پایتەختی پتۆلیمێس بوو. وگەورەترین پەرتووکخانەی ئەو سەردەمەی لێبوو. هەر بە ناوی (پەرتووکخانەی ئەلکسەندەرییە) ناسرابوو[75].

یەک لە گرتنگترین مێژوونووسانی ئەلکسەندەرییە. جوگرافی و مێژوونووس ئێراتۆستێنێس[76] (٢٧٥- ١٩٥ پ.س.ب) بوو. ئەو مێژوونووسە بە شێوەیەکی وورد و فراوان تۆماری جوگرافیای دوورگەی عەرەبی کردووە. ئێراتۆستێنێس زانیاری گرنگی لەسەر سەرچاوەکانی پێشتر سەبارەت بە دوورگەی عەرەبی، کە تا ئەو دەمە لەبەر دەست دابووین تۆمارکردووە[77]. تێبینی و زانیاری لەو گەشتە لێکۆلینەوانەی بە درێژایی سەدەی سێیەمی پێش زایین، بە دوورگەی عەرەبی داگەڕابوون، وەردەگرت و هەڵیدەسەنگاندن[78].

زانیاری لە گەشتەکانی لێکۆڵینەوی پتۆلێموسی دووەم لە ساڵی ٢٧٨ پ.س.ب سەبارەت بە ناوچەکانی خوارووی قەراخی دەریای سوور لە هەردوو بەری. هەم لە قەراخی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی و هەم لە قەراخەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، بەسەر دەریای سوورەوە. ئەو نەخشە و تۆماری زانیاریانە یارمەتی دەربوون، بۆ کۆنترۆلکردنی ڕێگای ئەو بەهارات و کەتانەی، زۆر کاڵایتر، کە لە هیندستان و یەمەنەوە دەهاتن.

ئێراتۆستێنێس پێوانەی بە درێژایی قەراخی دەریای سوور، هەر لە باشوورەوە لە تەنگەی (باب المندب)ەوە، لە خوارووی دوورگەی عەرەبی، تا دەگاتە ئەیلات لە باکوور کە دەروازەی ئیسرائیلە بەرەو دەریای سوور کردبوو. لەو پێوانەکەیدا، بە ووردەکاریەوە سەبارەت بە ڕێگای ووشکانی و ڕێگای دەریا، زانیاری تۆمارکردووە. تێیدا باسی خەڵکی

---

[75] Ibid Pp 109

[76] Eratosthenes
[77] Stanley Burstein, Agatharchides of Cnidus, on the Erythraean Sea, The Hakluyt Society London, 1989, page 30
[78] Ibid page 3

هۆزەکان، ناوەندی ناوچەکان دەکا. بەڵام ناوی شارێک بە ناوی مەککە لە ناو تۆمار و نەخشەکان نادۆزیتەوە. سەرەڕای ئەوەی، ئەو ڕێگایانەی ئەو باسیکردوون، دەبێ بەو ناوچەیەدا ڕەت بووبن کە ئێستا شاری مەککەی لێ ئاوەدان بۆتەوە[79].

یەک لەو شتانەی ئێراتۆستێنێس باسی کردووە، ئەو ناوچە عەرەبیەیە بەرامبەر قەراخی دەریای ئەفریقا. بە درێژایی دەریای سوور، بە ناوی خاکی ترۆگلۆدیتیک[80]. کە شوێنێکی گرنگە بۆ ئەو باسە. لەبەر ئەوەی ناوێکی یۆنانییە بۆ ئەو ناوچەیە بەکارهاتووە. کە دەکەوێتە دوروبەری شاری مەککەی ئێستا. ناوچەیەکی بیابانی بووە، لە خاکی دوورگەی عەرەبی، لەسەر قەراخی دەریای سوور. ئەوەش جوگرافییە کلاسیکیەکانی پێشتریش باسیان کردووە. بەشی خوارووی خاکی ترۆگلۆدیتیک چۆلەوانی بووە. نە شار یان گوندێکی لێ نەبووە. بریتی بووە لە ناوچەیەکی ترسناک. و تەنیا بەدەوی دڕوندەی لێ دەسووڕانەوە. و هێرشیان بۆ سەر کاروانەکانی بازرگانی دەکرد. ترسناکی ئەو ناوچە بیابانە لەلایەن جوگرافیە کلاسیکییەکانی تریش ئاماژەی پێکراوە. و نووسیوویانە کە ئەو ناوچەیە، بەکەلکی ژیان نایە.[81]

وەک دەزانین ئەو ناوچەیە تا دەوروبەری سەدەی چوارەمی پێش زایین هیچ ئاوەدانییەکی لێنەبووە. ئەوە سەرەڕای ڕێگای ووشکانی قەراخی دەریای سوور، هەر لە یەمەنەوە تا دەگاتە ئەیلات لە ئیسرائیل، لە سەردەمی ئێراتۆستێنێس بۆ بازرگانی نیوان یەمەن و ناوچەکانی شام و ئیسرائیل، بە درێژایی قەراخی دەریای سوور، بەکار هاتووە.

---

[79] Dr. Rafat Amari ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 109

[80] Troglodytic ترۆگلۆدیتیک: ووشەیکی یۆنانییە بە مانای ئەشکەوت نیشین دێ. لە هەمان کاتدا، بە مرۆڤی سەرەتایی و بێ بەزەیی و جەردە و ڕێگریش دێ. یۆنانییەکان ئەو ناوەیان لەبەر بوونی جەردە و ڕێگر، بۆ ئەو ناوچەی مەککە، لەبەر ترسناکی بەکار هێناوە

[81] The geography of Strabo. Volume VII, Harvard University Press, 1966. Pp 313

دەرئەنجامەکەی ئەوەیە. کە تا ئەو کاتەش گوندێک یان ئاوەدانییەکی لێنەبووە. ئەگەر مەککە بوونی هەبوایە، نە دەبوایە بەدەوی جەردە و ڕێگری ترسناک وا بە ئاسانی، لەم ناوە سووڕابانەوە و کاروانیان ڕووتکردبان.

دوای ئێراتۆستێنێس، جوگرافیەکانیتر بە پێی نەخشە و گێڕانەوەکانی ئەو، بەردەوام بوون. بەم شێوەیە تا ساڵی ١٩٥ پ.س.ب لە ناو تۆمار و سەرچاوە جوگرافی و مێژووییەکان، هەواڵێک لەسەر بوونی مەککە وەک شار یان گوند نادۆزینەوە.[82]

ئەگەر مەککە تەنیا وێستگەیەکی بازرگانی لە چۆلەوانیش بوایە، نەک شار یان گوند، بەڵکوو خانێکی حەسانەوەی سادەش بوایە، کە ترسی چەتە و ڕێگری لەسەر بوایە. دەبوایە لەلایەن ئەو پسپۆرانە، ئاماژەی پێکرابووایە. لەبەر ئەوەی بۆ پارێزگاری ڕێگا، بچووکترین زانیاری، زۆر گرنگە. بۆیە ناکرێ هەبووبێ و ناوی نەهێنرابێ[83].

[82] Ibid Pp 110
[83] Ibid. Pp 313

# سەدەی دووەمی پ.س.ب

ئاگاتارخیدێسی کنیدوس

Agatharchides of Cnidus

لە ماوەی سەدەی سییەمی پ.س.ب، تا سەدەی دووەمی پ.س.ب. یەک لە گرنگترین جوگرافی و مێژوونووسی ئەو دەمەی یۆنانی. ئاگاتارخیدێسی کنیدوس (٢٠٨ پ.س.ب لەدایک بووە و مێژووی مردنی دیار نییە) بوو. لە کۆتایی سەدەی دووەمی پ.س.ب، بووبووە یەک لە گرنگترین و گەورەترین نووسەری مێژووی سیاسی میسری بوو. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی، یەک لە نزیکەکانی کۆشکی پاشایەتی پتۆلێموسی بوو. و زانیاری دەستی یەکەمی، لەسەر ڕاپۆرت و گێڕانەوە و نەخشەی گەشتەکانی لێکۆڵینەوەی سەدەکانی سێیەم و دووەمی پ.س.ب لەبەر دەست دابوون. بەتایبەتی سەبارەت، بە دەوروبەری دەریای سوور. و قەراخەکانی ئەفریقا و باکوور و باشووری دوورگەی عەرەبی.

ئاگاتارخیدێس دەستی بە گشت سەرچاوە و بەڵگەنامەکانی، ناو ئارشیڤی پتۆلیموسی لە ئەلکسەندەریە ڕادەگەیشتن. کارەکەشی نزیکەی سیانزە ساڵی خایاند. لە ماوەی نێوان ١٤٥ – ١٣٢ پ.س.ب خەریکی نووسین بوو[84].

[84] Fraser, P.M., Ptolemaic Alexandria, Oxford, 1972, I, 549.

ئەگاتارخیدێس گشت زانیارییەکانی جوگرافی و شرۆڤەکانیانی لەگەڵ یەک دەگونجاندن. ئەو تۆماری ناوی گشت ئەوانەی کردبوون، کە پێشتر سەردانی ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبیان کردبوو. کۆکردنەوەکە، بریتبوو لە ئامارێکی فراوان و ووردی جوگرافی ناوچەکان. تەنانەت ئەو ناوچەیەشی تێدابوو. کە دواتر بووە شاری مەککە[85].

زۆر لەو جوگرافی و مێژوونووسانەی سەردانی ناوچەکانی دوورگەی عەرەبیان کردبوو، سەرکردەی سوپایی بوون، لە ژێر دەستەڵاتی پتۆلیموسی دووەم. چەندێک لەوانە وەک باسپلیس، بیۆی سۆلی، سیمۆنێدسی لاو، هەروەها ئەرستۆکریۆن و فیلۆن. ئەوانە گشت نووسین و نەخشە و نووسینەکانیان، ئاگاتارخیدێس چاوەدێری دەکردن و ڕێکی دەخستن.

پەرتووکەکانیشیان لە ناو پەرتووکخانەی ئەلکسەندەریە لەبەردەست دابوون. سەرەڕای ئەو هەموو کارە فراوانەی، ئەو جوگرافی و مێژوونووسانە کردبوویان. و بە ووردەکارییەوە باسی گشت ناوچەکان بە شار، گوند و ڕێگاوبان و پەرستگا و چیا. تا دەگاتە ڕوونکردنەوە سەبارەت بە هۆز و دینەکان. کەچی سەبارەت بە مەککە هیچ نادۆزینەوە[86]. ئەوەش بە پێچەوانەی ووڵاتی سەبا (سبأ) لە باشووری دوورگەی عەرەبی. کە وەک ڕووبارێکی سپی دەستنیشانکرابوو. ئەو دیاردەیەش تا ئێستاش هەر ماوە. زۆر لەوانەی ئەگاتارخیدێس بینیونی یان ڕاپۆرتی خوێندبوونەوە، گەواهی ڕاستەوخۆبووین (شاهدعیان).[87]

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەگاتارخیدێس لە ڕوونکردنەوەکانی پەرستگایەک نیشاندەکا. کە وای لە زۆر لە موسوڵمانان کردووە، بڵێن ئەو پەرستگایەی ئەگاتارخیدێس نیشانی کردووە،

---

[85] Stanley Burstein, Agatharchides of Cnidus, on the Erythraean Sea, , The Hakluyt Society London, 1989. page 147
[86] Strabo wrote: Strabo, Geography, book 2. 1:5
[87] Stanley Burstein, Agatharchides of Cnidus, on the Erythraean Sea, , The Hakluyt Society London, 1989, page 169

پەرستگای مەککە بووە. جا بۆ ئەوەی بزانین ئەو پەرستگایە لە کوێ بووە. باشتر وایە گوێ لە گێڕانەوەی ئەگاتارخیدێس وەک خۆی بگرین. کە سەرچاوەی بنەڕەتی ڕوونکردنەوەکەی، لە ڕاپۆرتی فۆتیۆس و دیۆدەروس وەریگرتووە.
ئەگاتارخیدێس لە پەرتووکەکەی ڕوونی دەکاتەوەکە:

> ناوچەی باکووری ئەو پەرستگایە، لەگەڵ نەبەتییە، لە دەوروبەری کەنداوی عەقەبە، کە ناوی کەنداوی لاینتی بوو.

دواتر بەردەوام دەبێ. و لەسەر زمانی فۆتیۆس و دیۆدەروس دەنووسێ:

> لە دەوروبەری کەنداوی لاینتی، گوندی زۆری لێبوون. ئەوانە عەرەبی نەبەتی بوون. کە بەشی زۆری قەراخەکانیان داگیرکردبوو. دانیشتوانەکەی خەریکی شوانکارەیی بوون. کە ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو باوەڕ نەدەکرا. لە سەردەمەکانی کۆندا، ئەوانە بە ژیانی مێگەلدارییەوە خەریک بوون و تا ڕادەیەک، لە ژیانیان ڕازیبوون. بەڵام دواتر پاشاکانی ئەلکسەندەرییە (مەبەست دەستەڵاتداری پتۆلیموس) کەنداویان بۆ گەشتی بازرگانی وەگەڕخست. ئەوانەش کەوتنە هێرش بردن و ڕاوورووتی بازرگانان.

ئەو دەربڕینە، جوان ڕوونی دەکاتەوە. کە کەنداوی عەقەبە زۆر لە مەککە دوورە. و نابێ تێکەڵ بکرێ. لە کۆتایی دەنووسێ:

> کەنداوی لاینتی و دەوروبەری ،کە عەرەبی لێ دەژیان،ووڵاتی بیتەمانیا بوو.

بیتەمانیا پەیوەندی بە ناوچەی باشووری نەبەتیەوە بوو. و نزیکی کەنداوی عەقەبە بوو. هەر لە ڕاپۆرتەکە دیارە، کە ئەو شوێنەش دەکەوێتە نێوان (رأس کرم) و (رأس أبوماد). و نزیکەی ٤٥٠ کم لە مەککەوە، بەرەو باکوور دوورە.[88]

---

[88] Ibid, page 155

به درێژایی سەدەی دووەمی پ.س.ب گەڕۆکی یۆنانی کە بە سەرتا سەری دوورگەی عەرەبی، لە باکوورەوە تا باشوور تێپەڕیوون. هیچ لەو کاروانانەی کە ناسراون. بە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی دا تێپەڕیین، کە مەککە دەکەوێتە ئەو ناوچەیە، نە باسی مەککە و نە باسی کەعبەش دەکەن. لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی ناخۆش و ووشکاییە و جێگای حەسانەوەی تێدانەبووە[89].

ئارتەمێدۆروس جوگرافی و مێژوونووسی یۆنانی، یەک لە هەرە پسپۆرە زیرەکەکانی سەردەمی خۆی بووە. سەرجەم یانزە پەرتووکی جوگرافی نووسیون. لەسەفەرەکانی خۆی زانیاری تۆمارکردوون[90].

لە سەرتاسەری قەراخی دەریای سوور و بە درێژایی ئەو ناوچانەی خەڵکی تێدا ژیاوە گەڕاوە. خۆی ئەو شوێنەی دیووە، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی. کاتی گەیشتە ئەو ناوچەیەی، ئێستا شاری مەککەیە. ئاماژە بەوە دەکا، کە هیچ هۆزێک یان ئاوەدانییەک لەو ناوچانە دانەبووە. واتە تا ساڵی ١٠٣ پ.س.ب کە ئارتەمێدۆروس سەردانی ئەو ناوچانەیەی کردووە، چۆڵەوانی بووە. و بۆ ژیان نەشیاوە[91]. ئەوە ڕوونی دەکاتەوە کە هێشتا ئاوەدانی لەو شوێنەی ئێستای مەککە نەبووە[92]. بەڵکوو خەڵکێکی لێ ژیاوە، پێیان دەگوتن (دێبایە). ئەوانە بەدەوەی ڕەوەند بووین. چەند ماڵە جووتیاریشی لێبووین.

---

[89] Dr. Rafat Amari ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 127
[90] Stanley Burstein, Agatharchides of Cnidus, on the Erythraean Sea,” The Hakluyt Society, London, 1989, page 13
[91] Leopoldi, Helmuthus, De Agatharchide Cnidio (Diss.Rostow, 1892) pp.13- 17
[92] The Geography of Strabo, Book XVI . 4.18; The Geography of Strabo, Volume VII, Harvard University Press, (London, 1966), page 343

بەڵام هیچ شار یان گوندیان لەو ناوچەیە بەدی نەکردوون. بە مانایەکیتر. نابێ نە مەککە هەبووبێ و نە کەعبەش، ئەگەر هەبوایە و ئەوەندە پیرۆزبوایە دەبوایە سەرنجی ڕابکێشایە و ئاماژەی پێ بکردایە.

هەر ئەو چۆڵەوانی و ووشکیە بووە، کە ئارتەمێدۆروس ناچار بووە، زیاتر بڕوا. تا دەگاتە نزیک یەمەن بۆ ئەوەی بتوانێ شوێنێک بدۆزێتەوە[93]. وەک خۆی دەڵێ شارستانیتربێ، بۆ حەسانەوە و دڵنیایی.[94] ئەوەش بەڵگەیە، کە مەککە بوونی نەبووە

[93] Ibid Book XVI .4.18 ;The Geography of Strabo, Volume VII, Harvard University Press, ( London, 1966), page 345
[94] Dr. Rafat Amari ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 107-108

# سەردەمی ڕۆمانەکان

دوای کۆتایی هاتنی دەستەڵاتی یۆنانی. و مانەوەی بۆشاییەکی سەربازی لە ناوچەکە، ڕۆمانەکان توانیان لەسەر کەلاوەی ئیمپراتۆریی یۆنانی، ئەو ئیمپراتۆریە مەزنەی، کاتی خۆی ئەلکسەندەری مەزن دایمەزراندبوو. گەیاندبوویە گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسرائیل و میسر. ڕۆمەکان ئیمپراتۆری ڕۆمانیان لەسەر ئەو سەر زەمینە دامەزراند. و توانیان، لە گشت بوارەکانی هونەر، مێژوو، کۆمەڵایەتی جێگایان بگرنەوە.

ڕۆمانەکان هەر لە سەرەتای دامەزرانیان، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە گشت ئەو دەستەڵاتانەی پێش ئەوان هەبوون، پێگەی خۆیانی تێدا هەم بە هێز بکەن. و هەمیش پەرەی پێبدەن.

گرنگترین هەنگاو لەم بوارەدا، پاککردنەوەی ڕێگاو بانی کاروانە بازرگانیەکان بوون. کە بۆ ئیمپراتۆری ڕۆمانی وەک شادەماری پەیوەندی بەجیهانی ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو. هەر لە هیند و چین تادەگاتە یەمەن. بۆیە هەر لەگەڵ ئاوەدانکردنەوە، هاوکات هێزی پاسەوانیان دادەنا، بۆ چاوەدێری ئەو شوێنانە.

# پرۆسەی کۆنترۆڵی ڕێگای بازرگانی دوورگەی عەرەبی

لە ساڵی ٣٠ پ.س.ب میسر بووە هەرێمێکی ئیمپراتۆری ڕۆمانی. و ڕۆمانەکان دەیانەویست کۆنترۆڵی ناوچەکانی دوورگەی عەرەبی، بە درێژایی دەریای سوور، لە باکوورەوە تا باشوور بکەن. بەتایبەتی باشووری شاری لێوکی کۆمێ. لەسەر قەراخی دەریای سوور. لەبەر ئەوەی لەو ناوچەیە لە ڕێگای قەراخی ڕۆژئاوا. لە هەندێک شوێن هۆزی چەتە و ڕیگری دڕونده هەبوون.

ئەو هۆزانە ترسی گەورەیان لەسەر کاروانەکانی بازرگانی بەهارات و کاڵای تر وەک ئاوریشم هەبوو. کە لە هیندوستان، لە ڕێگای باشوورەوە، بەرەو باکووری قەراخی دەریای سوور دەهاتن. ئەوەش بووبووە، ئەرکێکی گەورە و بە پەلەی ڕۆمانەکان. کە دەبوایە تا پێیان دەکرێ، زووتر کۆنترۆڵی ڕێگای ووشکانی قەراخی دەریای سوور، تا دەگاتە یەمەن بکەن. ڕۆمانەکان باوەڕیان وابوو، بەو شێوەیە، دەتوانن کۆنترۆڵی ڕێگای کاروانەکان بکەن. و ڕێگای بازرگانی دڵنیابن[95].

ڕۆم ئەو هێرشە سەربازییەی بۆ پاککردنەوە و کۆنترۆڵی ناوچەکان بە گالووس سپارد، کە ئەو دەمە فەرمانڕەوای میسر بوو.

گالووس بە دە هەزار سەربازی ڕۆم ، و هەزار سەربازی نەبەتی و هەندێک هاوپەیمانیتری ڕۆم لە ناوچەکە، بە قەراخی دەریای سوور بەرەوە باشوور بەڕێکەوتن. سترابۆ (٦٤

[95] Dr. Rafat Amari ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 129

پ.س.ب – ٢٣ س.ب) له بەرگی ١٦ ی پەرتووکی خۆی سەبارەت بەو هێرشە، بە شێوەیەکی جوان. و پڕ ووردەکاری زانیاری جوگرافی، سەبارەت بە ناوچەکان ڕووندەکاتەوە[96].

هێرشەکە گرنگییەکی گەورەی هەبوو. لەبەر ئەوەی، جوگرافی پسپۆری سەربازی لەگەڵ دابوون. کە زۆر بە ووردەکارییەوە، هەموو ئەو شتانەیان تۆمار دەکرد. کە بۆ ڕووماڵێکی سەربازی و کۆنترۆڵ پێویست بوون. هیچیان لەسەر ڕەت نەدەبوو.

هەرچەندە ئەو هێرشە، تەنیا مانۆڤەرێکی سەربازی بوو. بەڵام مەبەستی سەرەکی، ڕووماڵکردن و هەڵسەنگاندنی، گشت دیاردەکانی ناوچەکەبوو، کە گرنگی بۆ بەردەوامی ئایندەی بازرگانی و کۆنترۆلی ڕۆمانەکان لە ناوچەکە هەبوو. بار و دۆخی شار و گوندەکانی ناوچەکان لە چەندین ڕووەوە هەم تۆمار دەکران و هەمیش هەڵدەسەنگێندران. بەتایبەتی زانیاری لەسەر ئەو دیاردانەی، بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ڕۆم لەو سەردەمەدا زۆر گرنگ بوون.

گرووپی لێتۆژینەوەی جوگرافی رۆمانی بە درێژایی دەریای سوور لە باکوورەوە بۆ باشوور. بە پانی ١٦١ کم بۆ ناو قووڵایی خاکی دوورگەی عەرەبیان ڕووماڵ کرد. ئەوەش بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ڕێگر و چەتانەی کە جێگای ترس بوون.
لە ماوەی ئەو چالاکییە سەربازییە، سەرجەمی گوند و شارەکانی بەردەم لەشکری ڕۆم چۆل دەکران. کاتی گرووپی لێتۆژینەوە گەیشتنە لێوکی کۆمێ ( گوندی سپی) کە لەو کاتەدا گوندەکە بەشێک بوو لە ناوچەی نەبەتی[97].

[96] The Geography of Strabo, Book XVI. 4 . 24
[97] Wilfred Schoff on his comment on The Periplus of the Erythraean Sea, Munshiram Manoharial Publishers Pvt Ltd. ( New Delhi, 1995), page 101

له باشووری ئەو گوندە، بەشی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی، بە درێژایی قەراخی دەریای سوور، وەک پێشتر لە سەدەی دووەمی  پ.س.ب ئەم باسە ئاماژەی پێکراوە. ئەوەندە ناخۆش بووە، شوێنی ژیان نەبووە. بەڵام ئێستا، بە هۆی گرنگی ڕێگای ووشکانی بۆ کاروانەکانی بازرگانی. و دروستبوونی وێستگەی حەسانەوەی کاروانەکان، سەرتاسەری قەراخی دەریای سوور دەستی بە بووژانەوە کردووە. لە ساڵی ١٠٣ پ.س.ب چەند گوندێکی دوورەدەست لێرە و لەوێ هەبوون. کە گالووس داگیری کردن. ئەو گوندانە لە ئامار و گێڕانەوەکانی سترابۆ ئاماژەیان پێکراوە. کە سترابۆ خۆشی وەک گەواهیدەر لەگەڵ بووە. لەو لێتۆژینەوە گرنگە. دوای لێوکی کۆمێ، گالووس بەرەو باشوور بەو شوێنەی نەبەتیەکان کۆنترۆلیان تێدا هەبوو ڕۆیشت. سترابۆ سرووشتی ناوچەکە بەم چەند ووشەیە دەگێڕێتەوە:

> گالووس لەگەڵ لەشکرەکەی بەناو ئەو ناوچانەی، کە ئاویان بە پشتی ووشتر دەهێنا ڕەتبوو.[98]

دواتر لەشکری ڕۆم بە سەرکردایەتی گالووس گەیشتە بیابانێک، بەناوی ئەرێتاس تا دەگەنە گوندێک بەناوی (عقرا یان ئەگرا)[99] لەو گوندە نزیکەی هەزار و سەد یۆنانی جێگیرکران. کە نزیکەی ٢٢٠ کم لە لێوکێ کۆمێ[100] دوورە.

سترابۆ سەبارەت بە بیابانی ئەریتاس دەگێڕێتەوە:

---

[98] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 107-108

[99] Agra

[100] Leuce Kome

لەوێ تەنیا زیا هەبوو، کە دانەوێڵەیەکی ڕەق و ووشک بوو، چەند دار خورمایەک و ڕۆن لە جیاتی نەوت.[101]

ئەوەی جێگای سەرنجدانە، لەو پرۆسەی ڕووماڵکردنی سوپایی. لە ڕووی سنووری یەمەنەوە، کە دەیانەویست لە ڕێگای نەجرانەوە، لە یەمەن بۆی بچن. لە هەر شارێک یان گوندێک دەزانرا. گوند یان شاری داهاتوو، ناوی چییە و چەند دوورە و ڕێگاکەی چۆنە. کەچی لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی، کە زۆر گرنگتر بوو. دووری نێوان ئەو گوندانە، نە ناوی دەزانرا و نە دەشزانرا چەند دوورە.

سوپاکەی گالووس، لەبەر چۆلەوانی و دوورەدەستی ئاوەدانی. و ووشکی بێ ئەندازەی ئەو گوندانەی ناوەڕاستی دوورگە، کە ئەو شوێنەی ئێستا بۆتە مەککە، سەختییەکی زۆری هاتە پێش. کە بووە هۆی مردنی زۆر لە سەربازانی، بە هۆی کەلێنی گەورە. و دوورەدەست بۆ گەیشتنی ئازووخە و ئاو[102].

لە ڕوونکردنەوەی دەربارەی ناوچەکانی بیابان، چەند وێستگەیەک بۆ ڕێگای ئەو کاروانانەی لە باشوورەوە دەهاتن. لە ناوچەکان دامەزران. ئەو وێستگانە بەشێوەیەکی سەرەکی، هی نەبەتیەکان بوون. بۆ پارێزگاری و کۆنترۆڵی، تێپەڕینی بازرگانی بەو ناوچانەی جێی ترس بوون .

سترابۆ لە هەنگاوی دووەمی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی، بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

ووڵاتی دواتر کە گالووس گەیشتێ. هی بەدەویان (ڕەوەند) بوو. کە پێیان دەگوت ئەرارێنێ. پەنجا ڕۆژی برد، تا گەیشتینە شاری نەجران. لەسەر سنووری یەمەن. [103]

---

[101] The Geography of Strabo, Book XVI. 4 . 24
[102] Dio Cassius: History of Rome, Book LIII. xxix.3-8.
[103] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 131

نەجران دەکەوێتە نزیکەی ٥٧٦ کم لە باشووری شاری مەککە . هەروەها نزیکەی ٢٠١ کم، لە قەراخی دەریای سوور دوورە.

لەو گێڕانەوەی سترابۆ تێدەگەین، کە ناوچەکانی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی، بە درێژایی دەریای سوور. لە ماوەی نێوان سەدەی سێیەم و دووەمی پ.س.ب، تا کاتی ئەو ڕەوتە سەربازییەی ڕۆم، کەمێک گۆڕانی بەسەر داهاتووە. هەرچەندە ئەو ناوچەیە، پێشتر لە لایەن جوگرافی و مێژوونووسان، بە چۆلەوانی و ووشک باسدەکرا، کە بەکەلکی ئاوەدانی و نیشتەجێ بوون نایە. و تەنیا هەندێک بەدەوی لێرە و لەوێ، لێ دەژیان.

بەڵام دیارە ئێستا بە هۆی کاروانی بازرگانی هەندێک شوێنی بووژاونەتەوە. و شارستانی تر بووە. و گۆڕانێکی کەمی بەسەرداهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا گالووس کە دەیەویست. کاروانی بازرگانی، لە دەستی ئەو چەتە و ڕێگرانە بپارێزێ. کە لەو ناوچەیە دەهاتن. پلانی ئەوەبوو ئەو شارانەی لە ناوچە ترسناکەکانن، داگیر بکا. بەڵام شارێکی لەو ناوچانە نەدۆزییەوە، تا دەگاتە نەجران. ئەوەش ئەوەمان پیشان دەدا. کە مەککە تا ئەو کاتەش کە دەکاتە ساڵی ٢٣ پ.س.ب ئاوەدان نەبووە. ئەگینا دەبوایە گالووس ئەوەندە گرنگی پێبدایە. و ئەو ڕێگا درێژەی بۆ نەجران نەبڕیبوایە.
سەرەڕای ئەوەی سترابۆ، یەک لە دوای یەک گوندەکانی ئەو ناوچەیە، بە ڕوونکردنەوەی وورد دیاریکردوون. بە هیچ شێوەیەک ناوی مەککە ناهێنێ.

سترابۆ وەک مێژوونووسێک بە ڕوونی ئەوەمان پیشان دەدا. کە نابێ مەککە لەسەردەمی یەسو (کریست) هەبووبێ. دوای ئەوگەشتە سەربازییەش، سترابۆ تا ساڵی ٢٣ س.ب ژیاوە.

کەچی هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە هیچ شوێنێک بە ناوی مەککە ناکا[104].

[104] Amari, Dr. Rafat (2004) Islam: in laight of history. A Religion Reserch Institut Publication. Pp 131

# سەدەی یەکەمی سەردەمی باو

لە سەدەی یەکەمی س.ب، هیچ تارماییەک لەسەر شاری مەککە نەبووە. لە نێوان ساڵانی ٥٨-٦٢ س.ب، پەرتووکێک بەناوی (کەشتی ڕانی لە دەریای ئەریتریا. مەبەست دەریای سوورە)[105] لەلایەن کەسێکی نەناسراو نووسراوە. کە نیشتەجێی شاری بێرێنیس بووە. ئەو شارە، دەکەوێتە بەری ئەفریقای قەراخی دەریای سوور. بەرامبەر ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی بە دووری ٣٢٢ – ٣٥٤ کم، لەو شوێنەی، کە ئێستا مەککەیە[106]. ڕەنگە یەک لە پەرتووکە هەرە گرنگەکانی ئەوکاتە بووبێ. کە سەبارەت بە ڕێگای بازرگانی و دینەکانی دوورگەی عەرەبی نووسرابێ.

مێژووی پەرتووکەکە، بۆ ئەو بەدواداچوونەمان گرنگە. زۆر بەڵگەی تێدایە کە ئەو نەخشە و گێڕانەوانە پشتڕاست دەکاتەوە، کە نێردە و گەڕۆکەکانی یۆنانی و ڕۆمانی پێی گەیشتبوون. بۆ نموونە پلینیوس مەیۆر[107] (٢٣ – ٧٩ س.ب) هەندێک لە بیرۆکەکانی ئەو پەرتووکەی وەرگرتوون. و لە پەرتووکەکەی خۆی بەناوی (مێژووی سرووشتی)[108] ، کە لە نێوان ساڵانی

[105] The Periplus of the Erythraean Sea (1912) Travel and trade in the Indian Ocean. By A Merchant of the first Century. Longman, Green and CO.

[106] Wilfred Schoff on his introduction to The Periplus of the Erythraean Sea, Munshiram Manoharial Publishers Pvt Ltd.(New Delhi, 1995), pages 14,15

[107] Plinius Maior

[108] Natural history

٧٢ – ٧٦ س.ب نووسیویەتی، تۆمارکردوون. لە بەشی دوانزە، سەبارەت بە قەراخەکانی دەریای سووری، لەبەری دوورگەی عەرەبییەوە. هەروەها لە پەرتووکی شەشەم بە درێژایی بەشەکانی ٣٢ و ٣٣ی بۆ دوورگەی عەرەبی تەرخانکردووە.

کارەکانی پلینیوس بۆ بواری جوگرافیای سەردەمی خۆی، وەک ئینسیکلۆپێدیایەک وایە. تەنیا لە ناوچەکانی دوورگەی عەرەبی، ناوی ٩٢ نەتەوە و هۆزی تۆمارکردوون. بەڵام بە هیچ شێوەیەک نە ناوی مەککە نە ناوی قورەیشی نەهێناوە. ئەوەش بۆخۆی بەڵگەیە، کە لە ماوەی سەدەی یەکەمی سەردەمی باو، شوێنێک یان ئاواییەک بە ناوی مەککە نەبووە. تەنانەت ناوی قورەیش لە لیستی هۆزەکاندا بوونی نییە. سەرەڕای ئەوەی، موسوڵمانان دەڵێن قورەیش یەکێک لە هۆزە هەرە کۆنەکانی عەرەب بووە. کەچی لەو ئینسکلۆپێدیا مەزنە بوونی نییە[109].

بەپێی لێکدانەوەی جوگرفیای دوورگەی عەرەبی، دەبێ دەروازەی لیوکێ کۆمێ عقرە بووبێ. دووری نێوان عقرە و لیوکێ کۆمێ نزیکە ٢٢٠ کم بووە. و لە عقرەوە بۆ گوندێک بەناوی مالاتان، تەنیا ١٠٠ کم دووربووە. مالاتان[110] نزیکترین گوند بووە، لەو شوێنەی ئێستای مەککە. کەچی لە هیچ شوێنێک باسێک سەبارەت بە مەککە نییە.

---

[109] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 141
[110] Malathan

# سەدەی دووەمی سەردەمی باو

لەسەدەی دووەمی زایینی گەشت و گەڕانی جوگرافی و مێژوونووسانی یۆنانی و ڕۆمانی هەر بەردەوام بووە. یەک لە هەرە بەناوبانگ و گرنگەکان کلاودیۆس پتۆلیموس (٩٠ – ١٧٠ س.ب). بووە. ئەو جوگرافی و مێژوونووسە، بە هۆی بە توانایی لە ووردەکاری مێژووی و جوگرافی و کارتۆگرافی. خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر جوگرافیای جیهان تەرخانکرد. پتۆلیموس لە دەوروبەری ساڵی ١٥٠ س.ب پەرتووکی ئەلمۆناگێسی نووسی. ئەو پەرتووکەی بۆ نەخشەکێشان* یان نەخشەکێشانی زەوی تەرخانکرد. ئەوەی پتۆلیموس لەو کارەی گرنگی پێدا، دانانی کۆردیناتی هێڵەکانی پانی و درێژی جوگرافیایی بوو. ئەوەش بۆ دیاریکردنی بەووردی شوێنی جوگرافی لەو سەردەمەدا، زۆر گرنگ بوو. بە هۆی دیاریکردنی هێلەکانی درێژی و پانی. کارەکانی جوگرافی پتۆلیموس، تا ئێستاش گرنگییەکی زۆری بۆ لێکۆڵینەوەی جوگرافیای مێژوویی هەیە[111].

پتۆلێموس لە کارتۆگرافیایەکەیدا شارێکی لە بەشی خوارووی ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبی نیشانکردبوو، بە ناوی (مەکۆرابا) [112]. ئەوەش وای لە هەندێک کەس، بەتایبەتی لێکۆڵەرەوانی موسوڵمان کردووە، وا تێبگەن شاری مەکۆرابا دەبێ مەککە بێ. تا گەیشتە ئەو ئاستەی هەندێ وای لێک بدەنەوە. کە مەبەست (مەککە- رەبە)یە و بە مانایماڵی

111 Ptolemy Claudius, The Geography, translated by Edward Luther Stevenson, Dover Publications, INC, New York, 1991, page 7
112 Macoraba

پەروەردگار دێ. ئەگەر ئەو گریمانەیە ڕاستبێ دەبێ مەککە لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی زایینی هەبووبێ. و مێژوونووس و جوگرافیەکانی پێشتر درکیان پێنەکردبێ.

بەڵام ئەو گریمانەیە چەند کێشەیەکی هەیە کە ناتوانرێ، وا بە ئاسانی لەسەرمان تێپەڕێ. و بە ئاسانی باوەڕی پێبکەین.

یەکەم: با وای دابنێین مەکۆرابە مەککەی ئێستایە، کەچی ناتوانێ ئەو شارەبێ کە تەمەنی بگاتە سەردەمی ئیبراهیم. لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەک ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە.

دووەم: ماکۆرابە لە ڕووی زمانەوانیی و درکاندنی ناکرێ مەککە بێ. زیاتر بۆ یەتروب (مەدینە) دەگونجێ تا مەککە. یاقوت الحموی (١١٧٩ – ١٢٢٩ ز) لە معجم البلدان ناوی (مقارب)، نزیکی یەتروب داناوە[113]. ئەوەش زۆر لۆژیک ترە، لەبەر ئەوەی ناوی مقارب زیاتر لە (لاتریبا) دەگونجێ کە پتۆلیموس لەسەر خاڵی ٧١ دایناوە. کە دواتر بووە یەتروب. نەک مەککە.

بەڵام پتۆلیموس ماکۆرابەی لەسەر هێڵی ٢٠ ٧٣ داناوە. ئەوەش دەکاتە سێ و یەک لەسەر سێی پلە، بەلای ڕۆژهەڵاتی یەتروب (مەدینە)وە. کەچی مەککە دەکەوێتە ڕۆژئاوای یەتروب. بۆیە مەکۆرابە ناتوانێ مەککە بێ. مەکۆرابە زیاتر لە قووڵایی ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبییە[114]

بەڵام ئەوەی تا ئێستا باسکرا هێڵی درێژایی بوو. ئەگەر سەرنجێکی هێڵی پانی بدەین، ئەوا زانیاری زیاترمان سەبارەت بە شوێنی ماکۆرابە دەست دەکەوێ. پتۆلیموس باسی مەکۆرابەی بە شارێکی نزیک لاتریبا (یتروب) نەکردووە. بەڵکوو دەڵێ شاری شەشەم بووە

---

[113] Crone, Patricia, Meccan Trade, Princeton University Press, 1987, Pp 136
[114] Ptolemois Klaudios. Geografisk hyfegesis  page145

دوای یەتروب بەرەو باشوور. لە کاتێکدا (کارنا) کە شارێکی ناسراوی یەمەن بووە، لەو سەردەمە. پتۆلیموس دوای یەتروب، بە شاری یەکەمی داناوە[115].

یەتروب ناتوانرێ بکرێتە نیشانە، بۆ دۆزینەوەی شوێنی مەکۆرابە. لەبەر ئەوەی یەتروب دەکەوێتە زۆر سەرووتری ماکۆرابە. لە بەرامبەر ئەوە، مەکۆڕابە دەکەوێتە باشووری کارنای باناوبانگ. بۆیە باشتروایە بە هێلی پانی بیدۆزینەوە. کە دەکەوێتە باشووری دوورگەی عەرەبی و باشووری شاری کارنای یەمەنی. بەو لێکدانەوەیەش ماکۆرابە دەبێ لە نزیکی شاری کارنا بێ، بە ڕووی باشوورەوە. واتە لە ناو سنووری وولاتی یەمەن بێ[116].

ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە. و لە سەدەی یەکەمی سەردەمی باو، جارێکیتر چاو بە ناو پەرتووکی پلینیوس مەیۆر دا بخشێنین. کە باسی شارێک بە ناوی (مۆخۆرب) دەکا. و دەڵێ دەروازەی عومان بەرەو حەزرەمووت لە قەراخی باشووری دوورگەی عەرەبی. ئەوەش لە هەموو ڕوێکەوە باش دەگونجێ. کە مەکۆرابە لە (مۆخۆربا) [117] وە هاتبێ[118]. یانیش بە شێوەی جیاواز تۆماریان کردبێ. هەرچەندە ناوی مەکۆرابە بێجگە لە گێڕانەوەی و نەخشەی پتۆلیموس، لە هیچ ئەدەبیاتێکی تردا نەهاتووە. کە دەبێ گوندێک یان ئاوەدانییەکی بچووک بووبێ. جا لەبەر هەر هۆیەک بووبێ لە سەدەی دووەم ناسراو بووبێ.

مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس پاتریشیا کۆرۆن، گومانێ زۆر بەهێزی لەو مێژوو هۆنینەوەی مێژوونووسانی ئیسلام هەیە. ئەو پێی وایە کە مەککە لە پێش ئیسلام لە مێژوودا بوونی

[115] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 145
[116] Ptolemois Klaudios. Geografisk hyfegesis 117 f.c till 51 f.c
[117] Machorba
[118] Pliny. Natural History of Pliny; Book VI, chapter 32

نەبووە. هۆکارەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی لە هیچ کۆردیناتێکی جوگرافی یەکتر ناگرنەوە. لەبەر ئەوەی مەکۆڕابە زیاتر بەلای ڕۆژهەڵاتەوەیە، تا دەگاتە مەککە.

سەرەڕای ئەوە ئەگەر مەکۆرابە، بە مانای مەککەی مەزنی دابنێین، دەبوایە لە عەرەبی ببێتە (مکة الکبری) بۆیە ناکرێ وەک شێوەیەکی زمانەوانی ئەگەری ڕاستی هەبێ. لەلایەکیتر دەکرا ببێتە مەککەی پیرۆز (مکة المکرمة).

ئەو ناوە (مەکۆرابە) بەلای کەمی دەبوایە لە ماوەی، نێوان سەردەمی پتۆلێموس و محمد سەرچاوەی تر ئاماژەیان پێبکردایە، کە نەکراوە. ئەوەش بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی کە مەککە، یان نەبووە. یان ئەو پێگا مەزنەی نەبووە، کە باسی دەکەن. خۆ ڕەنگە تەنیا گوندێک بووبێ، لە دۆڵاییەکی ووشک. کە دواتر قصی بن کلاب هۆزەکانی خەزاعە و بەکری دەرپەڕاند و داگیری کرد. کەعبەش بەپێی مێژوو، هەر دەبێ ئەو دروستیکردبێ.[119]

---

[119] Patricia Crone, (1987) Meccan Trade, Princeton University Press, pages 134,135

# سەدەی سێیەم تا چوارەمی س.ب

لە ماوەی سەدەی سێیەم دا، هەرچەند ناو بەناو ئەدەبیاتی حەبەشی، سووریا، ئارامی یان قیبتی. کەم یا زۆر باسی پەیوندی دینی و بازرگانیان لەگەڵ دوورگەی عەرەبی دەکەن. و لە زۆربەی ئەو دۆکومێنتانە، باسی شارەکانی دینی و بازرگانی بە ووردەکارییەوە دەکەن. بەڵام لە هیچ بەڵگەنامە و سەرچاوەکانیان ناوی مەککە نادۆزیتەوە. بە مانایەکیتر ئەو شارە نابێ بوونی هەبووبێ. ئەگەر هەبوایە بەو شێوەیەی مێژوونووسانی ئیسلام باسی دەکەن، دەبوایە، بەلای کەمی پێگایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و دینی و بازرگانی لەناو ئەدەبیاتی گەلان و دینەکانی ناوچە جیاجیاکانی. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری دوورگەی عەرەبیدا هەبوایە.

بوونی شارێکی دینی وا پیرۆز لە سەردەمە کۆنەکان. هەم بۆ دەستەڵاتی سیاسی یان دینی، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی دەبوو. باوای دابنێین مەککە لەسەدەی سێیەم یان چوارەم بنیاتنرابێ. خۆ دەبوایە لە ئەدەبیاتی سریانی، ئارامی و قبتی ناوی هاتبایە. یان تۆمارێک هەبوایە ئاماژەی پێبکردایە، کەچی هیچیان ئاماژە بە ناوی مەککە ناکەن[120].

هۆکارێکی تریش هەیە کە باوەڕمان وابێ، شاری مەککە دوای سەدەی چوارەم ئاوەدانکراوەتەوە یان دۆزراوەتەوە. بەڵگەش بۆ ئەوە، لەو سەردەمەدا، موژدەدەرانی دینی کریستیانی، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی دینی. و چالاکیەکانیان لە دوورگەی عەرەبی، ئەوەندە بەهێز و فرەلایەنی بوو. گشت کون کەلەبەرێکی دوورگەی گرتبووەوە.

[120] Crone, Patricia, Meccan Trade, Princeton University Press, 1987, pages 134,135

بەپێی مێژوو، کریستیانەکانی ئیمپراتۆری بێزەنتی هەوڵیان دەدا، دینی کریستیانی لە ناو عەرەب بڵاوبکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش کەنیسەیان بنیات دەنان. و نێردەی و موژدەدەری دینیان لە سەرتاسەری دوورگە بڵاودەکردنەوە. و گشت توانایەکیان پشتیوانی و پارێزگاریان لێدەکردن.

دینی کریستیانی دوای کۆڕی نیقیا لە ساڵی ٣٢٠ س.ب ئەوەندە پێشڕەوی کردبوو. تا ئەو ئاستەی بیشۆپ (أسقف)ی عەرەب بەشداری تێداکرد[121]. یەک لەو نموونانە کەنیسەی نەجران بوو. لەسەر سنووری یەمەن، بەر لە کۆڕی نیقیا دامەزرابوو. و ڕۆڵێکی بەرجاوی لەو جاڵاکیەدا هەبوو.

لە ساڵی ٣٥٤ س.ب کۆنستەنتینی دووەم، تیۆفیلوس ئیندوسی بۆ دوورگەی عەرەبی نارد. بۆ گەیاندنی پەیامی کریست و بە کریستیان کردنی ئەو ناوچەیە. لە عەدەن، زەفار و هورمز کەنیسەی دامەزراند. تا بگرە لە حەبەشەوە بۆ بلاوکردنەوەی دینی کریستیانی لە دەوروبەری دەریای سوور، موژدەدەر بۆ دوورگەی عەرەبی دەناردران.

لە هەمان کاتدا نەستووریەکانیش موژدەدەرانیان ڕەوانەی حیجاز، لە باکوور و ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی کردن. بە تایبەتی کەنیسەی حیرە  لە باشووری عێراق. بۆ بڵاوکرنەوەی موژدەی دینی کریستیانی، چاڵاکییەکانی خۆی لەسەر ئەو ناوچەیەی، کە ئێستای شاری مەککەی لێ ئاوەدان کراوەتەوە، چڕکردبووەوە.

---

[121] Nallino Carlo Alfonso , Raccolta di Scritti editti E ineditti, Roma, Istituto per l'Oriente, 1939-48 , Vol.III, page 122.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە هیچ نووسراوێک، بەڵگە نامەیەکی ئەو هەموو نێردە و موژدەدەرانەی لە گشت لایەکەوە ناردرابوونە دوورگەی عەرەبی. سەرەڕای ئەوەی مێژوونووس و ڕاڤەکارانی ئیسلام، باسی ئەوەندە پیرۆزی مەککە دەکەن. کە شوێنی ئیبراهیم و ئیسماعیل بووە. لە ناو ئەو هەموو سەرچاوە دینییە کریستانیانە، ناوی مەککە نادۆزیتەوە.

تا کۆتایی سەدەی سێیەمی زایینی، دەنگێک ئاماژەیەک دەربارەی شاری مەککە نابیستین. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. ناوچەیەکی چۆڵەوانی ووشک بووە. تا ئەو ئاستەی بەکەڵکی ژیان نەهاتووە. مەککە نابێ گوندێکی چەند ماڵیش بووبێ. تا سەرنجی موژدەدەرانی کریستیانی، یان بازرگان و جوگرافی و مێژوونووسانی ئیمپراتۆرییەتەکانی دەوروبەری، لە هیچ لایەکەوە ڕاکێشابوایە. ئەوەش بۆمان دووپاتە دەکاتەوە، کە مەککە زۆر دواتر ئاوەدانی بەخۆیەوە بینیووە[122].

لە هەمان کاتدا، ڕێی تێناچێ، باسی شارێکی وەک مەککە بکەین. و بڵێین درێژترین ژیانی لە مێژووی عەرەبی تێدا بووە. و یەک لە پیرۆزترین شوێنەکانی سەرزەویە. بەڵام نە تۆمارێک هەبێ. و نە شوێنەوارێکی ئەرکیۆلۆژی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە شارێ هەبووە ناوی مەککە بێ و ئەوەندەش پیرۆزبووبێ.

کەچی لە هەمان سەردەمدا، سەبارەت بە دیلمۆن (بەحرێنی ئێستا) لە ڕۆژهەڵاتی دوورگەی عەرەبی، هەر لە تۆمارەکانی سۆمەری ناوی هەبووە. و بە ڕوونی شوێنەواری پاشاکانی، بە ووردەکارییەکی جوان دەبینین. ئەدەبیاتی سۆمەری کە ناوی دیلمۆن بە بەهەشت دێنن. تا دەگاتە داگیرکاری ئیسلام لەسەدەی حەوتەمی زایینی. هەر گەڕۆکێک، نێردەیەکی

[122] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 148

ئیمراتۆرییەتەکانی ناوچە، یان موژدەدەرانی دینی. هەم ناوی هێناون و هەم ڕوونکردنەوەیان، لەسەر شوێنی جوگرافی و گرنگی لە سیاسەتی ناوچەکە داوە.

کەچی لە ڕۆژئاوای هەمان دوورگە. جێگای سەرسوڕمانە، نەتوانێ هیچ زانیارییەک چ لە ڕووی مێژووییەوە. چ لە ڕووی شوێنەوارناسییەوە، بەدەست بێنی. با وای دابنێین مەککە هەبووە. لە هەمان کاتدا دەبینین ئیمپراتۆریەکانی یۆنان و ڕۆمانی ئارەزووێکی زۆریان لەسەر ئەو ڕێگا بازرگانیانە هەیە. کە لە یەمەنەوە بۆ ئیسرائیل و میسر بەوێ دا تێدەپەڕین. کەچی ناوی مەککە ناهێنن!!

سەرەڕای ئەوە لە دینەکانی یەهودی و کریستیان ئیبراهیم وەک باوکی دینی سەیر دەکرێ. ئەگەر سەردانی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی و بەتایبەتی شاری مەککەی کردبێ. بۆ هیچ لەو گەڕیدەی ئیمپراتۆری ڕۆمانی، کە خۆیان کریستیان بووین. هەروەها موژدەدەرانی کریستیانی، کە ئیبراهیم بە باوکە گەورە و بنیاتنەری یەکتاپەرستی دادەنێن. کەمترین گرنگیان، بەو شوێنە نەداوە، کە ئیبراهیم سەری لێداوە، و کەعبەی لێبنیان ناوە. بۆ تا ئەو دەمەش ڕۆمانەکانی وەک سترابۆ و ئاگاتاخیدێس، بە چۆلەوانییەکی ووشکی دادەنێن، کە بەکەلکی ژیان نایێ.

هەر ئەوە وامان لێدەکا، باوەڕمان وابێ کە مەککە و تەوژمی گەورەبوونی، لەگەڵ هاتنی دینی ئیسلام بووبێ. ئەگینا دەبوایە چۆن ئەرکیۆلۆژیای میسۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی دوورگەی عەرەبی، گشت نیشانەکانی شارستانیان، چ بە تۆماری مێژوویی و جوگرافی یان شوێنەوارناسییان دیارن و بەڵگەنەوێستن. و بە درێژایی زیاتر لە دوو سەدەیە، بە سەدان شوێنەوارناس و مێژوونووسیان بەخۆوە خەریککردووە. بە هەمان شێوە دەبوایە ڕۆژئاوای دوورگە، بە تایبەتی مەککە بە دەیان شوێنەوارناس و جوگرافی بەخۆیەوە خەریک بکردایە. ئەگینا ئەگەر ئەفسانەش بێ، چۆن ئیبراهیم لە شاری ئوری باشووری عێراق بچێتە حاران

و دواتر بۆ ئۆرشەلیم و میسر. کەچی شوێنەوارێک مێژوونووسێک ئاماژە بە شارێکی وەک مەککە نەکا، کە (مقام إبراهیم) بێ[123].

ڕەنگە ئەو باسە پرسیارێک بورووژێنێ. ئەگەر شوێنی مەککە و گرنگی لە ڕووی بازرگانییەوە نەبووبێ، بۆچی ئیمپراتۆریەکان بە درێژایی مێژوو، گرنگیان بە ناوچەکانی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی داوە؟

دەکرێ وەڵامەکەی بەم شێوەیەبێ:
ئیمپراتۆریە مەزنەکانی ئەو سەردەمە تا پێیان کرابی هەولێانداوە. دەستەڵاتیان بەسەر دوورگەی عەرەبی دابگرن. بە تایبەتی باکووری ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ڕۆژئاوا. گرنگیەکەشی زیاتر لەوەدابوو. کە ئەو ناوچە دووره پەرێزە، بۆ ئیمپراتۆرییەکان دەگەڕایەوە بۆ سێ هۆکار:

هۆکاری یەکەم: شوێنێکی ستراتیژی بازرگانی هەبوو. کە دەکەوتە سەر ڕێگای بازرگانی لە نێوان ڕۆژهەڵاتی دوور، کە لە هیندستانەوە لە ڕێگای دەریای هیندییەوە تا دەروازەکانی باشووری دوورگەی عەرەبی کە یەمەن و حەزرەموتی دەگرتەوە. دوای ئەوە لە ڕێگای ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی، هەردوو ڕێگای ئاوی و ووشکانی تا دەگاتە ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەش وایکردبوو کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە، گرنگییەکی بە پلەی یەکەمیان هەبێ بۆ ئیمپراتۆریە کۆنەکان.

هۆکاری دووەم: ئیمپراتۆریەکان دەیانەویست. باکووری ڕۆژئاوا، و ناوەڕاستی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی، لەژێر دەستەڵات دابێ. ئەوەش بە مەبەستی خۆ پاراستن، لە کۆنفدراسیۆنی هۆزە عەرەبەکان لە باکوور و ناوەوەی دوورگەی عەرەبی. بە شێوەیەکی بەردەوام، هێرشیان بە هاندانی ئیمپراتۆریە هاوسێکان دەکرد. بۆیە ئەو ناوچانەیان وەک

[123] Ibid Pp 163-164

(بوفێرت) بۆشاییەک[124] بۆ دوورخستنەوەی ئیمپراتۆرە دوژمنەکانی هاوسێ. و هۆزە عەرەبیەکانی ناوچەکە جێگای ترس بوون.

هۆکاری سێیەم: ئارەزووی کۆنترۆڵی باکووری رۆژئاوا و ناوەڕاستی دوورگەی عەرەب. لەبەر هەبوونی سەرچاوەی کانەکانی زێڕ و مێتاڵە گرنگەکانی تر. هەر لە ناوچەی یەمامەوە، کە دەکەوێتە نزیکەی ٨٠٥ کم، بەرەو رۆژهەڵاتی ئەو ناوچەیەی، کە ئێستا شاری مەککەیە. بە سەرچاوەی زێڕ و مس بەناوبانگ بوو. تا ئەو ئاستەی ناوبانگی مسی دوورگە لە عومان و شامەوە ناسراوبوو.

[124] Shuto, Wang (2016) The origins of Islam in the Arabian context. Pp 6

# کۆچ و ڕەوی عەرەب لە یەمەنەوە بەرەو باکوور

دوای ئەوەی لە سۆراخی دۆزینەوەی مێژووی شاری مەککە. و هەڵدانەوەی لاپەڕە تۆزاوویەکانی پەرتووکی مێژوویی، هەر لە سەدەی چواردەمی پ.س.ب، دەستەڵاتی پاشای میسر گەیشتە یەمەن تا سەدەی چوارەمی س.ب. و گەڕانی کون و کەلەبەری لاپەڕەکانی مێژوو. نەمانتوانی بگەینە نیشانەیەک یان ئاماژەیەک. بۆ یەکلاکردنەوەی ئاوەدانی شاری مەککە بدۆزینەوە. کەواتە دەبێ ڕێگایەکیتر و لاپەڕەی تری مێژوویی، تر لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیە دا هەبن. کە بتوانن وەڵامێکیان لێ وەدەس بێنرێ. بۆ ئەوەی سەرداوێک یان نیشانەیەک بدۆزینەوە. کە بتوانێ تروسکایی وەڵامێکی لۆژیک و ڕاییکەرمان، سەبارەت بە مێژووی ئاوەدانبوونەوەی شاری مەککە بداتێ.

با پێکەوە سەرێک لە باشووری دوورگەی عەرەب بدەین، بە تایبەتی یەمەن. کە وەک مێژوو دەگێڕێتەوە، زۆربەی هەرە زۆری کۆچ و ڕەوی گەلانی سامی، بە درێژایی چەند هەزار ساڵی ڕابردوو، هۆز دوای هۆز لەوێوە بەرەو باکوور کۆچ و ڕەویان کردووە. ئەو کۆچ ورەوانە هەندێکیان گەیشتوونەتە ئیسرائیل، شام و میسۆپۆتامیان. ڕەنگە لەوێوە کلیلی دەرگا کلۆمدراوەکان بدۆزینەوە. کە بتوانێ، کێشەی مێژووی، ئاوەدان بوونەوەی شاری مەککەمان بۆ ئاسانترکا.

# بەنداوی مأرب

بەنداوی مأرب لە وڵاتی یەمەن، یەک لە بەنداوە هەرە کۆنەکانی جیهانە کە سەبەئیەکان دروستیانکردووە. و مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پ.س.ب.

ڕووبەری بەنداو (٩٨٠٠٠) نەوەد و هەشت هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیی بووە. ئەو بەنداوە لەو ماوە دوورودرێژەی مێژوو، چەندین جار، بە هۆی باران و لافاو تێکشکاوە. و کارەساتی بەسەر ناوچەکانی دەوروبەری داهێناوە. کە بۆتە هۆی کۆچکردنی هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە. ئەو کۆچکردنەشیان بە زۆری بەرەو باکوور بووە. بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی گونجاوتر، بۆ حەوانەوە. و جارێکیتر سەرلەبەر دەستیان بە بنیات نان و لە شوێنێکی گونجاو، جارێکیتر بەردەوامیان بە ژیان داوە[125].

تێکشاکانی بەنداوی مأرب، وماڵوێرانی خەڵکی ناوچەکە. تەنانەت لە قورئانیشدا، لە سورەتی سبەء ئاماژەی پێکراوە.

القرآن الكريم – سورة السبأ ٣٤: ١٥ – ١٦

شوێنی خەڵکی سبأ نموونەیی بوو. دوو ڕێز باخ لە لای ڕاست و لەلای چەپ. لەو بژێوەی پەروەردگار پێتانی داوە. بە سوپاسەوە لێی بخۆن. وڵاتێکی خۆش و پەروەردگاری لێبووردە (١٥) ئەوان ڕوویان لە خودا وەرگێڕا، ئێمەش

[125] محمود جلال العلامات (١٩٨٤) السبئيون و سد مأرب. الطبعة الأولى. ص ١٢٥

لافاوێکمان نارد و وێرانمان کرد. دوو پاخەکەمان گۆڕین، بە دوو باخی خراپی
بەر تفت و تاڵ و دارگەز. کەمێکیشی لە دار تاوگ (١٦).

ئەوەی بۆ ئەو باسە گرنگە، بەڵگە مێژووییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە. کە لە سەدەی دووەمی زایینی یان ڕوونتر (ساڵی ١٥٠ س.ب) ئەو بەنداوە (مأرب) جارێکیتر تێکشکاوە. و کارەساتی بەسەر ناوچەکانی دەوروبەری داهێناوە. کە دەرئەنجامەکەی وایکرد، زۆربەی هۆز و بنەماڵەکانی ئەو ناوچانە، لە یەمەنەوە بەرەو باکوور کۆچ بکەن. بەتایبەتی خەڵکی ناوچەکانی نزیکی بەنداوی مأرب، کە زۆر خراپتر، بەر ئەو کارەساتە کەوتبوون[126]. زۆر لەو هۆزانە، لە دوای کۆچ و ڕەویان بەرەو باکوور، لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی گیرسانەوە. ئەو ناوچانەی کە ڕوویان تێدەکردن، زۆربەی هەرە زۆری ووشک و چۆڵەوانی بوو.

دوو لەو هۆزانە، هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەج. لە ناوچەی یەتروب (مەدینە) گیرسانەوە. کاتی ئەوان بۆ یەتروب هاتن، دەمێک بوو یەهودی نەساڕی بەنی نەزیر و بەنی قورەیزە، لە ناوچەکانی دەوروبەری یەتروب جێگیر بووبوون[127].

خلیل عبدالکریم دەنووسێ: ئەوکاتەی یەهودی لە دەشتەکانی دەوروبەری یەتروب دەژیان. ماڵەکانیان لە مێرگی یەتروب و دەوروبەری دەژیان. ئەوکاتە هێشتا هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج کۆچیان بۆ نەکردبوو. بۆیە یەهودیەکان کۆنترین نەتەوەن ئەو ناوچانەیان ئاوەدانکردبێتەوە[128].

هەر ئەوەش بوو، ئەو دوو هۆزە (ئەوس و خەزرەج)، کە لە یەتروب گیرسانەوە. هەر زوو تێکەڵاویان لەگەڵ یەهودیەکانی یەتروب بەگشتی پەیداکرد. و سوودیان لە بازرگانی و ژیانی

---

126 محمود جلال العلامات (١٩٨٤) السبئيون و سد مأرب. الطبعة الأولى. ص ١٤٩
127 Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 257
128 عبدالكريم، خليل ( ) قريش من قبيله الیٰ الدولة المركزية ص١٤٣

کشتوکاڵی ئەوان وەرگرت. لەبەر شێوەی پێشوازیکردن و یارمەتی دان، و فێرکردنی چۆنییەتی کشتوکاڵ ئاژەڵداری، وای لەو دوو خێلە کرد. کە دینی یەهودیان بە باشترین دین دەزانی. و تا ئەو ئاستەی هەندێک لە عەرەبەکانی کۆچکردوو، بوونە یەهودی. لەلایەکی تر یەهودییەکان کە بۆ دوورگەی عەرەبی کۆچیان کرد. هەر لە سەرەتاوە تێکەڵاوی و هاموشۆیان لەگەڵ خەڵکی عەرەب بەگشتی، زۆر باش بوو. بە ئارامی دەژیان و جلوبەرگی عەرەبیان لەبەردەکرد. و کولتووری عەرەبیان پەیرەو دەکرد. ئەو تێکەڵاوی و سوود وەرگرتنەی دوو هۆزی ئەوس و خەزرەج، یارمەتیدەرێکی بەهێز بوو. بۆ شکاندنی ئەو بەربەستانەی نێوانیان و بتوانن، تا ئەو ئاستەی هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتری بکەن. تا دەگاتە ئەوەی هەندێک لەو عەرەبانە، هەست بەوە نەکەن، کە دینی یەهوودی دیاردەیەکی نامۆیە بۆیان. [129]

لەلایەکیتر ئەو هۆزانەی خەڵکی یەهود، لە ناو ڕۆڵەکانیان دابوون، تا هاتنی ئیسلام شانبەشانی عەرەب، هاوبەشی گشت نەرێتە کۆمەڵایەتیەکانیان دەکرد. بە شێوەیەکیتر یەهودیەکان لە ناوچەی یەتروب، بەهۆی زانیاری و زیرەکیان لە پیشەی کشتوکاڵ، وەک مۆتۆڕێک بوون بۆ پێشکەوتن و دروستکردنی پێکەوە ژیان لە گەڵ عەرەب[130].

ئەو کاتەی بەنداوی مأرب تەقیەوە. هاوکات لەگەڵ دوو هۆزی ئەوس و خەزرەج، دوو هۆزی تر بەناوی خەزاعە و ئوزد، دوای کوچ و ڕەویان بەرەو باکوور. ڕوویان لە ناوچەیەکی چۆلەوانی کرد و گیرسانەوە. ئەو ناوچەیەیە، ئێستای بۆتە ئەو ئاوەدانییەی، شاری مەککەی لێ دروستکرا. بەڵام ئەوان، وەک ئەوس وخەزرەج، بەخت یاریان نەبوو.

---

[129] علی، د. جواد. المفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام. الجزء السادس. الطبعة الثانیه ١٩٧٨ ص ٥٣٠

[130] عبدالكريم. خليل (١٩٩٠) الجدور التاريخية للشريعة الإسلامية. سيناء للنشر ص ١٥

ناوچەی مەککە چۆڵەوانی بوو. و هیچ ئاوەدانییەک نەبووە بەناوی مەککە. بەڵکوو هۆزی خەزاعە و هۆزی ئوزد، بۆ یەکەم جار ئەو شوێنەیان ئاوەدانکردەوە. و تا ماوەیەکی دوور و درێژ بە کاری شوانکارەییەوە خەریک بوون. دواتر هەنگاو بە هەنگاو دەستیان بەکشتوکاڵ کرد. ئەوەش هۆکارێک بوو، کە هۆزەکانی خەزاعە و ئوزد زیاتر لە سەدە و نیوێک لەو شوێنە نیشتەجێ بوون. بەبێ گۆڕانکاری لە شێوەی ژیانیان، هەر بەم شێوەیە بەردەوام بوون.

دوای تێپەڕبوونی ماوەی زیاتر لە ١٧٠ ساڵ لەو ناوچەیە، بڕیاریان دا. وێستگەیەکی کاروانی بازرگانی، لەو شوێنە بۆ حەسانەوەی کاروانەکانی باکوور و باشوور دروستبکەن. ئەگەر مەککە پێش هاتنی هۆزی خەزاعە و ئوزد هەبوایە. دەبوایە لەجیاتی دروستکردنی وێستگەی نوێ، بۆ بەردەوامی ژیان بەدوای شار دابگەڕێن. هەروەک هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج، لە ناوچەی یەتروب کردیان. و سوودیان لە بازرگانی و ژیانی کشتوکاڵی یەهودیەکان وەرگرت. بەڵام خەزاعە وەک کۆچەری نوێ. لەو چۆڵەوانیە، نیمچە بیابانەی دەوروبەری مەککەی ئێستا گیرسانەوە. هەر لەو کاتەی یەمەنیان بەجێهێشت. بە درێژایی ئەو ڕێگا دوور و درێژە نە شارێک، نە ئاوەدانییەکیان نەدۆزییەوە. تا لێی نیشتەجێ بن، تا گەیشتنە ئەو شوێنە.

هۆزی خەزاعە زیاتر لە ١٧٠ – ٢٠٠ ساڵ چاوەڕوانیانکرد، تا گوندێک یان ئاوەدانییەک لەسەر ڕێگای کاروان دروست بکەن. ئەوەش وەک تەواوکەرێک، بۆ ئەو کاروانانەی لە یەتروبەوە بەرەو باشوور دەهاتن. کە نزیکەی ٣٢٠ کم دوور بوو. ئەو وێستگەیەش ناوی لێنرا (مەککە). بەڵام ئەو کاروانانەی لە باشوورەوە (لە یەمەن) دەهاتن، لە مەککە ڕانەدەوەستان. ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە یەتروب، بە هۆی ئاوەدانی کۆنتری یەهودیەکان، ناوچەیەکی هەم جێگای حەسانەوە لە ڕووی بژێوی، و هەم ئارامتربوو. بۆیە خاوەنی وێستگەیەکی گەورەتر و باشتر بوو. و هەمیش زۆر لە مەککە دوور نەبووە. کەچی ئەو کاروانانەی لە باکوورەوە دەهاتن، دوای مەککە تا دەگاتە شاری (کەرنا) لە باکووری یەمەن، هیچ وێستگەیەکیتر نەبووە. ئەوەش ڕێگایەکی دوورە، هیچ کاروانێک ناتوانێ بێ

ئازوخە و ئاو، ئەو ماوە درێژە ببڕێ. بۆیە لە مەککە بارگەیان خستووە و دواتر بەڕێکەوتوون. ئەوەش دەریدەخا، هەرچەندە هۆزی خەزاعە وێستگەی لە ناوچەی چۆڵەوانی مەککە دروستکردووە. بەڵام نەیتوانیووە بەرابڕکێ لەگەڵ یەتروب بکا.

شتێکیتر کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ. لەم وێستگە نوێیەی مەککە تەنیا کاروانەکانی لە باکوورەوە دەهاتن، دەوەستان. بە پێچەوانەوە هیچ لەو کاروانانەی لەباشوورەوە (لە یەمەنەوە) دەهاتن لە مەککە ڕانەدەوەستان. ئەوەش ڕوونکردنەوەی خۆی هەیە. فرانسوا دی بلوا ئاماژە بە کریستۆف لوکسێنبێرگ دەکا، کە نووسیویەتی:

ناوی مەککە لە بنەڕەتدا ووشەیەکی ئارامیە و لە (مەکقا) وە هاتووە، کە دەکاتە نزمایی (منخفض). ئەو لێکدانەویە، لە دوو ڕووەوە زۆر لۆژیکییە. یەکەم لەو سەردەمەدا زمانی فەرمی ناوچەکە هەر لە شامەوە تا یەمەن زمانی ئارامی بووە . ئەو کاروانانەش کە لە باکوورەوە هاتوون، بازرگانی نەتەوەی ناوچەکانیتر بووین. و ناوەکەش، وەک ناوێکی ئارامی ئاشنایەتیان پێی هەبووە[131].

دووەم ناوچەیەکی دۆڵایی و بەرزو نزمی زۆری تێدابووە. کە تا ئەوکاتەش، شوێنێکی ترسناک بووە. ئەگەر لە ناچاری نەبووایە، ڕەنگە شوێنی دڵنیایی نەبووە، بۆ حەسانەوە. هەر ئەوەش وایکردووە، هۆزی خەزاعە، ئەو ماوە زۆرە چاوەڕوانیان کردووە. و نەوێرابن وێستگەی کاروان دروستبەکەن. تا بوونەتە خاوەن هێزی چەکداری خۆیان، بۆ پاسەوانی ناوچەکە. ئەوسا توانیویانە هەنگاوی وا باوێن. ئەگینا نەیانوێراوە بیر لە دروستکردنی وێستگەی کاروانی بازرگانی بکەنەوە.

---

[131] Christoph Luxenberg (2007) The Syro-Aramaic reading of the Koran. A contribution to the Decoding of the Language of the Koran. Verlag Hans Schiler. Berlin

لەلایەکیتر ئەگەر مەککە زووتر هەبوایە، دەبوایە زۆر هۆزیتری لێ نیشتەجي بن، لەبەر ئەوەی نزیکترە لە یەمەن. ئەوەش بەڵگەیەکی تری بەهێزە. بۆ ئەوەی نابێ مەککە بەر لە سەدەی چوارەمی س.ب هەبووبێ.

# هاتنی قصي بۆ مەککە و سەرەتای قۆناخێکی نوێ

بەر لەوەی بچینە ناو باسەکە، پێویستە ئەگەر بە کورتیش بێ باسێک، سەبارەت بە چۆنییەتی پەیدابوونی هاتنی قوصي بۆ مەککەبکەین. هەروەها چۆنیەتی پەیداکردنی لەگەڵ خەڵک و دواتر پرۆژەی داگیرکردن، و دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەت و دەستەڵاتێکی نوێ. ئەوەش بۆ باشتر تێگەیشتن، لە پێکهاتە و چۆنییەتی بزاڤی دینی و پەرەسەندنی کۆمەڵگە لە شاری مەککە. بەر لە هاتن و نیشتەجێبوونی ڕەوەندەکانی دەوروبەری مەککە. و دواتریش دروستبوونی هۆزی قورەیش. دواتر بە هاتنی ئیسلام، پرۆسەکە ئاڕاستەیەکیتری وەرگرت.

دانیشتوانی مەککە بریتی بوو، لە دوو هۆزی عەرەبی بەناوی بەنی خەزاعە و ئوزد. بەنی خەزاعە هۆزێکی بەهێز بوو. هەروەک لە پێشتر باسکرا. لە سەدەی دووەمی زایینی، دوای کۆچ و ڕەویان لە یەمەن بەرەو باکوور. لە ناوچەی مەککە جێگیربووبوون. هەر ئەوانیش یەکەم جار ناوچەکەیان ئاوەدانکردەوە. و دواتریش هەنگاو بە هەنگاو، تا گەیشتە دروستبوونی ئاوەدانی مەککە. هەر بۆیەش ئەوان دەستەڵاتی مەککەیان لەدەست دابوو. لەوانیش بنەماڵەی بەکر خزمەتی پرستگایان دەکرد. و کاروباری دینیان هەڵدەسووڕاند. تا ئەو کاتەش چەندین بنەماڵەی ڕەوەندی (بدوي) سەر بە هۆزی جیا جیا لە دەوروبەری مەککە دەژیان. پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ خەڵکی مەککە هەبوو. و بەردوام پەیوەندی کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵ خەڵکی مەککە هەبوو. تا دەگاتە پەیوەندی ژن و ژنخوازیان، لەسەرخۆ کەوتبووە نێوان.

ئەوەش دەرفەتی باشتری پەیداکردبوو. کە هەندێک لە گەنجانی ڕەوەندی دەوروبەری مەککە بێنە ناو ئاوەدانی جێگیر. و فێری ژیانی نیشتەجێ بن. و بە یەکجاری واز لە ژیانی ڕەوەندی بێنن. ببنە شار نیشین. جا لە مەککە یان یەتروب. ئەوەش لە ژیانی کۆمەڵایەتی، و پەرەسەندنی کۆمەڵگە، شتێکی ئاساییە. بە درێژایی دەیان هەزار ساڵی ڕابردوو مرۆڤ بەردەوام پەرەی بە شێوەی ژیانی داوە، بۆ هەلومەرجی باشتر. ئەوەش مۆتۆڕی پەرەسەندنە لە قۆناخێک بۆ قۆناخێکیتر، لە پێشکەوتنی شارستانی بوون.

یەک لەو گەنجانەی، هەر لە سەرەتای تەمەنی ژیانی ڕەوەندی بەجێهێشت. و ڕووی لە مەککە کرد. قصي بن كلاب بوو. بە هاتن و گیرسانەوەی قصي لە مەککە سەرەتای پرۆسەی دروستبوونی هۆزی قورەیش و دواتریش پیرۆزی مەککە، تا دەگاتە دروستبوونی ئیسلام و ڕەوتی هەزار و چوارسەد ساڵەی ژیانی کۆمەڵگەکانی ئیسلامی سەری هاتە کایە.

# با له سەرەتاوە دەست پێبکەین

بە هەر شێوەیەک، باسی شاری مەککە و پرۆسەی پیرۆزی بکەین، یەکسەر دەبێ باسی هۆزی قورەیش و پەیوەندیان بە مەککەوە بکەین، کاتی باسی قورەیشیش دەکەین ناتوانین باسی قصی بن کلاب (٤٠٠ – ٤٨٠س.ب) نەکەین.

باوکی قصی، کلابی کوڕی مرە، لەگەڵ فاطمە کچی سعد کوڕی سیل هاوسەرگیری کرد. لەو ژنە دوو منداڵی بوون .کوڕێک بەناوی (زید) قصی و کچێک بەناوی زەهرە. دواتر فاطمەی دایکی هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەبیعە کوڕی حرام کرد و لەویش کوڕێکی، بەناوی رزاح بوو. کە دەکاتە زڕبرای قصی لە دایکییەوە. ئەو کاتەی قصی لەدایک بوو. ناویان لێنا زەید. و لەماڵی ڕبیعە کوڕی حرام پەروەردە دەکرا. دواتر لەبەر هەست بە نامۆیی کردن. و خۆ پەراوێزگرتنی هەمیشەی، ناویان لێنا (قصی). ئەوەش لەبەر دووری لە ماڵە باوانی[132].

تا ئەو کاتەی قصی لەدایک بوو. هێشتا بنەماڵەکەیان لە دەوروبەری مەککە، وەک ڕەوەند دەژیان. ئەوانە بنەماڵەی کۆچەری بوون. و لە نێوان شام و حیجاز هاتووچۆیان دەکرد. شوێنێکی جێگیریان نەبوو. بۆ بەردەوامی ژیان، بەردەوام لە جوولان دابوون[133].

لەو کاتەی هێشتا بنەماڵە و کەس وکاری قصی، لەناو دۆڵ و بەرزاییەکانی دەوروبەری مەککە دەژیان. و بە ژیانی ڕەوەندی خۆیانەوە خەریک بوون، قصی گەیشتبووە تەمەنی هەرزەکاری.

---

132 خليل عبدالكريم (١٩٩٧) قريش من قبيله الى الدولة. ص ٣٦

133 على، د. جواد، المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام. جزء الرابع ص ٥٨

لە ژیانی ڕەوەندی و تەنیایی، وەک نامۆیەک وەڕس بووبوو. هەر ئەوەش وایکرد، بێتە ناو مەککە. و لە ماوەیەکی کەم، بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی، ئاشنایەتی بە شێوەی ژیان و هەڵسورانی کاروباری مەککە پەیداکرد. و پەیوەندیشی لەگەڵ خەڵکی ناو شار دروست دروستکرد. تا وای لێهات، هاوسەرگیری لەگەڵ حوبەی کچی حەلیلی کوڕی حەبشیەی خزاعی کرد. حەلیل کلیلی پەرستگای مەککەی لابوو.[134] هەر کەسێک کلیلی دەرگای پەرستگای لابوایە. لە ڕاستیدا، دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی مەککەی هەبوو.

کاتی حەلیل پیر بوو ڕایسپارد کە حوبەی کچی جێی بگرێتەوە. بەڵام حوبەی ڕازی نەبوو و گووتی من ناتوانم هەر ڕۆژ بەردەوام دەرگایی پەرستگا بکەمەوە و دابخەم. بۆیە کارەکە بە أبی غبشان کە کوڕی حەلیل بوو سپێردرا. أبی غبشان کەسێکی ووڕ و گێلۆکە بوو. و قصی یارمەتی دەدا. ڕۆژێکیان قصی کلیلی پەرستگای، بە هەندێک شەڕاب و چەند گفتێک لێکڕییەوە.

کاتی قصی کلیلی پەرستگای وەرگرت، خێلی خەزاعە وەک خاوەنی دەستەلاتی شار، و یەکەم ئاوەدانکەرەوە، بەرهەڵستیان کرد. ئەو بەرهەڵستییەی هۆزی خەزاعە، کە زۆر لە قصی و بنەماڵەکەی بە هێزتر بوون. توانیان، بنەماڵەی قصی لە مەککە وەدەرنێن. ئیتر شاری مەککە گەڕایەوە سەر شێوەی جارانی. و هۆزەکانی خەزاعە و بەنو بەکر و بنەماڵەی بەنو صوفة، وەک جاران لە ژیانی، ڕۆژانەی شار و سەرپەرشتی مەککە بەردەوام بن[135].

بۆ ساڵی ئایندە، کاتی حەج هات. وەک هەر ساڵێک بەنو صوفە خەلکیان بۆ حەج هاندەدا. ئیتر قصی لەگەڵ رزاح کوڕی ڕەبیعە کە زڕبرای بوو لە دایکییەوە. و خزمەکانی تری و

---

[134] دیارنییە ئەو پەرستگایە چی بووە. و چیان پەرستووە. بەڵام نابێ کەعبە بووبێ. لەبەر ئەوەی قصي خۆی بەردە ڕەشەکانی دۆزیوەتەوە، کە هۆزی ئەیاد شاردبوویانەوە. ئەوسا قصي بنیاتی کەعبەی ناوە.

[135] عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيله الى الدوله ص ٣٧

بنەماڵەکانیان و کەنان و قضاعەشیان لەگەڵ بوون، هاتن بەرەنگاری بەنو صوفە بوونەوە. قصی بە بەنو صوفەی گوت:

> ئێمە لە ئێوە لە پێشترین و کلیلی کەعبە لەدەستی ئێمەدایە. و بە ڕەزامەندی کڕیومانە.

شەڕ لە نێوان بەنی صوفە و قصی و هاوپەیمانەکانی، دەستی پێکرد. کوشتارێکی زۆر لە هەردوولا کرا. دواتر بنەماڵەی بەنو صوفە بەزین. و مەککەیان بەجێهێشت و ڕایانکرد. [136]

خەزاعە و بەنوو بەکر کە دوو خێلی بە توانا و دەستەڵاتداری مەککە بوون ڕقیان لە قصی گرت. دەیانزانی چۆن بنی صوفەی لە مەککە قەدەخەکرد. و دوایی بە هێز دەرییەڕاندن. لە ئایندە نۆرەی ئەوانیش دێ و قەدەخە دەکرێن. بۆیە خۆیان بۆ شەڕ ئامادەکرد. و شەڕێکی سەخت لە نێوانی قصی و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و خەزاعە و بەنو بەکر لەلایەکیتر ڕوویدا. دوایی هۆزی خەزاعە هەستیان کرد قصی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان لەوان بەهێزترن. داوای ئاشتبوونەوەیان کرد. بۆ ئەوەش کەسێک بەناوی یعمر کوڕی عوف کوڕی کەعب ناسراو بە (الشداخ). بۆ بڕاندنەوەی کۆتایی ناکۆکی و شەڕەکە، کرایە دادوەر. ئەنجامی پرۆسەی دادوەرییەکە بەوە شکایەوە، کە قصی زیاتر مافی بەدەستە. و لە پێشترە بۆ سەرپەرشتی کەعبە و فەرمانڕەوایی مەککە، تا خەزاعە. لە بەرامبەر ئەوە، دەبێ قصی قەرەبووی خوێنی ڕژاوی شەڕکەرانی خەزاعە بدا. کە بە ٥٢٠ دیە مەزەندە کرا.

بەو شێوەیە قصی بووە فەرمانڕەوای مەککە و سەرپەرشتیاری پەرستگا. دوای بڕانەوەی ناکۆکی لەگەڵ خەزاعە. و وەرگرتنی پۆستی فەرمانڕەوایی مەککە، کە تا ئەوکاتە بنەماڵەی

---

[136] هەمان سەرچاوە

قصی و هۆزەکانیتر، هێشتا لە دەرەوەی مەککە دەژیان. و ڕەشماڵ نیشین بوون. مەگەر بە سەردان هاتبانە ناو مەککە، ئەگینا ئەو مافەیان نەبوو.

لەو دەمەودا قصی سەرجەمی ڕەوەندەکانی هاوبەش لە پشتگیری قصي بۆ داگیرکردنی مەککە، بانگهێژی کۆبوونەوەیەک لە مەککە کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، کە هەموو ئەو بنەماڵەڵانەی سەربە هۆزی جیاجیابوون، ئامادەبوون، ووتاری بۆ دان گوتی:

ئایا دەتانەوێ هەموو پێکەوە، لە حرم بن و لە دەوری بەیت نیشتەجێ بن؟
بە اللّٰه هیچ کەسێک ناتوانێ شەڕتان لەگەڵ بکات و ناشتوانن دەرتان کەن!
ئێوە لێرە نیشتەجێ دەبن و دەبنە سەرداری عەرەب.
گوتیان تۆ سەروەرمانی. ڕای ئێمەش، ڕای تۆیە. دوایی لە دەوری حەرەم[137] کۆیکردنەوە[138].

[137] بۆ ئەوەی لێمان تێک نەچێ ووشەی بەیت و حرم هەر لە زووەوە، لە ناو دوورگە هەبووین و ئەو بنەماڵانەی کەعبەی خۆیان هەبووە. پێیان ووتراوە أهل البيت. هەروەک لە بەشێکی پێشتر باسی ئەوە کرا کە لە دوورگەی عەرەبی ٢١ کەعبە هەبووین.
[138] هەمان سەرچاوە ص ٣٨

# دروستبوونی هۆزی قورەیش و سەرەتای سەردەمێکی نوێ

دوای ئەوەی قصی هەردوو هۆزی خەزاعە و بەکری، لە مەککە وەردنان. و دەستی بەسەر مەککە داگرت. دوای ئەوە دەستیکرد بە کۆکردنەوەی، خێلە جیاجیاکانی ناوەوە و دەرەوەی مەککە. و هەنگاوی یەکەمی ئەوەبوو، کۆمەڵگەیەکی نوێی لێ دروستکردن. و ناوی لێنا (قورەیش). کەواتە پێکهاتەی کۆمەڵگەی قورەیش وەک هۆزێک یان تیرەیەکی دیاریکراو نەبووە. بەڵکوو وەک ابن کلبی دەڵێ:

قورەیش کۆکراوەیەکی کۆمەڵایەتی و پلەو پایە بوو، نەک خزمایەتی[139].

ابن ئیسحاق بە هەمان شێوە سەبارەت بە ناوی قورەیش دەڵێ:

دوای گردبوونەوەی توێژە پەرش و بڵاوەکان ناوی لێنرا قورەیش[140].

ئەو هۆز و بنەماڵە ڕەوەندانە، تێکڕا ناویان بووە قورەیش. لەمەو دوا کۆچ و ڕەویان هەروەک جاران بوو. بەڵام لەو دەمەوە، لە ژێر ناوی قورەیش داناسران.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێ، کە تەنیا پێکهاتەکە لە ڕووی پلەو پایە نەبوو. بەڵکوو چینە کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕەکانیش لەناو ئەو کۆمەڵگە نوێیە جیاوازبوون. بێجگە لە چینی دەوڵەمەند و هەژار، لەڕووی بیروباوەڕیش، دەکرا لەیەک جودا بکرێتەوە.

---

139 طبقات إبن سعد ٢٠: ٧١، نهاية أرب للألوسى ١٦

140 سيره ابن هشام ١: ٨٧، السيره الحلبيه ١: ٢٤

دانیشتوانی مەککە، بێجگە لە بوتپەرستی، کۆمەڵێک یەهودی نەساری دەستەڵاتداریشی لێبوون. کە دەستەڵاتیان بەسەر جۆمگەکانی بازرگانی و دینی و کۆمەڵایەتی مەککەدا هەبوو. بەگشتی یەهودیە نەسارییەکان، وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لەناو خەڵکی مەکە بە بەربڵاوی هەبوون. سەرەڕای ئەوە وەک باوەڕێکی یەکتاپەرستی و ئیبراهیمی لە ناو دەوڵەمەند و توێژی سەرەوەی کۆمەڵ زۆر چالاک بوون[141].

ئەوەی لێرەدا دەبێ بەگرنگ وەربگیرێ، زیرەکی قصی بن کلاب. بەر لەوەی بەرەنگاری بنی خەزاعە بێتەوە. توانی زیرەکانە پلانێکی توکمە، نەک بۆ شەڕ، بەڵکوو بۆ وەردەنانیان، لە مەککە دابڕێژێ.

بەپێی سەرچاوەکانی مێژوویی، قەیسەری رۆم، بۆ وەدەرنانی هۆزی خەزاعە لە مەککە، بە هەموو شێوەیەک یارمەتی قصی دا. ئەوەش لە ڕێگای هۆزەکانی غەساسنە کە هاوپەیمانی رۆم بوون. لە هەمانکاتدا هاوپەیمان بوون لەگەڵ هۆزی بنی عذرەی یەهودی نەساڕی. کە ئەو دەمە لەسەر سنووری شام دەژیان پەیوەندیان لە نێوان قصی و ئیمپراتۆری ڕۆم دروستکرد. ئەوەش زیرەکی دووربینی قصی دەرداخا. کە توانی سوود لە ئیمراتۆرییەتێکی مەزنی، وەک ڕۆم وەربگرێ. هەرەوەها دەیزانی کە ئیمپراتۆری ڕۆم، ئارەزووی زۆری بۆ چاوەدێری ئەو ناوچەیە هەیە. لەبەر ئەوەی هەم ناوەندییەکی پیرۆزی دینی یەهودیە نەساڕیەکانە. هەمیش دوورگەی عەرەبی شوێنێکی ستراتیژی هەبوو، بۆ ڕێگای بازرگانی لە هیند و چینەوە، بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاس کە بە قوراخی دەریای سووردا ڕەتدەبوو. سەرەڕای ئەوە بەڵگەشە بۆ ئەوەی پەیوەندی ئەو هۆزانە هەر لە زووەوە، لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم. هەر لەوکاتەی لەشام دەژیان، و زۆر جار وەک هاوپەیمانی ڕۆم دژی ساسانیەکان شەڕیان دەکرد. تا دەگاتە ئەو ئاستەی ناوچەی بەرفراوانیان و ناجێگیری سەر

---

141 عبدالکريم، خليل (۱۹۹۷) قريش من قبيله الى الدوله

سنوورەکانی ئیمپراتۆریان، بۆ پاسەوانی پێدەسپێردران، لەلایەکیتر پەیوەندی باشیان لەگەڵ هۆزەکانی یەهودی نەسارِی دا هەبوو. بێگومان ئەگەر ئەو پەیوەندییە سیاسی یان ئابووریش بووبێ، کاریگەری لەسەر ڕەوتی دین لە حیجاز و مەککە هەبووە[142].

قصی و زیرەکی لە پلاندانان و زانیاری لەسەر هاوسەنگی هێزی ئیمپراتۆریەکان. و توانای لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هۆزەکانی دوورگەی عەرەبی. توانی کاریگەرییەکی گەورەی وەک تارمایی لەسەر خەڵکی مەککە بەجێبێڵێ. هەر ئەویش دامەزرێنەری ڕاستەقینەی هۆزی قورەیش بووە، بەو مانایەش قورەیش بەر لە قصی هۆزێک، یان خێڵێکی یەکگرتوو نەبووین. بەڵکوو گرووپی جیاجیای سەر بەهۆز و بنەماڵەی ڕەوەندی پەڕاکەندەبوون. کە هەمیشە لە نێوان شام و حیجاز لە جوولاندابوون. و لە هیچ جێگایەک تا ئەو کاتە جێگیر نەبوون[143].




قصي، بە زیرەکی خۆی. توانی لە ڕێگای بەکارهێنانی، پەیوەندییە دینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی. لە پلانەکەی بۆ داگیرکردن و سەروەری خۆی سەرکەوێ.

هۆزی قورەیش وەک هۆزێکی گەڕۆک، هەر لە شامەوە تا حیجاز بە ڕەوەندی دەژیان. و بە هۆی پەرشوبڵاویان، پەیوندیان لەگەڵ زۆر لایەن و خێلی تردا هەبوو. تائیستاش لە ڕۆژهەڵاتی

---

[142] علی، دکتور جواد، مفصل فی تأیخ العرب قبل الإسلام جلد الرابع ص ١٤
[143] هەمان سەرچاوە، ص ٥٦

شاری لازقیه له سووریا هێشتا شوێنەواریان هەرماون وەک وادی القریش، خان القریش و جبل قریش. (بڕوانە وێنەی سەرەوە)

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین! ئەو دەوڵەتەی لە یەثرب (المدینة المنورە)، لەسەر دەستی محمد کوڕی عبداللە کوڕی عبدالمطلب، لە دەوروبەری ساڵی ٦٢٤ س.ب دامەزرا. شتێکی لە پڕ نەبوو. بەڵکوو نزیکەی دووسەد ساڵ پێشتر کاری بۆکرابوو. یەکەم بەردی بناخەی ئەو دەوڵەتە، لەلایەن قصی بن کلاب دانرا، تا مەرجە بابەتییەکانی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و دینی بۆ بەدیهێنا، دواتریش لەسەر دەستی هاشم و عبدالمطلبی کوڕی دیوارەکانی بە پتەوی هەڵنران. محمدی کوڕی عبداللە سەربان و بنمیچەکانی گرتن و بانگهێژی بۆ کرد[144].

هەروەها قصی یەکەم کەس بوو بەردە ڕەشەکەی بەدەرخست، کە پێشتر خێڵی ئەیاد لە چیاکانی مەککە شاردبوویانەوە. لە کاتی شاردنەوەی ژنێک بینیبووی. قصي هەر بە نەرمی هەوڵیدەدا، ژنەکە شوێنی بەردە ڕەشەکەی نیشان بدا. دوای ڕاپی بوونی ژنە، بەردە ڕەشەکەیان لە چیا هێنایەوە. ئیتر لەلای قورەیش مایەوە. تا کەعبەیان دروستکرد. و لەگۆشەی لای ڕۆژهەڵاتی دەرگای کەعبە لە دیواریانگرت[145].

دواتر قصی توانی بیرێک هەڵکەنێ و ناوی لێ بنێ (العجول) ئەوەش یەکەم بیر بوو، قورەیش لە مەککە هەڵیکەنێ. و دواتر عبدالمطلبی نەوەی بیری زەمزەمی هەڵکەند[146].

---

144 عبدالکریم، خلیل قریش من قبیله ص ٣٠

145 علی، د. جواد.مفصل فی تاریخ العرب قبل الإسلام. جلد الرابع، ص ٥٤ ، نزهة الجلیس ١: ٢٦، البلاذري ،أنساب ١: ٥١

146 علی، دکتۆر جواد. مفصل فی تاریخ العرب قبل الإسلام جلد الرابع، ص ٥٤

بەو کارانەی قصی، قورەیش لە خێل و بنەماڵەی لاواز، و پەراگەندەی ناو چیا. و دەوروبەری مەککە. نەک تەنیا هێنانیە ناو مەککە. و نیشتەجێی کردن. بەڵکوو کردنیە گەورەی مەککە. و ڕێگەی پێدان، خانوو لەناوەندی مەککە دروستبکەن. و ناوی نا (مجمعا).

دوای ئەوە هەنگاوێکی تری بوێرانەی ئەوەبوو، فەرمانی دا، لەمەودوا لە دەوروبەری حرم، خانوو دروستبکەن. ئەوسا قورەیشیەکانی مەککەی کۆکردەوە. و ووتارێکی بۆدان و گوتی:
بە الله، عەرەب شەرم دەکەن. شەڕتان لەگەڵ بکەن و ناتوانن دەرتانکەن.

هەنگاوی دواتری قصي، ئەوە بوو. لە مەککە (دار الندوة)ی دروستکرد . کە تێیدا مەبەستی درووستکردنی ناوەندیەکی کولتووری کۆمەڵایەتی بێ بۆ عەرەبی گشت ناوچەکانی حیجاز. دواتر بەپێی تێپەڕ بوونی کات، دار الندوة مەککەی کردە ناوەندی دەستەڵات و یەکلاکەرەوەی پرسە کۆمەڵایەتیەکان. کە دوای ماوەیەکی کەم بووە ناوەندی گفتووگۆی خێلەکانی عەرەبی. نەک تەنیا لە نێوان شێخەکانی قورەیش، بەڵکوو لە نێوان شێخەکانی گشت خێلە عەرەبییەکانی حیجاز. بەوەوە مەککە بووە شاری دەستەڵات و ناوەندی لە دوورگەی عەرەبی و دارالندوة، ڕۆڵی یانەی عەرەبی وەرگرت. کە بۆ گشت کێشەیەک پەنایان بۆ دەبرد. جا کێشەکە تاکە کەسی یان نەتەوەیی بوایە، گرنگ ئەوەبوو لە شاری مەککە و خێلی قورەیش ناوبژی بکرێن[147].

سەربردەی هاتنی قصي بۆ مەککە. و بەو ئاسانییە دەستی بەسەر مەککە داگرت. شتێکی ترمان بۆ ئاشکرا دەکا. مەککە پێش ئەو دەمە نابێ لە گوندێکی چووک و دوورەدەست، زیاتر بووبێ. بۆیە وا بە ئاسانی قصي توانی بەسەریدا زاڵ بێ. دواتریش لە یەک گرتنی تیرە و توێژە جیاجیاکانی دەوروبەری، هۆزی قورەیش دروستکردبێ. لە هەڵومەرجێکی وادا، هەر باوەڕێک

[147] عبدالکریم، خليل ( ) قريش من قبيلة الى الدولة ص ٤٤

یان دینێک، بە ئاسانی دەیتوانێ جێگای خۆی لە کۆمەڵگەیەکی وا دا بکاتەوە. لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی و پلەوپایە دروست بووە.

دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە، ئەو دەوڵەتەیە کە مۆرکی زیرکی قصی وەک یەکەم دامەزرێنەری دەوڵەتی قورەیش پێوەیە. کە دواتر ناوی نرا دەوڵەتی ئیسلام. ئەو خاوەنی یەکەم یەکەمین بیرۆکەی دەوڵەتی قورەیش بوو. بۆیە ئەوانەی دواتر هاتن، هەرچەندە کاریگەریشیان هەبووبێ، نەیانتوانیوە لە سێبەری قصي دوورتر بڕۆن. دەوڵەتی ئیسلامێش دەوڵەتی قورەیش بوو، کە قصي بناخەی بۆ دانا و وەک پاشا هەتا هەتایە ناتوانرێ نکۆڵی لە گەورەیی بکرێ.

هەرچەندە کوڕ و نەوەکانی لەسەر، هەمان ڕێبازی ئەو بەردەوام بوون. تا ئاستێکی بەرچاو پەرەیان پێدا. بە تایبەتی هاشم و عبدالمطلب. بەڵام کارەکانیان هەر لە ناو سنووری ئەو چوارچێوەیە بوون کە قصي پلانی بۆ دانابوو. تا لە کۆتایی محمدی نەوەی، لە کۆتایی ئەو دەوڵەتەی دروستکرد، کە خەونی لەمێژینەی باپیرە قصي بوو[148].

هەنگاوێکیتری قصی لە پتەوکردنی دەستەڵاتی خۆی. و بەرزترکردنەوەی ڕێز و پیرۆزی بۆ مەککە، کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ. ئەوەبوو. دانانی باج لەسەر هەر قورەیشییەک، بۆ کاتی حەج. بۆ خزمەتی حاجیانی سەریان لە مەککە دەدا. ئەوەش بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرێ بۆ بنیات نانی دەستەڵاتێکی ناوەندی، کە بتوانێ لە ناو ئەو قەوارەیە، ماف و ئەرکەکانی هاونیشتمانیان، ئەگەر بە شێوەیەکی سادەش بووبێ، وەک یاسای بنەڕەتی کۆمەڵگەی مەککە دیار بکا.

---

[148] هەمان سەرچاوە ص٣٥

دەگێڕنەوە، قصی لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا، فەرمانی بە خەڵکی قورەیش کردووە، کە بەشداری خەرجی سالانە بن، بۆ خەرجیەکانی کاتی حەج. قصی ڕووی لە قورەیشییەکانی ئامادەبوو کرد و گوتی:

ئەی خەڵکی قورەیش! ئێوە هاوسێی اللهن و هاوسێی ماڵی و أهلی حرمن. حەجاج کە سەردانی ماڵی الله دەکەن، میوانی اللهن و مافی میوانداری و ڕێزیان هەیە. بۆ میوانانی الله دەبێ خواردن و خواردنەوە، لە ڕۆژانی حەج ئامادە بکرێ. ئەگەر سامانی من بایی ئەوەی بکردایە، بە تەنیا بەوکارە هەڵدەستام.

لەو کاتەوە خەرجییەکی لەسەر سەپاندن، کە دەبوایە بیدەنێ. و ئەوەش دەبووە تێچووی خواردن و خواردنەوە بۆ حاجیانی مەککە، و عەرەفەی پێ ئامادەدەکرد. ئەوەش بەردەوام بوو تا ئیسلام هات[149].

قصی وەک دامەزرێنەری ڕاستەقینەی هۆزی قورەیش، و بنیاتنەری دەوڵەتی ئایندە. کاریگەرییەکی گەورەی وەک تارمایی لەسەر قورەیش بەتایبەتی خەڵکی مەککە بەجێهێشت. کە بە تێپەڕبوونی کات وای لێهات، فەرمانەکانی قصي لە ناو قورەیش لە ژیانیدا، و دوای مردنیشی وەک دین پەیرەو دەکران، بێ بڕیاری ئەو کار بە هێچ نەدەکرا. ئەو نەریتەش لە دوای ئەو، بووە سونەتێک کە کوڕەکانی و نەوەکانی، بە زیرەکییەوە پەیڕەویان دەکرد. و قورەیشیش پەیتا پەیتا بووە هۆزێک لەناو دوورگەی عەرەب و شام وەک هێزێکی بە توانا و پتەو ئەژمێر دەکرا[150].

---

149 هەمان سەرچاوە ص٣٩

150 علی، دکتور جواد (١٩٩٣) مفصل فی تاریخ العرب قبل الإسلام. الجزء الثالث ص ٥٦، عبدالکریم، خلیل ص ٤٣

ئەوەش وایکرد پێگای قصي لەناو قورەیش، ئەوەندە بەرز بێ، لە دایکبوونی قصی، وەک ئەفسانەیەکی خودایی دابنێن. لە شێوەی ئەفسانەکانی لەدایکبوونی موسا، بودا و عیسا. ئەو کاتە لەگەڵ کولتووری عەرەبی دەگونجا. کە بەهەمان شێوە ئەو داستانانە جارێکی تر لەگەڵ عبدالمطلبی نەوەی دووبارە ببنەوە. کە ڕۆڵێکی بەرچاوی، لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی قورەیش بینی[151].

[151] عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة ص ٣٦

# سەبارەت بە کەعبە

لە سەردەمە کۆنەکاندا، بەر لە هاتنی ئیسلام، کەعبە ناویک بوو، دەدرایە ئەو پەرستگایانەی کە بە (بنەماڵەی ئەستێرەی دەین)[152] لە دوورگەی عەرەبی دادەنران. جا کەعبەی مەککەش لەوە بەدەر نەبووە. هەریەک لەو کەعبانەش بناخە و جەستەیەکی شەشپاڵووییان (مکعب) هەبوو. گشتیان بە هەمان شێوە، و دیزاین دروست دەکران. وەک ئەوەی ئێستا لە شاری مەککە دیبینین. هەر کەعبەیەکیش ئاوی پیرۆزی خۆی هەبووە. کە بۆ سرووت و نەرێتی حاجیان، لەکاتی حەج بەکار دەهات. وەک ئاوی زەمزەم لە مەککە.

شتی سەرەکی لە هەر کەعبەیەک بەردی ڕەش بوو. کلیلی پیرۆزی هەر کەعبەیەکیش، بەو بەردە ڕەشە بەسترابووە وە. ئەو بەردانە نەیزەک بوون. لە ئاسمانەوە دەبێ لەسەردەمێکی کۆن کەوتبن. کە لە دەشت و دەر دەدۆزرانەوە. لە هەرکوێیەک، بەردێک بدۆزرابایەوە. لە هەمان شوێن، پەرستگایەکیان لە شێوەی شەشپاڵو (مکعب) لێ دروست دەکرد و ناویان لێ دەنا کەعبە. هەر کەعبەیەک بەردی ڕەشی خۆی هەبووە، و پێیان گوتووە (پیرۆز)، کە نیشانەی (بنەماڵەی ئەستێرەی دین) بووە[153].

سەباەرت بە بەردە ڕەشەکەی کەعبە لە مەککە، دەبێ هەر لەو ماوەیە لەلایەن خێڵی ئەیاد دۆزرابێتەوە. بەڵام لەبەر بێ هێزییان بەرامبەر هۆزەکانی تری ئەو ناوچەیە، نەیان توانیێ

---

[152] Family Star Religion

[153] Amari, Dr. Rafat (2004) Islam: in laight of history. A Religion Reserch Institut Publication. Pp 122

کەعبەیەک دروستبکەن. و لە چیاکانی دەوروبەری مەککە شاردبێتیانەوە. تا دەرفەتێک وەدەست دێنن.

ئەو کاتەی قصي بووە خاوەن دەستەڵات و فەرمانڕەوای مەککە، پێی زانیووە. و توانیویەتی بە هۆی ژنێک بیدۆزێتەوە. و کەعبەی مەککە بنیات بنێ. ئەوەش لە خۆیەوە بەڵگەیە کە نابێ، ئەو کەعبەیەی لە شاری مەککەیە. تەمەنی لە سەدەی پێنجەمی س.ب زیاتر بووبێ[154].

بەپێی بەڵگەکانی مێژوو. دەبێ بەر لە هاتنی دینی ئیسلام، ژمارەی کەعبە لە دوورگەی عەرەبی، گەیشتبێتە ٢١ کەعبە. هۆزەکانی عەرەب، بەبێ جیاوازی بۆ حەج ڕوویان تێکردوون.

بە پێی ئەو بەڵگە مێژووییانەی لەبەر دەستدان. قصي یەکەم کەس بوو، کەعبەی بنیات نا. و دیوارەکان و بنمیچەکەی بەدار دروستکرد. و یەکەم کەسیش بوو، بەردەڕەشەکەی دۆزیەوە. و کەعبەی مەککەی پێ پیرۆزکرد. یەکەم کەسیش بوو کە خانووی بۆ نیشتەجێبوون لە مەککە دروستکرد، کە پێشتر خەڵکی لە چادر دەژیان. هەر ئەویش بوو، بۆ یەکەم جار کاروباری شارستانی لە مەککە ڕێکخست. ئەو پلەو پایەیەی قصي وایکردبوو، دوای هاتنی دینی ئیسلام محمد شانازی پێوە بکا[155].

بە گشت لێکدانەوەیەک، دەبێ لە ماوەی سەدەی پێنجەم، کەعبەی شاری مەککە لەلایەن قصی بن کلاب دروستکرابێ. کەواتە تەمەنی زۆر لە کەعبەکانیتر ،کورتتر بووە. بەڵام زیرەکی قصي، دوای ئەویش بنەماڵەی هاشم وای کرد .کە سەرەڕای نوێی کەعبەی مەککە،

[154] علی، دکتۆر جواد. مفصل في تاریخ العرب قبل الإسلام جلد الرابع، ص ٥٤، البلاذري، أنساب ١: ٥١

[155] الحریری، أبو موسی ( ١٩٧٩) قس و نبی. بحث في نشأة الإسلام. سلسلة العقیقة الطعبة ١. ص ١٦

بە شوێنێکی پیرۆزتر لە کەعبەکانی تر دابنرێ. و بە حەزەوە عەرەبەکانی دوورگە لە هەموو لایەکەوە حەجیان بۆ دەکرد[156].

لە کۆتایی نە ئیبراهیم هاتۆتە مەککە. و کەعبەی دروستکردبێ. و نە شاری مەککەش ئەو شارە پیرۆزە بووە کە موسوڵمانان  باوەڕیان وایە. جا دەبێ نووسەری قورئان لە (مقام إبراهيم) بە هەڵە داچووبێ، یان مەبەستی کەعبەیەکیتربێ.

156 عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه. سينا للنشر. ص١٥

# هۆزی قورەیش لە دوای مردنی قصي

قصي سێ کوڕی هەبوون، عبدالدار، عبد مناف و عبد العزی. ڕاسپێری قصی ئەوەبوو کە عبدالدار. وەک  نەرێتی باو و باپیران. لە هەر بنەماڵەیەکی عەرەب، کە دەبێ کوڕی گەورەی جێگای بگرێتەوە. و سەرپەرشتی بنەماڵە و کاروبارەکان بکات. و دەمڕاستی بنەماڵە بێت. دەبوایە عبدالدار جێگای بگرێتەوە.

وەک براگەورە هەموو دەستەڵاتەکانی هەبێ. بەڵام دوای مردنی قصی، نەوەکانی یاخی بوون، کە هەموو دەستەڵاتەکان بدرێنە عبدالدار و منداڵەکانی. لەبەر ئەوەی دیاربوو، هەرچەندە عبدالدار وەک نەرێت جێگرەوە بوو. بەڵام کەسێکی کەمتەرخەم بوو لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی. بۆیە هاشم، عبدالشمس و عبدالمطلب و نوفل کوڕی عبد مناف کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی ئەو دەستەڵاتەی کە قصی بە عبدالداری بەخشیبوو، لێی بسێننەوە.

ئەوان دەیانگوت، منداڵەکانی عبد مناف، پێگای کۆمەڵایەتیان بەرزترە. و زیاتر شیاون بۆ ئەو ئەرکانە. هاشم کوڕی عبد مناف بووە نوێنەریان. دوای درێژەی ناکۆکییەکە، قورەیش بووە سێ گرووپ. گرووپی یەکەم لای عبدالداری گرت. گرووپی دووەم لای عبد منافی گرت و گرووپی سێیەم بێلایەن مانەوە.

گرووپی عبد مناف ناولێنرا (پیاوە باشەکان) و ناو لە بنی عبدالدار نرا (پەیمانداران یان دڵۆپێک خوێن «لعقە الدم») هەر گرووپێک لەلای خۆیەوە، ئامادەبوو بۆ شەڕ لەگەڵ گرووپەکەی تر. بەڵام دوایی، بە هۆی ناوبژی خەڵکی تری قورەیش. بۆ پێشگیری لە

خوێنڕێژی داوای پێکهێنانیا کرد. و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کاروبارەکان لە نێوان ئەو دوو خێزانە دابەشبکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆری دەستەڵاتەکان لای عبدالدار مابوونەوە. بۆیە بنی عبد مناف پرسیاریانکرد چۆن ئەرکە سیاسی و سەربازییەکان بۆ بنی عبدالدار بن. کە ڕێزیان کەمترە و پایەی کۆمەڵایەتیان نزمترە؟

جارێکیتر ناکۆکی کەوتە نێوانیان. تا ئاستی شمشێر ڕاکێشان و خوێنڕشتن. و لە کۆتاییدا بەرپرسیاریی شتەکان دووبارە تاووتوێ کرانەوە[157].

---

157 عبدالکریم، خلیل (١٩٩٧) قریش من قبیلة الی الدولة المرکزیة. الطبعة الثانیة، سیناء للنشر. قاهرة. مصر. ص ٤٧

# سەردەمی عبد مناف و هاشمی کوڕی

لەو ئەرکانەی بەر عبد مناف کەوت، سەرپەرشتیکردنی حەج بوو. بەو پێیەی لەناو عەرەب وا بڵاو ببووەوە.کە کەعبە میراتی ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی بووە. وەک نەریتێکی پیرۆز، لای گشت هۆزە عەرەبیەکان، ڕێزی زۆری بۆ دادەنرا. تەنانەت خێلەکانی یەهودی و یەهودی نەساریش ساڵانە حەجیان دەکرد. و بەبێ جیاوازی هۆز و دین و نەتەوایەتی شانبەشانی یەکتری سرووتە دینەیەکانیان بەڕێوە دەبرد.

کاروباری ڕاپەڕاندنی حەج و ئامادەکارییەکانی لە نان و ئاو و پێداویستییەکانی تر بۆ حەوانەوەی حاجیانی میوان و ئەوانەی لە دوورەدەستەوە هاتبوون. بە هەموو شتێکەوە چۆن لە سەردەمی قصي بڕیاری لەسەر درابوو، بە هەمان شێوە، کەوتنە دەستی بنەماڵەی عبد مناف.

دوای مردنی عبد مناف، هاشم ( ناوی ڕاستەقینەی: عمرو العلا) کە کوڕی گەورەی بوو، وەک جێگرەوە دەستەڵاتەکانی وەک خۆی، بە هەمان شێوە بەڕێوەدەبرد. و هەوڵیدا پەرەشی پێبدا.

بەڵام ئەوەی هاشم وەک پلانێک، بە لەسەرخۆیی دەیکرد، ئەوەبوو تا دەهات زیاتر پەرەی بە دەستەڵاتی خۆی دەدا. تا ئەو ئاستەی دەستی بەسەر (دار الندوة) داگرت. و کردیە بارەگای دەستەڵاتدارییەتی خۆی. بەوەش بنەماڵەی هاشم، توانیان ببنە ناوەندی

دەستەڵات لە مەککە. لەبەر ئەوەی دار الندوة و کاروباری حەج سەرجەمی جۆمگەکانی پەیوەندی دەستەڵاتی قورەیشی لە دوورگەی عەرەبی دەگرتەوە.

گشت هەوڵێکی هاشم ئەوەبوو، گرنگی زیاتر بە وەرزی حەج بدرێ. و کاروبارەکانی خزمەتگوزاری بۆ حاجیان باشتر ڕێکبخرێن. ئەوەش بە دابینکردنی خواردن و خواردنەوە بۆیان. بە هەمان شێوەی چۆن قصي لە سەردەمی خۆی دەستیپێکردبوو، ئەویش لەسەری هەر بەردەوام بوو. هانی خەڵکی قورەیشی دەدا، کە هەریەک بەپێی توانا، هاوکاری دارایی بکەن. بۆ ئەوەی کارێکی وا بکەن، تا لە تواناداېێ، خواردنی باش پێشکەشی حاجیان بکرێ. ئاویش لە هەموو بیرەکانی مەککە دەهێنرا. (بێجگە لە بیری زمزم کە هێشتا هەڵنەکەنرابوو، لەبەر ئەوەی دواتر عبدالمطلب بیری زەمزەمی هەڵکەند).

هاشم باوەڕی وابوو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، و بەشداری تاک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی قورەیش، پێویستییەکی گرنگە. بۆیە یەکەم ئیشی ئەوەبوو، کە هەر قورەیشیەک لە مەککە، پێویستە بەشدار بێ لە تێچووەکانی چێشت و خزمەتی حاجیانی میوان. بە پلەی یەکەم حاجیە هەژارەکانی عەرەب کە لە دوور و نزیکەوە بۆ حەج دەهاتن، و لە مەککە دەمانەوە.

هەرچەندە ئەوە هەر لەسەردەمی قصي دەستی پێکردبوو. بەڵام هاشم دەیەویست، وەک یاسایەکی لێبکا. بیرۆکەی هاشم ئەوە بوو، مادام لە بازرگانی شاری مەککە، کەم یان زۆر گشت قورەیشیەک سوودمەند دەبێ. جا بازرگانبێ یان کرێکاری بکا، دەبێ وەک باجێک لە داهاتەکەی بیداتەوە مەککە و کەعبەی پیرۆز[158].

مەبەستی هاشم لەو کارە، بێجگە لە ئەرکێکی دینی، کە قورەیشی هەر لەسەردەمی قصي دەستیپێکردبوو. هەروەها پەیامێکیش بوو، لە ڕێگەی حاجیانەوە، بۆ سەرتاسەری

[158] هەمان سەرچاوە ص ٦٠

دوورگەی عەرەبی، کە بڵێ لە مەککە دەستەڵاتێک هەیە، فەرمانڕەوایی شاردەکات، شایەنی ئەوەیە کە فەرمانڕەوایی سەرتاسەری دوورگەی عەرەبی بکات.

دواتر لە ناکاو دەرفەتێکی گەورە، بۆ هاشم ڕێککەوت. بە هۆی ووشکە ساڵی و گرانییەکی زۆر. برسییەتی تەنگی بە دانیشتوانی مەککە هەڵچنی. لەو کاتەدا گەورەیی هاشم بە جوانی دەرکەوت. بە سەفەر ڕۆیشت بۆ شام (غەزەی ئێستا لە ئیسرائیل). لەوێ گەنم و ئاردێکی زۆری کڕی. و فەرمانیدا ترید دروستبکرێ و دەرخواردی خەڵکی مەککە بدرێت. دوای ئەوە، ناو لە هاشم نرا (عمرو). کە شاعیرێک بەو شێوەیە باسی دەکات:

عمرو العلاء  هشم الثريد لقومة

ورجال مكة مسنتون عجاف[159]

مسنتون: تووشی ساڵی برسییەتی یان ساڵی گرانی بوون.

سەرەڕای ئەوە هاشم هەوڵیدەدا. لە ڕێگای پەرەدان بە دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی، و بازرگانی پەیوەندی فراوانتر بکا. بەوەش دەتوانێ شوێن پێی خۆی لە سەرتاسەری دوورگەی عەرەب تا دەگاتە شام و ئیمپراتۆری بێزەنتی قایمتر بکا. دەرفەتێکیش وەدەستبێنێ بۆ بنیاتنانی دەتەڵاتێکی سیاسی، لە دوورگەی عەرەبی.

سەبارەت بەوە صالحی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، کە چۆن هاشم، سەفەری شامی کردووە. لەوێ توانیوویە قەیسەری ڕۆم بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ببینێ. لە ئەنجامی ئەو دیدارە، قەیسەر بە خۆشحاڵیەوە، نووسراوێکی داوەتێ. کە هەر یەک لەوان، واتە قورەیشی بێتە شام پارێزراوە. ئیتر نەجیبزادەی خێلەکان، بە سەفەری بازرگانی لە نێوان مەککە و شام بێ پەروا هاتوچۆیان دەکرد. ئەوەش گەورەترین سوودی بە بازرگانی و پێشکەوتنی شاری مەککە

[159]المقريز، تقى الدين (١٩٨٨) كتاب التنازع و التخاصم فيما بين بنى أمية و بنى هاشم. حققه و علق على حواشيه د. حسين مؤنس. الطبعة الألى، ١٩٨٨. دار المعارف بمصر. ل ٣٩

گەیاند. و تەکانێکی باشیش بوو، بۆ بنەماڵەی هاشم کە وەک بنەماڵەیەکی مەزن و پێشڕەوی کۆمەڵ، نەک تەنیا لە مەککە. بەڵکوو لە سەرتاسەری حیجاز دەرکەون. و ببنە یەک لە بنەماڵەکانی مەزن و دەستەڵاتداری دوورگەی عەرەبی[160].

لە هەمان کاتدا دەرفەتێکی گەورەی بۆ مەککە و دانیشتوانەکەی ڕەخساند کە ببێتە مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگ. و ئەو هەڵومەرجەش وایکرد، سامانی پیاوماقولانی قورەیش بە خێرایی گەشە بکا. و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی، لە نێوان بنەماڵەکانی قورەیش. بەتایبەتی بنەماڵەی هاشم کە گشت جۆمگەکانی بازرگانی و کۆمەڵایەتی مەککەیان قورخکردبوو.

ئەو سامانە زۆرە، گەشەکردنی ئابووری مەککە، و پەیوەندی نێوان دەستەڵاتی بێزەنتی و هۆزە عەرەبیەکانی دوورگە. گشت مۆنۆپۆلی لە دەستی هاشم و براکانی دا کۆ بووبووەوە. بەوەش خێلی قورەیشی تا ئاستێکی ترسناک لەیەک ترازاندبوو. گیانی خۆپەرستی و سامانی تایبەتی تاک یان یەک خێزان، تا دەهات زیاتر گەشەی دەکرد. و بووبووە هۆی تێکشکاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری باوی ئەو دەمەی حیجاز، و بە تایبەتی مەککە.

مۆنۆپۆلی بنەماڵە، تا دەهات جێگای موڵکایەتی گشتی دەگرتەوە، کە قصي لەناو خێلی قورەیش دەستی پێکردبوو. ئیتر گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە دەستەڵاتی خێل و ئەنجومەنی خێل نەتوانن، ڕۆڵی خۆیان وەک پێویستە ببینن. لە هەمان کاتدا، پرۆسەی ناکۆکییەکان،

---

[160] الأمام محمد بن یوسف الصالحی الشامی. سبل الهدی و الرشاد فی سیرة خیر العباد. الجزء الأول ص ٣١٦-٣١٧، عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية. الطبعة الثانية، سيناء للنشر. قاهرة. مصر. ص ٥٢

له نێوان بنەماڵەکانی قورەیش، لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی شارستانی دەوروبەر. کە هاشم و قورەیشییەکان لەگەڵیان لە شام و یەمەن بەردەوام لە هاموشۆ دابوون نەدەگونجا.

لەو کاتەوە بیرۆکەی دارشتنی دەسەڵاتی دەوڵەت. بە شێوەیەکی بەرجەستە هاتە ئارا. بە تایبەتی لە دوای پەیوەندی و هاموشۆی هاشم و بنەماڵەکەی بۆ شام. و ئاشنایەتیان، بە شێوەی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی ڕۆم، کە لە سایەی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز. بتوانن، سیستەمی بەڕێوەبردن، لە دەستەڵاتی خێل و نەرێتە کولتوورییەکانی دەرباز بکەن.

پەیوەندیەکانی بازرگانی مەککە تا دەهات، لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بە سامانێکی وا مەزن، وایکرد هەنگاوێکیتر بۆ سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی شار هەڵێننەوە. لە کاتێکدا هەڵو مەرجەکان گەیشتبوونە ئاستێک، کە عەرەب لەمەوبەر بەخۆیەوە نەیبینی بوو.

بەوەش بازرگانی قورەیش بووە بازرگانیەکی نێودەوڵەتی، کە بازرگانانی مەککە هەر زستان و هاوینێک دەچوونە شام لە باکوور و یەمەن لە باشوور [161].

[161] الواقدي المغازی جلد ٣، ص ٩٧٢

# بازرگانی مەککە کاڵای سەرەتایی بوو

سەبارەت بە بازرگانی مەککە و ئاستی گرانبەهایی کاڵاکانی، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان مێژوونووسانی ئیسلام لەلایەک و لێکۆڵەرەوە و مێژوونووسانی ترلەلایەکیتر هەیە. پرسەکە لێرەدا لەسەر گەورەیی و چڕی کاروانەکانی بازرگانی نییە. بەڵکوو زیاتر لەسەر ئەو کاڵایانەیە کە خەڵکی حیجاز و مەککە، بۆ شام دەیانبردن. مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس پاتریشیا کرۆن پێی وایە، ڕاستە بازرگانی مەککە لەسەردەمی هاشم و دواتر عبدالمطلب زۆر بەرفراوان بوو. و لە ئاستی ناوچەیی دەرچووبوو و گەیشتبووە ئاستی جیهانی. بەڵام لە باسی شێوەی بازرگانیکردن و کاڵای نایاب، ناکۆکە لەگەڵ ڕاستی. ئەو بازرگانیەی مەککە لەگەڵ شام دەیکرد.

بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام، سەرجەمی ئەو کاڵایانەی بازرگانەکانی مەککە بازرگانیان پێوەدەکردن، لە بنەڕەتدا عەرەبی بووین. سێ لەوانەی هەناردەی دەرەوە دەکران زیو، زێڕ و گوڵاو (بۆن و بەرامە) بوون. هەروەها دەڵێن ئەو کاڵایانەش نرخیان بەرزبووە. ئەو هەناردە زۆرە و گرانبەهایی کاڵاکان، هۆکاری سەرەکی بووین کە مەککە ئەوەندە لە گەشەسەندن دابووە.

بەڵام پاتریشیا کرۆنە دەنووسێ. کێشەکە لەوە دایە، کە ئێمە ناتوانین بەو چیرۆکانە باوەڕبکەین. چونکە تاکە کاڵای بەو گەورەییە هەناردراوە جۆری جیاجیای پێستە بووە. هەندێک کاڵای تریشی هەبووە، کە دەکرێ کەم یان زۆر ناویان ببردرێ. ئەویش جل و بەرگ، ئاژەڵ و کەرەستەی جۆراوجوری خواردەمەنی. بێجگە لەوانە هەر کاڵایەکیتر

هەبووبێ، تەنیا بۆ بازاڕی ناوخۆی دوورگەی عەرەبی بووە، وەک ترێ، خواردنەوە (نبیذ) و کۆیلە و شتی تر[162].

سەرەڕای ئەوەش، ئەو کالایانەی بازرگانەکانی مەککە دەیانبردنە شام. دەبینین هەمان ئەو کاڵایانە بووین کە لەشام، بە جۆری باشتریش هەبووین. بەڵام ئاستی ژیان و شێوەی بەزرگانی لە حیجاز، بە بەراورد لەگەڵ شام زۆر دواکەوتووتر بووە. شام وەک چەقی ئیمپراتۆری بێزەنتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپا و ئیسرائیل و میسر. ئاستی شارستانی لەو سەردەمە زۆر بەرز بووە. بۆیە ئەو کاڵایانەی، لە مەککە دەبرانە شام، ئەو چۆنیەتە باشەیان نەبووە، وەک شام. بەڵام زۆر هەرزانتر بووین. بۆیە داواکارییان زیاتر بووە. و کەم یان زۆر لە شام کڕیاریان هەبووە. و دەفرۆشران[163].

هاشم لە گەشتێکی بازرگانی بۆ شام، لە غەزە نەخۆش کەوت و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد. هەر لە غەزە شارایەوە. و دوای ئەو عبدالمطلبی کوڕی جێگای گرتەوە.

162 Crone, Patricia, Meccan Trade, Princeton University Press, 1987, page 161

163 Ibid, page 185

# عبدالمطلب وەک فەرمانڕەوای مەککە

دوای ئەوەی هاشم لە سەفەرێکی بۆ شام، لە غەزە لە ئیسرائیل نەخۆش کەوت. و هەر لەوێش مرد. عبدالمطلب (ناوی: شبیة الحمد)، وەک کوڕی گەورەی. و شارەزا لە بواری دینی و بازرگانی. بەشێوەیەکی ئاسایی شوێنی هاشمی باوکی گرتەوە. و گرنگییەکی یەکجار زۆری، بە دین[164] و چالاکییەکانی بازرگانی دەدا. لە سەرپەرشتیکردنی حەج و پێداویستییەکانی حاجیان، لە کاتی ئامادەکارییەکانی، حەج لە خواردن و ئا و و جێی حەوانەوە، لە مەککە بۆ حاجیان ڕێکدەخست. هەروەک باوکی زۆر گرنگی بە بازرگانی دەدا. و لە لای عبدالمطلب بووبوونە چالاکی پلە یەک.

عبدالمطلب دوای ئەوەی، لە جێگای باوکی بووە سەرۆکی مەککە. هەر زوو ئەوەی نیشاندا کە سەرکردەیەکی جیاوازە. کەسایەتییەک بوو، توانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، تیوری و مێتوودە سیاسییەکانی، باوی ئەو سەردەمە، لەگەڵ دین تێکەڵ بکات. بە مانایەکیتر، دین بکاتە ئامرازێک بۆ گەیشتنە دەستەڵاتی ڕەها. بەتایبەتی توانی ئەو پەیوەندییەی هاشمی باوکی، لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم دروستی کردبوو. نەک هەر پەرەی پێدا، بەڵکوو متمانەیەکی باش لەلای ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات وەدەستبێنێ.

164 عبدالمطلب لەسەر ڕێبازی ئەبیۆنی بوو، کە ڕەوتێک بوو لە دینی یەهودی نەساڕی. کە قەشە وەڕەقە بن نوفلیش هەر لەسەر هەمان ڕێبازبوو. بە خرۆش و ئارەزوویەکی زۆر پەیڕەوی نەرێتە دینیەکانی دەکرد. هەر ساڵی مانگی ڕەمەزان لە گەڵ چەند کەسیتر لە ئەشکەوتی حەڕا خەریکی خودا پەرستی بوون. دوای ئەویش ئەو نەرێتە، لەلایەن أبی طالبی کوڕی و محمدی نەوەی هەر بەردەوام بوو.

دەیەویست سوود لە سیاسەتی ئیمپراتۆری ڕۆم، لە شێوەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە وەربگرێ. ئەوەش بە تێکەڵ کردنی دەستەڵاتی سیاسی ئیمراتۆرییەت و کەنیسە وەک تەواوکەری یەکتری. کە لە سەر دەستی ئیمپراتۆر کۆنستەنتین(٣٠٦ – ٣٣٧ س.ب) کرابووە سیستەمێکی بنەڕەتی، بۆ بەڕێوەبردنی سەرزەمینی ئیمپراتۆری ڕۆمانی. کە وای کردبوو دەستەڵاتی کەنیسە و دەستەڵاتی قەیسەر، یەکتری سەقامگیرکەن. و ببنە بارمتەی یەکتری بۆ بەردەوامی دەستەڵاتێکی ناوەندی پتەو. عبدالمطلب بۆ سوودوەرگرتن لەو سیستەمە، بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە مەککە، دەستی پێکردبوو[165].

بەهۆی ئەوەی عبدالمطلب یەک لە پیاوانی قورەیش بوو، سامانداریش بوو، کە دواتر بووە گەورەی مەککە. ئەو بازرگانانەی لە وولاتانی تر سەردانی مەککەیان دەکرد. هەمیشە ڕەچاوی پلەو پایە و گەورەیی ئەویان دەکرد. کە ئاستی شارستانییەتیان بە بەراورد لەگەڵ عەرەبەکانی تر، لە ئاستێکی تا ڕادەیەک بەرزتر دابوو. پەیوەندی قورەیش لە سەردەمی عبدالمطلب لەگەڵ شام و قەیسەری ڕۆم زۆر بە باشی بەردەوام بوو[166].

لەو کاتەدا ، زۆر بازرگانی ڕۆم لە مەککە هەبوون. لەوانە هەندێکیان لە ژێر پەردەی بازرگانی سیخوڕیان بۆ قەیسەر دەکرد. هەمیشە گوێیان قوڵاخ بوو. و پەیوەندییەکی باشیان، لەگەڵ بازرگانەکانی تری شاری مەککە هەبوو. کە بە ئاسانی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەیان دەکرد.

بێگومان عبدالمطلب و گەورەپیاوانی تری قورەیش لە مەککە، باش ئاگاداری ئەو شتەبوون. کە لە ئیمپراتۆری ڕۆم کاروباری سیاسی و ئابووری و دینی چۆن بەڕێوەدەچێ. و دەبێ هەمیشە سیخوڕیان لە دەرەوەی ئیمپراتۆرییەت هەبێ. ئەوەش بۆ ئاگادار بوونی جموجۆلی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. بە تایبەتی هەمیشە لەگەڵ ئیمپراتۆری ساسانی، لە

---

[165] عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية. قاهرة. مصر. ص ٦٤

[166] هەمان سەرچاوە ص ٦٥

ململانێیەکی سەخت دابوون. و مەککەش یەک لەو شوێنانە بوو کە لە هەردوولا پێگایەکی گرنگی سیاسی و بازرگانی هەبوو. ئەو پێگایەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو. کە بووبووە بۆشایەکی سەربازی لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆری بێزەنتی و ساسانی. بۆیە هەردووکیان هەوڵیان دەدا، ئەو ناوچانە بەلای کەمی، بەبێ لایەنی بمێننەوە. و ناڕاستەوخۆ سەر بەخۆیان بن. لەلایەکی تریش کاروانەکانی بازرگانی، کە لە هیند و چینەوە دەهاتنە یەمەن، بۆ گەیشتنە شام و میسۆپۆتامیا و ئیسرائیل دەبوایە بە ڕێی ووشکانی ئەو ناوچانە داتێپەڕن کە لەسەر قەراخی دەریای سوور بوون. ئەوەش زیاتر گرنگی دابووە ناوچەکانی مەککە و یەتروب. کە بووبوونە ئامانجی گرنگی پێدانی هەردوو ئیمپراتۆریەت.

با ئەوەشمان لەبیر نەچی. ئەو سیستەمەی عبدالمطلب خەریکی دامەزراندنی بوو لە مەککە. بریتی بوو لە توانای پیرۆزی کەعبە و بازرگانی شار. کە پێکەوە توانایەکی لەبن نەهاتوویان دەدایە مەککە. ئەو سیستەمەش تەنیا قورەیشییەکانی دەگرتەوە. بەوەش بە پێی تێپەڕبوونی کات، وەک بازرگانی گەورە و أهل البيت. لە گشت جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و دینی سوود مەند بوون. کە دواتر بە هاتنی دینی ئیسلامیش ئەو ڕێز و پێگا کۆمەڵایەتییەیان هەر وەک خۆی مایەوە.

هۆزە عەرەبەکانی حیجاز، ڕێزێکی لە ڕادەبەدەریان لە خەڵکی مەککە دەگرت. قورەیشیان بە (أهل الحرم) ناودەبرد. تێکەڵ بوون و توانەوە لە ناویان ببووە، کارێکی ئەستەم، بێجگە لە هەندێک شێخی عەرەب نەبێ، هیچ کەس ئەو گەورەییەی پێ ندەبڕا. ئەوەش وایکردبوو، ئەوانەی سەربە بنەماڵەی قورەیش بوون، خۆیان لە کەسانی دەرەوەی قورەیش بە بەرزتر و پیرۆزتر بزانن. تانانەت ژنیان نەدەدایە کەسانی دەرەوەی هۆزی قورەیش، بە تایبەتیش خەڵکی ناعەرەب.

یەک لەو ڕووداوانەی کە دەکرێ وەک نموونە، لێرەدا باسبکرێ. سەلمان الفارسی، داوای کچی عومەر کوڕی خەتابی کرد[167] بە شیاویان نەزانی. بۆیە داوایەکەیان ڕەتکردەوە. سەرەڕای ئەوەی سەلمان یەک لە گەورە سحابەکان بوو. محمد هەمیشە دەیگوت سەلمان لە ئێمەیە. و لە (أهل البيت)ە[168]. کەچی ئەوەش دادی نەدا. لەبەر ئەوە نە لە قورەیش بوو، و نە عەرەب بوو.  بۆیەکچی عومەری پێ ڕەوا نەبینرا.

167 عبدالكريم، خليل ( ١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. ص ١٦
168 السرخسى، شمس الدين (١٩٨٦) فى (النسوط) المجلد الثالث. باب النكاح البكر. باب الأفا.

ص ٢٤، طبعة السادسة. دار المعرفة/ بيروت

# خەونەکانی عبدالمطلب و
# ئەفسانەی دەوڵەتی ئیسلام

عبدالمطلب تەمەنی منداڵی خۆی، لە ماڵە خاڵەکانی بەنی نەجارِ، لە یەتروب بەسەربردووە. بەنی نەجارِ، لەسەر دینی یەهودی نەسارِی بوون سەر بە هۆزی خەزرەج بوون. بە هۆی ئەوەی بەنی نەجار هاوسێی یەهودیان زۆر بوون. و هاموشۆی باشیان لەگەڵ یەکتری هەبوو. ئەوەش دەرفەتێکی باشی بۆ عبدالمطلب رِەخساندبوو. کە هەر زوو ، لە نزیکەوە ئاشنایەتی، لەگەڵ تەورات و ئەفسانەکانی یەهودی پەیدا بکا.

هەر لە منداڵیەوە، عبدالمطلب لە یەثرب لەکاتی لە ماڵە خاڵانی بووە، و تێکەڵاوی لەگەڵ منداڵانی یەهودی هەبوو. لەوانەوە زۆر چیرۆکی لەسەر پیرۆزیەکانی خەون و کاریگەریان بیستبوون. دوای ئەوە زۆر زیرەکانە و هوشیاریەکی لە رِادەبەدەر، بۆ دەستەڵاتی خۆی و بنبرِکردنی گومان و دژی بەکاری دێنان. ئەوەش لە خەونی هەڵکەندنی بیری زەمزەم بە جوانی دەردەکەوێ[169].

هەر لەو رِێگایەوە باش دەیزانی. بەکارهێنانی خەون بۆ پیرۆزکردنی بابەتێک، وەک ئامرازێکی کاریگەر، توانایەکی گەورەی هەیە. ئەوەش دەستپێکی چالاکییە سیاسیەکانی عبدالمطلب بوو، کە بتوانی لە رِێگای خەونەکانی بە پلانێکی باش ئامانجەکانی بپێکێ. ئەو هەمیشە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی. و پتەوکردنی پێگای خۆی لە ناو قورەیش. و گشت

169 عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية. ص ٧٢

هۆزە عەرەبەکان، خەونی وەک چەکێکی کاریگەر بەکاری دێنان. ئەوەشی دەزانی، کە خەون وەک ئامراز هێزێکی ئەفسووناوی هەیە بۆ باوەڕی خەڵک. و پیرۆزکردنی کەسایەتی و ئەو کارانەی کە دەیەویست بیکا[170].

## خەونی یەکەم

عبدالمطلب گوتی لە سەفەری یەمامە بووم. و لەسەر بەردی ئیسماعیل خەوتبووم، کەسێک هات و پێی گوتم طيبة هەڵکەنە. دەڵێ گوتم طيبة چییە؟ گوتی ڕۆیشت. ڕۆژی دواتر، دووبارە هاتەوە خەونی و گوتی: برة هەڵکەنە. گوتم برة چییە؟ ڕۆیشت و ڕۆژی دواتر هاتەوە گوتی: زمزم هەڵکەنە. گوتم: زمزم چیە؟ گوتی: بیرێک هەڵکەنە ئاوی کەم نەبێ، زۆرترین حاجی تێربکات.

پریسیارەکە لەوەدایە! بۆ لە یەمامە، خەون بە هەڵکەندنی بیری زەمزەمەوە ببینێ؟ لە کاتێکا هەڵکەندنی بیر لە مەککە هەر لە سەردەمی قصي و دواتریش هاشمی باوکی، و چەندین قوڕەیشی تر بیریان هەڵکەندبوو.

لێرەدا زیرەکی عبدالمطلب بە ڕوونی دەردەکەوێ. کە خەونی تێکەڵ بە کارێکی لە خزمەتی گشتی کردووە. ئەو دەیزانی خەون لە بواری دینی، ڕۆڵێکی کاریگەری دەرروونی دەبینێ. تا بگرە قورئانیش چەندین چیرۆکی لەسەر خەونی محمد تێدایە. وەک ئیبراهیم و یوسف[171].

[170] هەمان سەرچاوە ص ٧٢، ابن هشام، الإمان أبو محمد عبدالملک ( ١٩٧١) السيرة النبوية. الجزء الأول. مكتبة الشقرون بالقاهرة. ص ١٦٧
[171] عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية. ص ٧١

بێگومان دەبێ ئەوەش بڵێین، خەون بینینی عبدالمطلب. و تێکەڵ کردنی لەگەڵ پلانێکی پێشوەخت، گوزارە لە ئاستی تێگەیشتنی دەکات. ئەو ئاستەش هەم کاریگەری زیرەکی لە تێگەیشتن، و ئاستی زانینی بووە. بە قۆستنەوەی دەرفەت، لە پێکانی ئامانجی خۆی.

## خەونی دووەم

عبدالمطلب لە تێکەڵاوی لەگەڵ کولتوور و دینی یەهودی ئاشنایەتی لەگەڵ (ئاتا) یان (أت) پەیداکردووە. کە بوونەوەرێکی خەیاڵی میتافیزیکییە، بە خەون یان ورێنە، پەیوەندی بە مرۆڤ دەکا. و هەواڵی پێدەدا. لە خەونێکی تری عبدالمطلب (ئات) دێتە خەونی و پێی دەڵێ:

> ئەگەر کوڕەکانت ببنە بە دە ئەوا دەبێ یەکێکیان بکەیتە بەڵاگێڕ.

هەڵبەتە دەبێ عبدالمطلب گوێی لە چیرۆکی نەبی ئیبراهیم بووبێ. سەبارەت بە بەڵاگێڕکردنی ئیسحاقی کوڕی، و دوایی خودا بانگی کرد کە بەرخێک لە جیاتی بکاتە بەڵاگێڕ. و واز لەو کوڕە بێنێ. عبدالمطلب ئەوشی دەزانی کە دواتر ئەو چیرۆکە دەبێتە عەرەبی و لە جیاتی ئیسحاق، ئیسماعیل دەکرێتە بەڵاگێڕی خودا.

دواتر ئەوەش دەبینین، چۆن عبدالمطلب بە مەبەست، یان بە نائاگایی ئەگەر ژمارەی منداڵەکانی ببنە ١٠، ئەوە دەبێت یەک لە منداڵە کوڕەکانی بە الله ببەخشێ.

شەوێکیان لە کەعبە دەخەوێت. لە خەودا پێیان گوت:

> ئەی عبدالمطلب بەوەفابە بۆ بەخشینەکەت. بۆ پەروەردگاری ئەو ماڵە (البیت).

بەپەلە لەخەو هەڵسا. و فەرمانیدا مەڕێک سەربیڕن و بیدەنە هەژاران. دوایی خەوتەوە. گوێی لە دەنگێک بوو پێی گوت:

بەخشینەکە لەوە گەورەترە. پرسی: گەورەتر چییە؟ پێیان گوت: یەک لە منداڵەکانت، کە بەخشیوتە و ئەوەش خەمێکی گەورەیە.

لێرەدا عبدالمطلب خۆی بە ئیبراهیم چواندووە. بەڵام ئەوەی جیاواز بوو. عبدالمطلب وەک ئیبراهیمی نەکرد. کوڕەکەی بباتە چۆلەوانی و تەنیا خۆی و الله ئاگاداربن. ئەو لە پەنای دیواری کەعبە لەبەرچاوی یەک لە گەورەپیاوانی قوڕەیش (ملأ) ویستی کوڕێکی سەربیڕێ، (ملأ) کە بینی و هاواری کرد. ئەو بەخشینە بۆ بوتەکانە. چونکە لەناو کەعبە تەنیا بوت هەن. عبدالمطلب وەک یەهودیەکی نەساڕییەکی حەنەفی، یەکتاپەرست بوو. و دژی بوت پەرستی بوو.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، عبدالمطلب بە مەبەست ئەو شوێنەی هەڵبژارد. چونکە یانەی کۆبوونەوەی قوڕەیش لەوێ بوو. و هەمیشە خەڵکی تێدابوو. دڵنیابوو لەوەی دەستی دەگرن، و لێی ناگەڕێن. ئیبراهیم یەک بەرخی کردە بەڵاگێڕ، ئەویش جوبرائیل لە بەهەشت هێنابووی. کەچی عبدالمطلب لەجیاتی کوڕەکەی، سەد ووشتری کردە بەڵاگێڕ[172].

## خەونی سێیەم

عبدالمطلب لە مەنامە لەسەر بەردی ئیسماعیل خەوتبوو. بەڵام ئەمجارەیان پەیوەست بوو بە ئایندەی دەوڵەتی قوڕەیش. دەڵێ پیاوچاکێک لە شێوەی خەرمانەیەکی درەوشاوە،

---

[172] عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية. الطبعة الثانية، سيناء للنشر. قاهرة. مصر.

هاتە خەونم. و لێم نزیک بووەوە. منی ناسییەوە. من تێکچووم. لەوکاتەدا من گەورەی هۆزەکەم بووم.
گوتی: حاڵی گەورەمان چۆنە .....
گوتم: بەڵێ.

هیچ قسەی تری نەکرد، و دەستی لەسەر شانم دانا، لەو کاتە وەک ئەوەی درەختێک گەورەبێ، و سەری بگاتە ئاسمان. بە لقەکانی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بدا. بینیم ڕووناکییەکی لێ پەخش دەبوو، نەوەد جار گەورەتر لە ڕووناکی ڕۆژ. بینیم عەرەب و عەجەم کڕنۆشیان بۆ بردبوو. هەر کاتژمێرێک زیاتر دەبێ. بینیم دەستەیەک قورەیش بە لقەکانی دا شۆڕ بووبوونەوە. لە هەمان کاتدا دەمبینی، هەندێک بنەماڵەی قورەیش دەیانەویست لێی ببڕنەوە. لەو کاتەدا گەنجێکم بینی، کە هەرگیز کەسی وام نە بینیوە. ڕووی ئەوەندە جوان بوو. پشتی ئەوانەی دەشکاند. و چاوەکانی دەردەهێنان. منیش دەستم بەرزکردەوە، تا بەشێک بم لێی.
گوتی: تۆ بەشت لەوە دانییە.
گوتم: کێ بەشی لەوە دا هەیە؟ گوتی: بەشی ئەو و ئەوانەی پەیڕەوی دەکەن. ئەوانەی پێش ئەویش بووین. هەستم بە کەمی و ترس کرد. بینیم ڕووی پیاوچاکەکە گۆڕا.
دوایی گوتی: ڕووی ڕاستی تۆ بەدەرکەوت. کە لە وەچەکانت پیاوێک ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەگرێ. و خەڵکی دەیپەرسن[173].

لەم چیرۆکەدا عبدالمطلب دەیەوێ، ئەوە نیشان بدا. کە دەوڵەتی قورەیش پەیامێکی ئاسمانییە. و دەبێ بگاتە ئامانج. ئەو بیرۆکەی لە دڵیشی دابوو. لە ڕێگای هێزی ئەفسانەی ئاسمانی دەری دەبڕی.

---

[173] الإمان الجوزی (١٩٨٠) الوفاء، باحوال المصطفی. تحقیق د. مصطفی عبدالواحد. الجزء الأول ص ٧٩

کاتێ پیاوچاک لە خەو پێی دەڵێ:

کەسێک لە هۆزی تۆ دەبێتە خاوەنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و خەڵکی دەیپەرستن.

ئەوە لەدەمی دەستەڵاتدارێک خەڵکی بە ڕاستی وەریدەگرن، نەک وەک خەیاڵێکی بەتاڵ.

ئەوەی لەو خەونانە، جێگای هەڵوێستەکردنە. خەونەکانی عبدالمطلب هەمیشە لە شوێنی بەناوبانگ و پیرۆزبووین. ئەوەش هەر لە کۆنەوە وا باوبووە. کە الله لە ڕێگای خەونەوە، ویستەکانی خۆی دەگەیێنێتە مرۆڤ. هەربۆیە خەڵکی دەچنە پەرستگا، و شوێنە پیرۆزەکان بۆ خەوتن و خەو بینین، بە شتی سەرئاساوە[174].

یەک لەو ڕووداوانەی لە عبدالمطلب دەگێڕنەوە، گوایە لە سەفەرێکی بۆ یەمەن پیاوێکی دیوە جادوو دەخوێنێتەوە. لێرەدا بەسەرهاتەکە بە کورتی دەگێڕدرێتەوە.

کابرا لە عبدالمطلبی پرسیوە دەتەوێ شتێک لەسەر تۆ بخوێنمەوە. عبدالمطلب لە وەڵامدا گوتی بەڵێ. دەمەوێت بزانم ئایندەم چۆنە.
گوتی: من نەبییەک دەبینم. و من پاشایەک دەبینم. یەکیان لە بەنی زەهرەیە. ئایا تۆ شاعەت لەوان هەیە؟ پرسی: شاعە چییە؟ ووتی: ژن. ووتی ئەمڕۆ نا. پێی گوت بگەڕێوە و هاوسەرگیری لەگەڵ بنی زەهرەدا بکە.

عبدالمطلب گەڕایەوە. هاوسەرگیری لەگەڵ هالەی بنت وهب بنت عبد مناف بن زەهرە کرد و عبداللەی کوڕیشی هاوسەرگیری لەگەڵ ئامینەی کچی وهب کچی عبد مناف بن زهرە کرد.

---

174 عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية. ص ٧٤- ٧٨

ئەوەبوو عبدالمطلب کوڕێکی لە هاڵە بوو بە ناوی هەمزە و عبداللەش کوڕێکی لە ئامینە بوو بە ناوی قثم (محمد).

لەم چیرۆکەدا دەبینین چۆن عبدالمطلب، بۆ مەرامی گەیشتن بە دەستەڵاتی ڕەها. پەنا دەباتە بەر جادووگەر و پیاوچاک و .... هتد. ئەو هەرچەند دەستەڵاتی هەبوو. کەچی دەیەویست دەستەڵاتەکەی بکاتە مێژوویی و ڕەها. سەبارەت بە پەیدابوونی نەبیەک لە هۆزی قورەیش، هەوڵیدەدا، ئەو دەنگۆیە، تا دەکرێ لە ناو خەڵکی بڵاوببنەوە.

عبدالمطلب بەوەشەوە نەوەستاوە، کە جادووگەر و پیاوچاک ئایندەی بخوێننەوە. دەڵێن کە (سیف بن ذی یزن) لە کۆبوونەوەیەکی نێوانیان. زۆری لە عبدالمطلب کردووە، کە ئەو نهێنیە بدرکێنێ. هەڵبەتە عبدالمطلب خۆی باسی ئەوەی بۆ خەڵکی گێڕاوەتەوە. خۆ دیارە ئەو کارەشی بەبێ ئامانج نەبووە[175].

[175] هەمان سەرچاوە ص ٧٩ - ٨٠

# عبدالمطلب لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی

عبدالمطلب هەر لە سەرەتاوە، پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی یەثرب، بەتایبەتی خەزرەج زۆرباشبوو. چونکە ماڵە خاڵەکانی لەوان بوون. کاتی ناکۆکی لەسەر موڵکێک کەوتە نێوان عبدالمطلب و نەوفلی مامی، ئەو موڵکە نەوفل لە عبدالمطلبی زەوتکردبوو. عبدالمطلب بۆ یارمەتی، داوای لە ماڵە خاڵەکانی بنی النجار کرد. ئەوانیش هەشتا شەڕکەریان لە یەثرب بە شمشێرەوە ناردە مەککە. هاتنی ئەو شەڕکەرانە، ترسێکی وایان خستە دڵی نەوفل. کە یەکسەر پاشگەز ببێتەوە[176].

لە بواری ناوخۆ عبدالمطلب هاوپەیمانی لەگەڵ سەرۆک خێلە ناسراوەکان دەبەست. کەسێک لەلایەن خێلی خەزاعەوە هات و ڕایگەیاند: ئێمە هاوسێی دارین (کەعبە) هاوپەیمانی تۆین. ئەوە وەڵامیان بوو. سەرەڕای ئەوەی هۆزی خەزاعە، گەورەترین هۆزی دوورگەی عەرەبی بوون. و قصي پێشتر لە مەککە دەریکردبوون[177].

لێرەدا دەبینین هێزو توانای قورەیش گەیشتە ئەو ئاستەی، کە خاوەنی یەکەمی مەککەیان وەدەرنا. دوایی هەر ئەو هۆزە خۆیان، نوێنەرێکی ناسراوی هۆزەکەیان بۆ لای عبدالمطلب بنێرن. و پێشنیازی دۆستایەتی و هاوپەیمانی لەگەڵ قورەیش دەکەن.

---

176 الشامي، الأمام محمد بن يوسف الصالحى. سبل الهدى و الرشاد فى سيرة خير العباد. الجزء الأول ل ٣١٠

177 عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية. ص ٨١-٨٢

تا عبدالمطلب لە ژیاندابوو، بازرگانی و نەریتەکانی دین. و ئەرک و کارەکانی قورەیش لە شاری مەککە، تا دەهات بە هێزتر و فراوانتر دەبوون. کە تا ئەو ڕادەی ئیمپراتۆری ڕۆمانی شەرقی (بێزەنتی)، دۆستایەتی بەگشت شێوەیەکی هاوکاری و پشتیوانی مەککە و قورەیش دەکرد. بەڵام بە مردنی عبدالمطلب. هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەت تری نوێ لە مەککە پەیدابوون. و ناکۆکییە کۆنەکان، بە شێوەی نوێ، و کاریگەرتر سەریان هەڵدایەوە.

# پەیمانی الفضول

دوای مردنی عبدالمطلب، گێژەنی ناکۆکییەکانی ناو دەروونی قورەیش سەری هەڵدا. و قورەیش کەسێکی وا بەهێز و زیرەکی نەما. بتوانێ کە گشت بنەماڵەکانی قورەیش لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. تا کاروبارەکانی مەککەی پایتەختی پیرۆز بەڕێوەبەرێ. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێک.

یەکەم: هەر لەکاتی هاشم و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ڕۆم وهۆزەکانی دوورگەی عەرەب و شام. مۆنۆپۆلی بازرگانی بنەماڵەی هاشم و براکانی، ناکۆکییەکی لە نێوان بنەماڵەکانی تری قورەیش لەگەڵ بنەماڵەی هاشم لیکەوتبووەوە. ئەوەش بە مردنی عبدالمطلب جارێکیتر تەقییەوە.

دووەم: لە گشت بنەماڵەکانی قورەیش کەسێکی بە تواناو شارەزا، لە ئاستی ئەوە دانەبوو، کە ڕێزی لەلای گشت جۆمگەکانی قورەیش هەبێ. و سەری بۆ دانەوێنن.

سێیەم: هەلومەرجی شارستانی مەککە و قورەیش لە گۆڕانێکی خێرادابوو. لە هۆز دەرچووبوو. و بنەماکانی دەوڵەت لە دروستبوون دابوون. ئەوەش هەر لەو کاتەی هاشم پەیوەندی لەگەڵ ئیمپرتۆری ڕۆما و هۆزەکانی عەرەبی و بەستنی ڕێکەوتنی (إلاف) دەستپێکردبوو. و دوای ئەویش لە سەردەمی عبدالمطلب پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینی. و شاری مەککە لە گۆڕانێکی بێ وێنەدابوو. ئەوەش پێویستی بە شێوەیەکی تری سەرپەرشتی هەبوو.

چوارەم: ئەو خاڵە زۆر گرنگ بوو. گۆڕانی قورەیش لە هۆزەوە بۆ دەوڵەت، چیتر بواری ئەوەی نەدەدا، هەروەک تا ئێستا لەلایەن بنەماڵەی هاشم، تاکە کەسێک یان بنەماڵەیەک، گشت جۆمگەکانی بازرگانی، دینی و سیاسی بەڕێوەبەرێ.

هەڵومەرجەکە قورەیشییەکانی ناچارکرد. کە هاوپەیمانییەکی فراوان، لە نێوان گشت جۆمگە کۆمەڵایەتییەکانی بنەماڵە قورەیش ببەستن. ئەو چارەسەرەش (پەیمانی الفضول) بوو. کە وەک پردێک بوو، بۆ دەوڵەتێکی شارستانی لە مەککە. سەرپەرشتی ئەو پەیمانە و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیش کۆڕی (الملأ) پێی هەڵدەستا[178].

## پێناسەیەکی پەیمانی الفضول

پەیمانێکە لە بنەڕەتدا، بە سوێندخواردن پەیمان دەدەن. کە کەمتەرخەمی لە کاروباری بەڕێوەبردنی شار نەکەن[179].

ئەندامانی کۆڕی الملأ [180]: ڕەنگدانەوی بازاڕی بازرگانی شاری مەککە بوون. کە بریتی بوون لە کۆمەڵێک بازرگانی گەورە، خاوەن کۆیلە، خاوەن سۆزانی و ڕیباخۆری خەڵکی مەککە. ئەو کۆمەڵە مۆنۆپۆلی سەرجەم دەستەڵاتەکانی شاریان بەدەستبوو. ئەوەش تاکە ڕێگابوو، بۆ

[178] إبراهيم احمد إبراهيم (١٩٨٥) مكة و المدينة فى الجاهلية و عهد الرسول. ص ٦٧١

[179] الحلبى، علي بن برهان الدين ( ) إنسان العيون فى سيرة الأمين المأمون. جزء الأول ص ٢١١

[180] وشەی الملأ، مانا زمانەوانییەکەی وەک ناوەرۆکێکی مێژوویی، کەسێکی خاوەن پایەی کۆمەڵایەتی و بەڕێز و خاوەن توانا دەدات.

ڕاگرتنی گشت کاروبارەکان و بەڕێوەبردن. و سەقامگیری پەیوەندییە بازرگانی و سیاسی و دینی بێنێتەدی.[181].

بە درێژایی  ئەو ماوەیەی، نێوان هاشم تادەگاتە مردنی عبدالمطلب. بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار و ناکۆکییەکانی بازاڕ و هەڵومەرجی ئارامکردنەوەی دۆخی ناو شار، لەناو قوڕەیشدا بەرەی حیزبی دەوڵەمەندان دروستبووبوو. کە سەرکردەیان أبو سفیان بوو، دوای ئەو عثمان هات و دواتر معاویە هات. و لە بنەماڵەی هاشمیش خەڵک لەو حیزبەدا هەبوون. لەوانە نوفل بن الحارث بن عبدالمطب، ابو لهب، عباس بن عبدالمطلب. کە لە بنەڕەتدا هەر ئەو حیزبە بوو توانی پەیمانی الفضول بەرهەم بێنێ. کە تا گرتنی مەککە لەلایەن موسولمانان هەر بەردەوام بوو[182].

[181] عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة  المركزية. ص ١٠٨
[182] هەمان سەرچاوە ص ٢٤

# پوختەی باس

هیچ قسەیەکمان لەسەر ئەوە نییە. کە مەککە شارێکی پیرۆزی دینی ئیسلامە. و ساڵانە بە ملیۆن باوەڕداری موسوڵمان لە دوور و نزیکەوە، سەردانی دەکەن. یان سەرجەمی موسوڵمانانی جیهان بۆ نوێژ و پاڕانەوە، ڕووی تێدەکەن. جا شاری مەککە مقام إبراهیم بێ یان نا، هیچ لەو باسە ناگۆڕێ. لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەم نووسینە، لێتۆژینەوەیەکە بۆ مێژووی شاری مەککە لە ڕوانگەی ڕووداوەکان و تۆمارکردنیان. و گەڕانە بەدوای گەواهی بۆ پشتڕاستکردنەوەیان.

بەدوادچوون سەبارەت بە شاری مەککە، لەڕووی مێژووی شارستانی. قووڵبوونەوەیە لە ڕووی جوگرافی و مێژووی مرۆڤایەتی. و ڕۆڵی لە پەرەسەندنی زەمینەی بازرگانی، دینی و کۆمەڵایەتی. ئەوەش بە درێژایی دروستبوونی ئەو شارە هەر لە یەکەمین وێستگەی کاروان کە هەنگاو بە هەنگاو، دەبێتە هۆی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان، تا دەگاتە گۆڕانی لە ئاوەدانیەکی سادە بۆ چەقی دین و ڕووگەی ملیۆنان موسوڵمان.

جا ئەوەی لێرەدا گرنگە، هەر باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی باوەڕ تێکەڵ بە زانستی مێژووی نەکرێ. لە جیاتی دروستکردنی چیرۆکی ئەفسانە، دەبێ بە بەڵگەی زانستی شوێنەوارناسی، جوگرافی و مێژوویی بۆچوونەکان پشتڕاست بکرێنەوە.

بۆ لێتۆژینەوە لە مێژووی شاری مەککە، لە پەرتووک و چیرۆکەکانی مێژوونووسانی ئیسلام، بەرەو ڕووی ئاڵۆزییەکی بێهاوتا دەبین. ئەو ئاڵۆزییەش هەم لە گێڕانەوە. و هەم لە ناکۆکی و یەکتری ڕەتکردنەوەی مێژوونووسانی ئیسلامی تر. بە واتایەکیتر، هەریەک بە ئارەزووی خۆی، بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و دینی مێژوویێکی هۆنیوەتەوە. کە تەنانەت لەگەڵ مێژوونووسەکانی تری موسوڵمانیش ناکۆکە.

ئەگەر نووسینەوەی مێژووی شاری مەککە، وەک ئامرازێک بێ بۆ ئاراستەکردنی دین و پیرۆزڕاگرتنی ئەو شارە، ئەوە هیچ پەیوەندی بە نووسینەوەی مێژووی شاری مەککە، وەک لێتۆژینەوەی هاوچەرخ دانییە. بەڵام بەداخەوە لەو سنووورە نامێننەوە. و بەرگێکی زانستیان بەبەر دادەبڕن. و دەیانەوێ زانستی پێ دەمکوت کەن. لێرەوە شتەکان لە چوارچێوەی باوەڕ دەردەچن. و دەکرێنە ڕێ وونکەرە. و ناکرێ مرۆڤ وا بە ئاسانی لێیان بێ دەنگ بێ.

مێژوونووسانی موسوڵمان چیرۆکی ئەفسانەیی وایان بۆ شاری مەککە هۆنیوەتەوە، کە لە متمانە دەردەچێ و زیاتر لە چیرۆکی گوێ ئاگردان دەچن. نەک مێژوو. هەندێکیان ئەوەندە دوور دەڕۆن. ئەستەمە لە چوار چێوەی ئەفسانەش شوێنیان ببێتەوە.

ئەم لێتۆژینەویە لەسەر گشت ئەو ئەفسانە بێ بنەمایانە دەگوزەرێ. تا دەگاتە سەفەری ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی. کە ئەفسانەیەکی دەستکاری کراوی تەوراتە. و هەندێک بەرگەی لێدوان دەگرێ. بەڵام کێشەکە بە گشتی لەوەدایە. هیچ لەو چیرۆکانەی پێشتر و تەنانەت ئیبراهیمیش. وەک گێڕانەوەیەکی ڕیالیستی ناتوانن جێگای متمانە بن. تابگرە لەگەڵ تەوراتیش ناکۆکن. کە یەکەم سەرچاوەی ئەو ئەفسانەیە بۆ ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە..

لەلایەکیتر قورئان وەک سەرچاوەی یەکەم و پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام، لە سەرتاسەری سوورەتەکانی قورئان، یەک جار ناوی مەککە هاتووە و یەک جاریش بەککە. کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی هەردوو شوێن بۆ یەک جێگا دادەنێ. و پێیان وایە، تەنیا جیاوازی دەربڕینە لە نێوان ووشەکان. یەک جاریش ئاماژەیەکی ناڕوون بە قورەیش کراوە، لەگەڵ پەیوەندی بە (بیت المقدس) ێک. بەڵام بە لێکدانەوەیەک، بۆمان ڕوون دەبێتەوە. کە هیچ یەک لەو دەربڕێنانە نابنە پشتگیری مێژوویی، یان جوگرافی. کە دوو بنەمان بۆ کات و شوێنی ئەو دەربڕینانە. بۆ ئەوەی مەککە ئەوەندە کۆن بێ و لە حیجازیش بێ.

## دەقەکانی قورئان، ناکۆکن لەگەڵ ناوچەی مەککە

بە بەراوردێکی ووردی دەقەکانی قورئان و ئەو ژینگە سرووشتی و کۆمەلایەتییەی باسیان دەکا. دوورن لە سرووشت و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی عەرەبی، لە ناوچەی مەککە. وا لە خوارەوە ئەو ناکۆکی و لەیەک دووریە، لە توێی شەش خاڵی سەرەکی ڕوون دەکرێنەوە:

### ١ ناوی مەککە:

لە ناو گشت دەقەکانی قورئان، دوو جار ناوی مەککە هاتووە. ئەوانیش (مەککە، و بەککە) بەپێی ئەو ئایەتەی باسی مەککە دەکا، دیار نیە ئەو شوێنە لە کوێیە، شارە، گوندە یان تەنیا گۆڕەپانێکە بۆتە شەڕگە. جارێکیش ناوی بەککە هاتووە.

القرآن الكريم - سورة الفتح ٤٨: ٢٤

> هەر ئەو بوو، ئێوەی لە دەستی وان پاراست و ئەوانیشی لە ئێوە پاراست.
> کاتی لە ناو مەککە ئێوەی بەسەریاندا سەرخست. ئێوە هەر کارێکتان دەکر
> خودا دەیدی (٢٤)

ئەو ئایەتە لە سورەتەکانی مەدینەیە، نە شوێنی جوگرافی یان سەردەمی مێژووی دیار نییە. بۆیە دەتوانێ هەر کوێ بێ. و لەکام خاڵی مێژوویی بێ. بۆیە ناتوانرێ، وەک بەڵگەیەکی مێژوویی وەربگیرێ.

## بەککە

دووەم ناو، کە لە قورئان دا هاتووە (بەککە)یە. بەڵام ئەو ناوەش بێ کێشە نییە.

القرآن الكريم – سورة آل عمران ٣: ٩٦ - ٩٧

> یەکەمین ماڵ کە بۆ خەڵکی سازکراوە. ئەوەیە لە بەککە کە پیرۆزە و نیشانەی خودا ناسییە. بۆ گشت خەڵکی جیهان (٩٦). لەوێ چەند بەڵگە و نیشان هەن. یەکیان (مقام إبراهيم) شوێن وەستانی ئیبراهیمە. هەرکەس پەنای بۆ بەرێ دڵنیا و ئارامە (٩٧).

لەم سورەتەدا هەرچەندە، ووشەی بەککە (بكة)، بەپێی لێکدانەوەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەبێ مەککە بێ. بەڵام لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زمانەوانی، ناکرێ ئەو مانایەی هەبێ. لوکسێنبێرگ، باوەڕی وایە، ووشەی (بكة) ووشەیەکی ئارامییە. و لە ڕەگی (بك) هاتووە. کە بە مانای ئاپوورە (إزدحام) دێ.[183] بەو لێکدانەوەیەش، ووشەی بەککە، مانایەکیتر وەردەگرێ. کە دەکرێ هەر شوێنێکی مایەی، کۆبوونەوەی خەڵکی بێ، کە ببێتە هۆی قەرەپەستانێ. و نیشانەی خوداپەرستییێ. ئەو دەربڕینەی لوکسێنبێرگ، لە ڕووی زمانەوانییەوە لەشوێنی تریش پشتڕاست دەکرێتەوە[184].

---

[183] Christoph Luxenberg (2007) The Syro - Aramaic reading of the Koran. A contribution to the Decoding of the language of the Koran. Verlag Hans Schiler. Berlin Pp 328

[184] منجد في اللغة و الإعلام (١٩٨٦) ص ٤٥

ئەگەرچی ناوی بەککە ئاماژە بە شوێنی پیرۆز و ئاپوورە دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە، مەبەستی شاری مەککەبێ. ڕەنگە مەبەستی لەو کەعبەیە نەبێ. کە کەوتۆتە شاری مەککە. لەبەر ئەوەی بەر لە هاتنی ئیسلام، ٢١ کەعبە لە دوورگەی عەرەبی هەبووین. و خەڵکی عەرەب بە پیرۆزی زانیون و لە کاتی حەج سەردانی کردوون[185].

سەرەڕای ئەوە. لە ئایەتەکەدا، ووشەی بەککە، لە ڕووی جوگرافییەوە بە هیچ شارێک یان وولاتێ نابەستێتەوە. کەواتە چۆن بزانین مەبەستی شاری مەککەیە لە دوورگەی عەرەبی. و شارێکی تر و لە شوێنێکیتر نییە. لە پەیمانی کۆن – زەبورەکان ئاماژە بە (دۆڵی بەکا) دەکا.

پەیمانی کۆن - زەبورەکان ٨٤: ٥ - ٧

)٥) خۆزگە بەوانە دەخوازرێ کە هێزیان لە تۆوەیە، ڕێگاکانت لەناو دڵیاندایە، (٦) کە بە (دۆڵی بەکا) دا تێدەپەڕن، دەیکەنە کانیاو، پاییزە بارانیش پڕ بڕشتی دەکات. (٧) لە هێزێکەوە دەچنە هێزێکی دیکە، تاکو هەریەک لەبەردەم خودا لە زایۆن دەربکەوێت.

ئەوکەسانە کێن بە دۆڵی بەکادا تێدەپەڕن. دەبێ چ توانایەکیان هەبووبێ، تا بتوانن کانیاو دروستبکەن و پایزەبارانیش بڕشتی بداتێ. کاتێ ناوی خودای زایۆن دەبیستین، یەکسەر بیر بۆ ئۆڕشەلیم و کاروانە زۆرەکانی گەشتە دوورودرێژەکانمان بەبیردادێ. کە لە دۆڵی بەکا فرمێسک دەرێژن. نەک لەکەعبەی شاری مەککە.

بۆمان دەردەکەوێ، کە بەککە مەبەستی دۆڵی بەکایە ( Valley of Baca)واتە دۆڵێ فرمێسک (عەرەبی: وادي الدموع). بەڵام لە قورئان نە شوێنی دیارە، و نە دەزانین ئەو

---

185 عبدالکریم. خلیل (١٩٩٠) الجدور التاريخية للشريعة الإسلامية. سيناء للنشر ص ١

مەقامی ئیبراهیمە چیە. لەبەر ئەوەی ئیبڕاهیم هەرگیز بەرەو باشوور نە چوولاوە، تا مەقامی لە مەککە بووبێ. کەچی لە پەیمانی کۆن شوێنی ڕێو و نەرێتی سەردانی حەج بۆ ئۆڕشەلیم بووە. [186]

وشەی عیبری باکا، کە بە واتای (گریان) دێ. لە هەمان کاتدا باکا ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە درەختی گریان. وەک دارێکی بەلسام، کە دەبێ لەو دۆڵە هەبووبێ.

## ٢ شوێنەوارناسی

دیاردەیەکیتر کە جێگای سەرسوڕمان و هەڵوێستەکردنە. نەبوونی شوێنەوارە لە مەککە، بە تایبەتی لە قۆناخی کۆتایی سەردەمی جاهیلی تا سەر هەڵدانی ئیسلام. شوێنەوارێکی لێ نییە، تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ لە ڕووی سوێنەوارناسیەوە، بێ بەرهەم بووە. تەنانەت ناویشی لە لیستی شوێنەواری یونێسکۆ نییە. ئەوەش یەک مانای هەیە وەک دەیڤید شتراوس بە ڕوونی دەریدەبڕێ:

> لە ناو جەرگەی دوورگەی عەرەبی، بەڵگەی شوێنەوارناسی و مێژوویی لە سەردەمی جاهیلی بوونی نییە. تەنیا هەندێک نەخش و هەڵکۆڵین لە ناوچە جیاجیاکانی دوورگەی عەرەبی دەست دەکەون، ئەوانەش لە باشووری دوورگە، لە یەمەن و حەزرەموت. لە هەڵکۆڵینەکانی نمارە. [187]

ئەو ناوچەیە هەرچەندە لە ڕوانگەی لێتۆژەرەوە موسوڵمانەکان گرنگترین و پیرۆزترین شوێنە. کەچی بەدەست نەبوونی بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژوویی و شوێنەوارناسیەوە

---

[186] بشير، دكتور سليمان. مقدمة في تاريخ الأخر ص ١١

[187] R. Bowen jr. Archaeological Discoveries in South Arabia. Pp. 43 -131

دەناڵێنێ. ئەو هەڵومەرجە، بۆ لێتۆژنیەوە، تا سەردەمی عبدالملك بن مروان هەر بەردەوام بوو. ئەوە گشت بەڵگەنامە و سەرچاوەی شوێنەوارناسی یان مێژوویی لەو سەردەمە دەگرێتەوە. ئەو دەربڕێنە قورئانیش دەگرێتەوە.[188]

## ٣ ژینگەی مەککە، لەگەڵ دەقەکانی قورئان ناگونجێن

دەقەکانی قورئان بە هیچ شێوەیەک ناتوانن گوزارە لە ناوچەی مەککە بکەن. لەبەر ئەوەی مەککە شوێنێکی ووشکانییە. بە هیچ شێوەیەک بۆ کشتوکاڵ، پەروەردەی ئاژەڵی ماڵی لەبار نییە. بە تایبەتی بۆ چاندنی درەختی زەتوون. و باخچەی خۆش و مێوە و لەوڕگا.

لە قورئان چەند ئایەت هەن، کە دوژمنانی محمد بە جوتیار ناو دەبا. ناوی باخ و کێڵگە سەوزەکانیان، و بەرهەم و مێوە و مێگەلەکانیان. کە هەرگیز لەگەڵ ئاو و هەوای خاکی مەککە یەکناگرنەوە.

القرآن الكريم - سورة عبس ٨٠: ٢٤ – ٣٢

> دەی با مرۆڤ بڕوانێتە خۆراکی خۆی (٢٤) ئێمە خۆمان ئاوەکەمان بۆ ڕشتووە، بە پڕژاندن (٢٥) پاشان خاکەکەشمان قەڵاشت، بە قەڵاشتن (٢٦) ئەوسا دانەوێڵەشمان لێ ڕوواند (٢٧) ڕەزو سەوزاییش هەرەوەتر (٢٨) بە زەیتوون و دارخورماش (٢٩) باخی چڕ و پڕ (٣٠) مێوەو و لەوەڕی چوارپێش (٣١) بۆ بژێوی خوت و ماڵەکانتان (٣٢)

---

188 بشير، دكتور سليمان (١٩٨٤) مقدمة في تاريخ الأخر. نحو قراءة جديدة للرواية الإسلامية. القدس. ص ٨

له گشت ئەو ئایەتانەی سەبارەت بە ژینگەی قورئان دەدوێن، نە شوێنی جوگرافی یان مێژووییان دیارنیە. بۆیە ناتوانن وەک چمکێکی مێژوویی یان جوگرافی وەریانگیرێن. دەتوانن هەر شوێنێک بن و لەهەر سەردەمێکی مێژووی دابن. بۆیە گومان لەسەر ئەو دەربڕینانە دەکرێ.[189]

لەلایەکیتر لێتۆژینەوە دەتوانێ لەگەڵ ئەو ناوچانە بەراوردیان بکا کە سرووشت و ئاووهەوای لە شێوەی ئایەتەکان بێ. ئەوەش بە هیچ جۆرێک مەککە نییە. بەڵکوو دیمەنی باخی چڕو پڕ و مێوە و لەوەڕی چوارپێ لەگەڵ ناوچەکانی شام و ئیسڕائیل دەگونجێ. نەک مەککە.

## ٤ بوتەکانی لات و عز و مەنات

هەر سی بوتەکانی، لە قورئان لە سوڕەتی النجم ناویان دەبا، جێی گومانن لە مەککە بووبن. بەڵکوو قورئان مەبەستی باکووری دوورگەی عەرەبیە.

النجم ٥٣: ١٩ – ٢١

ئاخۆ ئێوە تەنیا لات وعزەتان بینیوە (١٩) سێیەمیشیان کە مەناتە. یەکێکی تره لە بوتەکان (٢٠) ئاخۆ منداڵی ئێوە نێرە و خوداش کچی هەیە (٢١)

ئەو بوتپەرستیەی قورئان باسی دەکا، کە دەبێ لە مەککە بووبن. دوای بەدواداچوون دەردەکەوێ. ئەوە لە دینەکانی باکووری دوورگەی عەرەبی بەدی بکرێن. بە تایبەتی ئەو ناوچانەی ژێر دەستەڵاتی نەبەتیەکان.

---

[189] بشير، دكتور سليمان (١٩٨٤) مقدمة في تاريخ الأخر. نحو قراءة جديدة للرواية الإسلامية. القدس.ص ١٠٤

ئەوەش هەر لە بوونی پەیکەری بەردی و پارچەی شەشپاڵوی پیرۆز، تا دەگاتە چەقی دینی، کە پەرستن و نەرێتەکانی لە شێوەی، ڕێ و ڕەسمی حەجی ئێستا بووین. وەک بەڵاگێڕکردن و سەردان و هتد. کە تێیدا بەردی نەیزەک پیرۆز دەکرێ.

نەبەتیەکان خودایەکیان هەبووە بەناوی (ذو الشري) وەک بەردە ڕەشەکەی مەککە دەپەرسترا. تا دەگاتە هەمان ناوی خوداکانی لە ناو قورئان ناویان هاتووە:
اللات: خودای بڕشت و کشتوکاڵی جیهانی خواروو.
العزي: خودای هێز، کە گریمانە دەکرێ ئەو خودایە لە بنەڕەتدا میسری بێ و بەرامبەر ئێیزس.
مناة: خودای ڕێکەوت و چارەنووس.

ئەوانە هەرسێکیان ناوەکانیان لەگەڵ خوداکانی تر، لە دەوری خودای نەبەتی (ذو الشري) هەڵکۆلراون، کە وەک خودای بچووکتر ئەرکی خودایەتی بەشێک لە بەڕێوەبردنی جیهانیان لەسەر شانە. [190]

## ٥ ڕێنووسی قورئان نەبەتیە

---

[190] Petra: lost city of stone. Civilization ca 2013. 02. 03

- Hearly, John F. (2001) 4. The Religion of the nabataeans: A conspectus Religions in the Greco – Roman World 136. Boston Brill pp. 107 – 119

- Jane, Tylor. Petra and the Lost kingdom of Nabataeans 1:B Tauris Publishers 2001, pp 130

- Hommel, First, Encyclopedia of Islam. Vol. 1, pp. 380.

لە پێش هاتنی ئیسلام و دەسەڵاتی سیاسی و دینی، ڕێنووسێکی یەکگرتوو بو تۆمار و بەڵگەنامەکان بۆ زمانی عەرەبی نەبووە. بۆیە بە ڕێنووسی جۆراوجۆر دەنووسرا، ئەوەش بە پێی جوگرافیای دابەشبووبوو.

زیاترین ڕێنووس کە بەکاردەهات المسند بوو، سەبەئی کۆن. کە زۆربەی عەرەبی باکوور و باشوور پێیان دەنووسی. ڕێنووسی مسند جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ ڕێنووسی ئێستا هەبوو. ئەو ڕێنووسە کلاسیکیەی کە ئێمە پێی ئاشناین. لە نەبەتیەوە پەرەی پێدراوە. لە بنەڕەتدا، سەرچاوەکەی ئارامیەوە پەرەی پێدراوە. ئەوەش وەک تۆماری بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوبووە.

لە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام زمانی عەرەبی بە زۆری بەو دوو ڕێنووسە دەنووسرا. ڕێنووسی نەبەتی لە باکوور، و ڕێنووسی مسند لە باشوور.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە قورئان بە ڕێنووسی نەبەتی نووسراوە. کەچی لە ناوەڕاستی دوورگەی عەرەب، واتە ناوچەی مەککە. لە ناو سنووری ئەو ناوچانەی ڕێنووسی مسندی لێباو بووە. کە دەبوایە بە مسند بنووسرێ. ئەوەش وایکرد ڕێنووسی مسند بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام، هەنگاو بە هەنگاو لەناوبچێ. تا گەیشتە سەدەی حەوتەم و هەشتەم، لەگەڵ فراوانبوونی دەستەڵاتی ئیسلام بە یەکجاری لەناوچوو.

ئەوەش یەک وەڵامامان دەداتێ کە قورئان یان لە باکوور نووسراوە و هێنراوەتە مەککە، یان ئەو کەسانەی نووسیویانە لە باکوورەوە هاتوون. و توانایان لە ڕێنووسی نەبەتی هەبووە. جا هەر کامیان بێ، هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێ. کە قورئان بەرهەمی ژینگەیەکی فێنک و شوێنی کشتوکاڵ و لەوەڕگای میگەل بووە.

## ٦ الله خودای باکوور, و ڕەحمان خودای ناوەڕاست و باشوور

ناکۆکی خەڵکی مەککە لەگەڵ نووسەری قورئان لەسەر ووشەی رەحمان بەڵگەیەکی ترە، بۆ ئەوەی قورئان دەبێ لە باکووری دوورگەی عەرەبی ئامادەکرابێ. و دواتر گەیشتبێتە مەککە. بۆ ئەو کێشەیەش دەبێ بەناو مێژووی پەرەسەندنی چەند ساد ساڵەی پەرەسەندنی دین و هاتنی بۆ ناوچەی حیجاز و بەتایبەتی مەککە و مەدینە.
القرآن الكريم سورة الفرقان ٢٥: ٦٠

> هەرکاتێ پێیان دەگوترێ کڕنۆش بۆ رەحمان بەرن، دەڵێن: الرحمان کێیە؟ دەتەوێ هەرکەس تۆ بڵێی کڕنۆش بۆ ئەوە بەرین؟ ئەوە زیاتر سڵیکردنەوە (٦٠)

بەپێی هەندێ سەرچاوە ناوی الله و رحمان دوو خودای جیاوازن.
لە هەندێ چیرۆکی تردا (الرحمن) دەگەڕێننەوە بۆ موسەیلەمەی یەمامە ( ناوچەی نەجد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سعودیە)
کاتی ناحەزانی محمد گوێیان لە (البسملة)ی ئاشنا لەگەڵ ناوێکیتر بوو، محمدیان بەوە تاوانبارکرد. کە داوای خودایەکی تردەکا. لەبەرئەوەی، بەلای ئەوانەوە (الرحمن) خودای موسەیلەمە بوو. نەیان دەتوانی پێی ڕازی بن.

نێردەی خودا کاتی گوتی (بسم الله الرحمن الرحيم ) خەڵکی مەککە ، بە سەرسوڕمانەوە، گوتیان ئەوە خودای یەمامەیە. خودا و نێردەکەی فەرمانیان دا، چیتر ناوی نەهێنی تامردیش دووبارەی نەکردەوە.[191]

---

[191] الراوی، سعيد بن جبير المحدث: ابن حجر العسقلاني. المصدر: الرداية. ج١ ص١٣٦

ناوی الرحمن، تا ئێستاش شوێنەوارناسان، لە هەڵکۆڵین و نەخشەکانی باکووری دوورگەی عەرەبی نەدۆزراوەتەوە. بەڵام لە گشت تابلۆ و هەڵکەنراوەکانی باشوور و ناوەڕاست ناوی ڕەحمان بۆ خودا بەکار هاتووە. یەک لەوانە تابلۆی نووسراوەی ئەبرەهەیە لە بێر مریغان.

تێگەیشتنی جیاوازی نێوان الرحمن و الله، ترسێکی گەورەی لەسەر دینە نوێکە هەبوو. لەبەرئەوەی هیچ لە لایەنەکانی عەرەبی باشوور و باکوور، باوەڕیان بە خودای یەکتری نەبوو. نووسەری قورئانیش وەک سیاسەتی دینی ئامانجی دینێکی سەرتاسەری هەبوو. ئەوەش کارێکی ئەگە ئەستەمیش نەبووبێ، ئەوا زۆر شەخت بوو، بتوانێ یەک خودا لە نێوان باکوور و باشووری نەتەوەی عەرەب، لە دوورگەی عەرەبی وەدیبێنێ.

بەڵام زیرەکی نووسەری قورئان، لە  هەوڵدانی. بۆ ناساندنی الرحمن خودای تاکی عەرەبی باشوور. بۆ عەرەبی باکوور، کە باوەڕیان بە الله هەبوو. بە پلانێکی سەرکەوتووانە چارەسەر دەکا. سەرەڕای ئەوەی کێشەکە لە کاروباری ڕۆژانەی بانگهێژی دین، لە قورئانیش وەک دەستووری دین ئاماژەی پێدەکا. بە شێوەیەکی بلیمەتانە چارەسەر دەکرێ. هەردوو ناوەکان لەیەک دەدرێن. یان وەک هاومانا دەردەبڕدرێن. کە وای دەرخا، هەردووکیان هاومانان. بەوەش بناخەی یەکێتی نێوان عەرەبی باکوور و عەرەبی باشوور دادەمەزرێنێ.

القرآن الكريم - سورة الإسراء ١٧: ١١٠

> بڵێ هاوار لە الله بکەن یا هانا بۆ ڕەحمان بەرن، هەروەک یەکە. ئەو ناوی پیرۆزی هەن، لە نوێژدا مەقیژێنە، و ورتە ورتیش مەکە، شێوەیەکی مام ناوەنجی هەڵبژێرە. (١١٠)

نووسەری قورئان بە لێکدانی دوو ناوی خودای باکوور و باشوور. توانی یەکێتی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەب، بۆ هەتاهەتایە جێگیرکا. الله و ڕەحمانیش لە فەرهەنگی دینی ئیسلام، بێجگە لە دوو ناوی خودا هیچیتر نەبن.

ئەو شەش خاڵەی سەرەوە، بەڵگەی بە هێزن، بۆ ئەوەی باوەڕمان بەوە هەبێ، مەککە و قورئان بە پێی ژینگەی جوگرافی و ئاستی شارستانی لەگەڵ یەک ناکۆکن. و ناتوانێ بەوە ڕاییمان کا، کە مەککە ئەو شوێنەیە کە بە ڵانکەی دینە یبراهیمیەکان دابنرێ. و ئەو ژینگەیەبێ قورئانی لێ نووسرابێتەوە.

سەرەڕای ئەوە گشت دەربڕینەکانی مێژوونووسانی ئیسلام، ناکۆکن لەگەڵ پرۆسەی ڕەوتی مێژووی ڕیالیستی ناوچەکە. ئەوەش هەر لە سەدەی پێنجەمی پێش سەردەمی باو. تا دەگاتە سەدەی چوارەمی سەردەمی باو. کە دەکاتە نزیکەی ٨٠٠ ساڵ، ئەو ناوچەیەی ئێستا شاری مەککەی لێ ئاوەدان بۆتەوە، ووشک و چۆڵەوانی بووە. و تەنیا شوێنی بەدەوی و چەتە و ڕێگری دڕونده بووە. بەو پێیەش وەک لە سەدەی دووەمی پێش زایین ئارتەمێدۆروس تەنیا باسی بەدەوی ڕێگر و چەتە دەکا. کە گەورەترین ترس بووین، لەسەر کاروانی بازرگانی نێوان یەمەن، و باکووری دوورگەی عەرەبی. تا دەگاتە ئەو ئاستەی لە دوای ساڵی ٣٠ پ.س.ب ئیمپراتۆری ڕۆم لەشکرێکی گەورە، بە سەرۆکایەتی گالووس، کە تازە بە فەرمانڕەوای میسر دانرابوو. دەنێردرێ بۆ دەستنیشانکردن و پاککردنەوەی ئەو ناوچانەی کە ترسیان لەسەر کاروانی بازرگانی هەیە. ترسناکترین ناوچەش. ئەو بیابانەیە کە ئێستا شاری مەککەی لێ ئاوەدان کراوەتەوە.

بە کورتی لە گشت تۆمارەکانی یۆنانی و ڕۆمانی. کە ئێستا لەبەر دەستدان. هەر لە سەدەی پێنجەمی پ.س.ب تا دەگاتە سەدەی سێیەمی س.ب و دواتریش. لەناو ئەوانە، زۆر جوگرافی و مێژوونووسی گەڕۆک، سەردانی دوورگەی عەرەبیانکردووە. هەندێک لەوانە نەخشەی دوورگەی عەرەبیان بە ووردی کێشاوە. سەبارەت بە هەر شارێک، گوندێک، چیایەک یان

پەرستگایەکی ئەو وولاتە،بە تۆمار، وەک بەڵگەنامە ئاماژەیان پێکردووە. کەچی لە هیچ یەک لەوانە، نە بە ناو یان ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ، ناوی مەککە نابینینەوە[192].

سەرەڕای ئەوە دەبینین، لە باشووری دوورگەی عەرەب، کەلەپوورێکی دەوڵەمەند هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی پ.س.ب. وەک وولاتی هەرەمی یەمەن، پاشاکانی موعین، وولاتی قەبتان، شارستانیەتی سەبا (سبەء) و حەمیر. هەر یەک لەوانە تۆماری شوێنەواری شارستانی، هەر لە هەڵکۆڵین و تێکست. و پاشماوەی کۆشک و تەلاری بە هەزاران ساڵی تێدایە. بەڵام دەنگێک سەبارەت بە شارێک بە ناوی مەککە نادۆزیتەوە.

لەو گەنجیە گەورەیەی یۆنانی و ڕۆمانی، تا دەگاتە سەرچاوە دینییەکانیتر لەو ماوەیە، بە درێژایی هەشت سەد ساڵی تۆماری گەڕۆک و موژدەدەر و بازرگانانی جۆراوجۆر. هیچ بەڵگەنامەیەکی نووسراو، لەناو سەرچاوە کۆنەکانی مێژوونووسان یان جوگرافی نا دۆزینەوە، کە باسی هەبوونی شارێک یان گوندێک بە ناوی مەککە بکا. ئەوەش بەڵگەیەکی گرنگە بەرامبەر دەربڕینەکانی، سەرچاوە ئیسلامیەکان. کە گوایە مەککە شارێکی هەر پیرۆزی سەر زەوییە. و لە سەردەمی ئیبڕاهیم هەبووە[193].

مێژووی ڕاستەقینەی، ئاوەدان بوونەوەی ئەو ناوچەیەی شاری مەککەی لێیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی س.ب. ئەو کاتەی، بەنداوی مأرب لە یەمەن، کە دروسبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ٨٠٠ ساڵ پ.ز. چەندین جار، بە هۆی باران بەخوڕ و لافاو تێکشکاوە. و ماڵوێرانی بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا هێناوە، بە تایبەتی دەوروبەری بەنداو. کە ناچار

---

[192] Amari, Dr. Rafat ( 2004 ) Islam in light of History. First edition Pp 105

[193] هەمان سەرچاوە ل ١٠٥

بووین بە کۆچکردن بەرەو باکوور. لە کۆچ و ڕەوی دوای تێکشکانی بەنداوی مأرب لە سەدەی دووەم یان ووردتر ساڵی ١٥٠ س.ب. خێڵی خەزاعە کە یەکێک بوون لەو خێڵە کۆچکردوانە. لە ناوچەی مەککە گیرسانەوە. بەڵام لەبەر چۆڵی و نەبوونی هیچ ئاوەدانی و ترسی چەتە و تاڵانکەر ماوەی نزیکەی ١٧٠ تا ٢٠٠ ساڵ هەر بە شوانکارەیی و ڕەوەندی لەو ناوچەیە دەسووڕانەوە. تا لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەم بۆ یەکەمین جار وێستگەیەکی کاروانی بازرگانیان دروستکرد. ئەم وێستگەیە یەکەمین هەنگاوی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی مەککە بووە. تا هاتنی ڕەوەندە عەرەبەکانی شام و نەساڕییەکان. ئەوسا شاری مەککە وەک بنکەیەکی دینی و کۆمەڵایەتی پەرەی سەندووە.

هەر ئەوەش وامان لێدەکا ووتەیەکی پاتریشیا کرۆن دووبارە بکەینەوە. کە دەڵێ:
ئەگەر خەڵکی مەککە خەریکی ئەو بازرگانییە دوورو درێژانە بوون، کەلە ئەدەبی ئیسلامی باسیان لێکراوە، دەبوایە لە پەرتووک و نووسراوەکانی تۆماری کڕیارەکانیان ناوی هاتبایە. هەروەک و چۆن لەسەر عەرەبەکانی باشوور سەبارەت بە گوڵاو و بۆنی جوراوجۆر، بە دەیان تۆمار چ لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی یان تۆماری کەنیسە، یان بازرگانانی بیانی دەدۆزینەوە. ئەوەش سەرەڕای گرنگییەکی گەورەیان بە عەرەب دەدا. ئاماژەیەک یان ناوێک سەبارەت بە قوڕەیش (هۆزی نەبی محمد) و مەککە وەک ناوەندی بازرگانی نابینین. جا چ لە پەرتووکەکانی لاتینی، یان سریانی و ئارامی، یان قبتی. یان هەر زمانێکیتر، کە لە دەرەوەی دوورگەی عەرەبی بەکار دەهات[194].

بەگشتی بازرگانی مەککە لەگەڵ هاتنی قوڕەیش، وەک بازاڕێکی لۆکاڵی دەستی پێکردووە. بازرگانە عەرەبەکان خۆیان بەرهەمەکانیان دەهێنایە مەککە. بەشێکیان هەر لە مەککە

[194] Krone, Patricia, Meccan trade and the rise of Islam.

دەفرۆشت و بەشەکەی تریشیان دەفرۆشتە هاوسێکانیان. ئەو کارە بەو شێوەیە بوو. تا هاشم باپیرە گەورەی محمد بە سەردان چووە شام و توانی سەرنجی ئیمپراتۆری بێزەنتی بۆ خۆی ڕاکێشێ. ئەوەش وەک الأزرقی دەڵێ، بە هۆی ئامادەکردنی ترید، (ثرید) کە تەنیا لە ناو عەرەب هەبووە. و لە دەرەوە نەناسرابوو. دوای ئەوەی بووە دۆستی ئیمپراتۆر توانی کاری تێبکا. تا مۆڵەتی قورەیشیەکان بدا، کە پێستەی جۆراوجۆری حیجاز و جل و بەرگ لە سووریا بە نرخێکی هەرزانتر بفرۆشن، لەوەی لە سووریا بەرهەم دەهات. دوای ئەوە ڕێککەوتنێکی (گرێبەست) لەگەڵ هۆزەکانی سەر ڕێگای کاروانی حیجاز و شام بەست. ئەو ڕێککەوتنە بە ئیلاف (إلاف) ناسراوە. بەپێی ئەو پەیمانە ئەو هۆزانە بەرامبەر باجێکی دیارکراو، ڕێگا بە قورەیشیەکان دەدەن بە سنووری ئەوان بە دڵنیایی تێبپەڕن[195].

ئەو مۆڵەتەی هاشم، سەرەتای کاروانی بە هەراوی قورەیش بوو. چ بۆ شام، بۆ فرۆشتنی کاڵای هەرزانتر. و چ بۆ یەمەن بۆ هێنانی کاڵا. و دوایی بردنیان بۆ شام. سەبارەت بە کەعبەش بە هەمان شێوە، بە پەیوەندی بازرگانی قورەیش لەگەڵ شام و یەمەن. بازاڕی حاجیانی کەعبەی مەککەش گەرمتر بوو. دوای هاتنی ئیسلام، و بوونی مەککە بە چەقی پەرستن هەڵومەرجەکان بۆ شاری مەککە گۆڕان.

مێژووی ڕاستەقینەی شاری مەککە، بەم شێوەیە. هەرچەندە لە سەدەی چوارەم ئاوەدانی لە ڕێگای هۆزەکانی خەزاعە و ئوزد بەخۆوە بینی. کەچی هاتنی قورەیش و زیرەکی قوصي، لەلایەک پەیوندی لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم و لەلایەکیتر پلانێکی درێژخایەن بۆ دوارۆژی مەککە. ئەوەش بە کردنەوەی دار الندوة. کەعبەی مەککەش تاودانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. و توانی بە هەنگاوی خێرا، شکەست بە کەعبەکانیتر بێنێ.

---

195 الأزرقی. إخبار مكة و ما جاء فيها من الأثار. ص ١٠٥

مەککە و ئیسلام لە ڕووی شوێنەوارناسیەوە

شوێنەواری کۆن گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووە، بۆ مێژوونووس، کە دەتوانێ چ لە بواری ڕەخنەگری. و چ لە بواری بەراوردکاری لەگەڵ نووسراو و زانیاری دەگمەن وەدەست بێنێ. و ببێتە مایەی دەرئەنجامی متمانەپێکراو.

ئەگەر مێژووی ئیسلام بە مێژووی عیبرانی و مێژووی کریستیانی بەراوردکەین. ئەوا مێژووی سەرەتای ئیسلام کەمی دێنێ. لەبەر ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی ئەرکیۆلۆژی، یان نەخش و نیگارێک نادۆزینەوە، کە بتوانێ وەک بەڵگە وەربگیرێ، بۆ ئەو سەردەمە. و دەرفەتمان بدا، تا بەسەرچاوە نووسراوەکانی ئیسلامیان بەراوردکەین[196].

بە پێچەوانەوە ئەگەر، لە هەمان سەردەم، واتە سەدەی حەوتەم. سەردانی یەمەن بکەین. کۆمەڵێک شوێنەواری مێژوویی دەدۆزینەوە. کەچی لە حیجاز، کە لانکەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دینی ئیسلامە. شوێنەوارێک نادۆزینەوە، تا بتوانین بەراورد لە نێوان شوێن پێی پەرەسەندنی مێژوویی شاری مەککە، لەگەڵ نووسراوەکانی مێژوویی دینی ئیسلام بکەین. ئەو دیاردەیە تابگرە سەرجەمی ناوەڕاستی doورگەی عەرەبیش دەگرێتەوە.  تاکە شوێنەوار کە لە حیجاز دەستبکەوێ، کە دەگمەنیشە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەویەکان.

ئێمە هیچ بەڵگەیەکی شوێنەوارناسیمان لە کۆتایی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی حەوتەمی س.ب، سەبارەت بە دینەکانی حیجاز لە بەردەست دانییە. ئەو زانیاریانەی کە هەمانە تەنیا ئەدەبیاتی دواتری ئیسلامە. کە لە ژێرکاریگەری تەوژمی دین و چیرۆکی دروستکراو. ئەوە سەرەڕای ناکۆکی ئەو ئەدەبیاتە مێژووییە لەگەڵ خۆی. کاتی بە ووردی لێی قووڵدەبینەوە. بۆمان دەردەکەوێ، نووسەرانی موسوڵمان لە سەدەی حەوتەم س.ب، تا

---

[196] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 29

بگرە إبن کلبی کە خاوەنی پەرتووکی (کتاب الأصنام)، سەبارەت بە بابەتەکە نازانێ، بۆیە هەوڵیان داوە بە شێوەی ڕەوانبێژی، ئەو کەلێنە پڕکەنەوە. کە بو جوانی نووسین لەسەر بنەمای قورئان دژی (مشرکین) بدوێن[197].

ئەگینا نە ئیبراهیم مەککەی بینیووە و نە بەردە ڕەشەکەش لە بەهەشتەوە هاتووە. گشت مێژووەکەی لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی س.ب لەگەڵ قصی گەنج (٤٠٠ – ٤٨٠ س.ب) دەستی پێکرد.

لە کۆتاییدا دەتوانین بە دڵنیاییەوە، بڵێین: نە مەککە ئەو شارە مێژووییە کۆنەیە، کە ئیبراهیم و ئیسماعیل کەعبەیان لێ دروستکردبێ. نە ئەو شارە پیرۆزەشە کە وەک ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسولان دایدەنێن.

---

[197] Ibid. Pp 31

# سەرچاوەکان

الاب انستا ماری الكرملى (١٨٩٦) اديان العرب و خرافاتهم

الأزرقى. إخبار مكة و ما جاء فيها من الأثار.

إبراهيم احمد إبراهيم (١٩٨٥) مكة و المدينة فى الجاهلية و عهد الرسول. دار الفكر العربي. مصر.

ابن كثير. البداية و النهاية جلد ٣

إبن هشام، السيرة جزء الأول

أبو عبيد، كتاب الأموال

آبو يوسف، الخراج (١٩٧٩). موسوعة الخراج .دار المعرفة. بيروت

آل عيسى، د. محمد. تاريخ الإسلام المبكر

إبن سعد، أبو عبدالله محمد (٢٠٠١) كتاب الطبقات الكبير. جزء الأول. فى سيرة النبوية. .تحقيق الدكتۆر على محمد عمر. الناشر مكتبة الخانجى بالقاهرة

إبن كثير، الكامل فى التاريخ، لابن الاثير

ابن هشام، الإمان أبو محمد عبدالملك ( ١٩٧١) السيرة النبوية. الجزء الأول. مكتبة الشقرون بالقاهرة

إبن قتيبة، أبى محمد عبدالله بن مسلم (١٩٣٤). المعارف لأبن قتيبة. الطبعة الرابعة. .دار المعارف

إبن مسعود، أبى الحسن على بن حسين بن على. مروج الذهب و معادن الجوهر. الجلد الأول. المطبعة التجارية

الألبانى، محمد ناصرالدين (٢٠٠٠) سنن الترمذى، رقم: ٨٧٧. ص ١١٢، الطبعة الأولى.
.مكتبة المعارف للنشر و التوزيع الرياض

الإمام الجوزى (١٩٨٠) الوفاء، باحوال المصطفى. تحقيق د. مصطفى عبدالواحد. الجزء الأول

أبو موسى الحريرى ( ١٩٧٩) قس و نبى. بحث فى نشأة الإسلام. سلسلة الحقيقة الصعبة

القرآن الكريم

بشير، دكتور سليمان (١٩٨٤) مقدمة في تاريخ الأخر. نحو قراءة جديدة للرواية الإسلامية. القدس.

البلاذري، احمد بن يحيى بن جابر. أنساب الأشراف ١

البلاذري. احمد بن يحيى بن جابر (١٩٩٠). فتوح البلدان. الطبعة الثانية. مؤسسة المعارف للطباعة و النشر. بيروت.

پەیمانی کۆن

پەیمانی نوێ

تالمود

تقى الدين المقريز (١٩٨٨) كتاب التنازع و التخاصم فيما بين بنى أمية و بنى هاشم.
حققه و علق على حواشيه د. حسين مؤنس. الطبعة الألى، ١٩٨٨. دار المعارف بمصر.

الثعلبى، ابو اسحاق. قصص الانبياء المسمى عرائس المجالس

الحداد، يوسف دره (١٩٦٨) قران دعوة نسرانيه
الحريرى، أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبى، بحث فى نشأة الإسلام
حسين، العودات (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخى . الأهالى للطباعة و النشر و التوزيع
الحلبى، علي بن برهان الدين ( ) إنسان العيون فى سيرة الأمين المأمون. جزء الأول

الحوار المتمدن العدد: ٢٤٣٧ تاريخ ١٧- ١٠ – ٢٠٠٨
الحوار المتمدن العدد: ٤٠٧٨ تاريخ ٣٠-٠٤- ٢٠١٣

جعيط، هشام . تاريخية الدعوة المحمدية
الجوزى، الإمان (١٩٨٠) الوفاء، باحوال المصطفى. تحقيق د. مصطفى عبدالواحد. الجزء الأول

الخربوطلى، الدكتور على حسنى (١٩٨٦) الكعبة على مر العصور. الطبعة الثانية. دار المعارف
.الخربوطلى، الدكتور على حسنى. بناء كعبة. دار الجمل. بيروت
خطيب. د.على(١٩٨٦) عمر بن خطاب، حياته، علمه أدبه الطبعة الأولى.

الدوسرى، أ.د محمود بن أحمد. بناء الكعبة،
دى بريمار، ألفريد لويس (٢٠٠٩) تأسيس الإسلام. بين الكتابة و التاريخ. ترجمة عيسى محاسبي. دار الساقي.

السرخسى، شمس الدين (١٩٨٦) فى (النسوط) المجلد الثالث. باب النكاح البكر. طبعة السادسة. دار المعرفة/ بيروت

السيرة الحلبية جلد الأول

السيرة المكية  جلد الأول

السيرة الهاشمية ١

الشامي، الأمام محمد بن يوسف الصالحى. سبل الهدى و الرشاد فى سيرة خير العباد. الجزء الأول

صحيح بخارى رواية رقم ٤٩٥٣

الصليبى، د.كمال، البحث عن يسوع – قراءة جديدة فى الأناجيل

الطبري. تاريخ الطبرى. تاريخ الأمم و الملوك المجلد الأول. دار الكتب العلمية. بيروت. لبنان.

طبقات ابن سعد ١

عاشور، سيد محمد (١٩٩٢) اليهود فى عصر المسيح. دار القلم. دمشق

عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه. سينا للنشر.

عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة  المركزية. الطبعة الثانية، سيناء للنشر. قاهرة. مصر.

العلامات، محمود جلال (١٩٨٤) السبئيون و سد مأرب. الطبعة الأولى.

على، د. جواد (١٩٩٣) مفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام. الجزء الثالث

على، د. جواد. مفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام جلد الرابع.

علي، د. جواد (١٩٧٨). المفصل فى تاريخ العرب قبل الاسلام. الجزء السادس. الطبعة الثانى

علي، دكتور جواد. المفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام ج ١١

العمرى، ابن فضل الله العمرى، شهاب الدين بن يحيى (٢٠١٠) مسالک الأبصار فی ممالک الأمطار. المسالک و الأثار و الأقاليم. الجزء الأول.

العمارى، ناصر (٢٠١٣) من الذى كتب القرآن،

العودات، حسين (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخى . الأهالى للطباعة و النشر و التوزيع

فياض، نبيل (١٩٩٨) نصان يهوديان حول بدايات الإسلام. لبنان

فياض نبيل (٢٠١٧)، النصارى، تاريخهم و عقائدهم

الفيومي، الدكتوِر محمد ابراهيم (١٩٨٢) الفكر الدين الجاهلى

القمني، د. سيد محمود (٢٠١٠) إنتكاسة المسلمين إلى الوثنية. الطبعة الأول، مؤسسة الإنتشار العربي.

مصطفى، صالح لمعي (١٩٨١) المدينة المنورة تطورها العمرانى و تراثها المعماري. دار النهضة العربية. بيروت.

المسعودي. (١٩٩٠) مروج الذهب و معادن الجوهر للمسعودى ج ٢،

مشنا

منجد في اللغة و الإعلام (١٩٨٦)

المنير، محمد حسان، يوم قبل وفاة محمد

الواقدى. محمد بن عمر، المغازى جزء الثانى
الواقدي، محمد بن عمر،  المغازى جلد الثالث،

الواقدى. المغازى جزء الثانى

هادي العلوى (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي. الطبعة الثانية. قبرص.
الهندسي، الموسوعة الإسلامية. الجزء السادس.
هيم، ماكبى. بولس و تحريف المسيحية

يعقوب الرهاوى له دەق لاتينى
.موسى، ئيغيس (٢٠١٥) هل نشأ الإسلام في مكة؟ الجزء الأول: لغز مكة الغامض
موسى، ئيغيس (٢٠١٥) هل نشأ الإسلام في مكة؟ الجزء الثاني. الدلائل تشير الى الشمال.

## English sources

6 lectures given by Michel Foucault at the University of California at Berkeley, Oct-Nov. 1983

A. F. L. Beeston ‹"The Religions Of Pre-Islamic Yemen" in J. Chelhod (Ed.) ‹L'Arabie Du Sud Histoire Et Civilisation (Le Peuple Yemenite Et Ses Racines) ‹1984 ‹Volume I ‹Islam D'Hier Et D'Aujourd'Hui: 21 ‹ Editions G. -P. Maisonneuve et .Larose: Paris.

Africanus, Julius (ca. 220) History of the World.

Ahuvia Mika (2014) Intoduction to Toledot Yeshu. Ancient Jew Review,

Albert Schweitzer (1968) The Quest of the Historical Jesus (rev. ed.; New York: Macmillan)

Alfred, Guillaume (1990) Islam Penguin.

Amari, Dr. Rafat (2004) Islam: in laight of history. A Religion Reserch Institut Publication.

A.N. Sherwin- White (1966) The Letters of Pliny. Oxford: Claredon.

Beard Mary et al (1996) Religions of Rome. Volym 1, A history. Cambridge University press

Belloc Hilaire, What kind of Religion is Islam

Benko, Stephen (1969) The Edict of Claudius of AD 49

British Museum Syriac MS Additional 14,658. Blinzler, *Trial of Jesus*

British Museum. Add 12, 172, f. 1242; Wright Catalogue of Syriac Manuscripts pp. 604

Bruce Jesus and Christian origins

Bruno, Bauer The history of the Gospels.

C. J. Robin ‹“South Arabia ‹Religions In Pre-Islamic” ‹in J. D. McAuliffe (Gen. Ed.) ‹Encyclopaedia Of The Qur’ān ‹2006 ‹Volume Five Si – Z ‹.Koninklijke Brill NV: Leiden (The Netherlands) ‹pp. 84-85

C.P. Jones (1996) Culture and society in Lucian. Cambridge. Harvard university press.

Christianity in Talmud and Midrash

Crone, Perticia (1987) Meccan trade, and the rise of Islam. Princeton university press.

Crone ‹Patricia. Cook Michael (1977) Hagarism. The making of the Islamic world. Cambridge University Press.

De Prèmare, Alfred-louis (2002) The foundations of Islam, between Writing and History.

Dinkard-Book IX, Chapter XVIII, 2-7 , Pahlavi Texts, Part IV, Translated by E.W. West, The Sacred Books of the East, Volume 37, Published by Motilal Banarsidass, Delhi, 1969

Dio Cassius: History of Rome, Book LIII. xxix.3-8.

Epiphanius of Salamis(315 -403) The panarion of Epiphanius of Salamis (2009) Book I, 2:18. Nag Hammadi & Manichaean Studies. Brill. Leiden. Boston

Encyclopedia of Religion and Ethics, bind 8

Ephram E. Urbach (1987) The sage. Cambridge. Harvard university press.

Evans. Jesus in non- Christian sources.

F.C.Conybear (1914) The historical Christ. London. Watts

Flavius, Josephus, Jewish War.

Fraser, P.M., Ptolemaic Alexandria, Oxford, 1972, I, 549; cf.

F.V.Winnett and W.L.Reed, (1970) Ancient Records from North Arabia, University of Toronto Press,

Graig Winn (2004), Prophet of Doom, VA. Cricketsong books.

Hearly, John F. (2001) 4. The Religion of the nabataeans: A conspectus Religions in the Greco – Roman World 136. Boston Brill.

Holger Kersten (1986) Jesus lived in India; His unknown life before and after the Crucifixion, Shaftesbury.

Holland, Tom (2012). The Shadow of the sword. The birth of Islam and the rise of the Global Arab Empire. UK. London.

H.P Mantegli. (1998) Journal of Theological studies. April 1998.

Hommel, First, Encyclopedia of Islam. Vol. 1,

Herodotus ‹THE HISTORY

Irenaeus: Adversus haerses part 2

Jane, Tylor. Petra and the Lost kingdom of Nabataeans 1:B Tauris Publishers 2001, pp 130

J. C. Greenfield ‹"From ’LH RḤMN To AL-RAḤMĀN: The Source Of A Divine Epithet" in B. H. Hary ‹J. L. Hayes & F. Astren (Eds.) ‹Judaism And Islam: Boundaries ‹Communication And Interaction – Essays In Honor Of William M. Brinner ‹2000 ‹Brill: Leiden.

Jewish virtual library. A project of Aic

Josephi Fischer S.J., Commentatio de CL. Ptolemaci vita, operibus, influxu sacculari

J. Ryckmans ‹"South Arabia ‹Religion Of" ‹in D. N. Freedman (Editor-in-(Chief) ‹The Anchor Bible Dictionary ‹1992 ‹Volume 6 ‹Doubleday: New York ‹pp. 174-175;

J. Ryckmans ‹"The Old South Arabian Religion" ‹in W. Daum (Ed.) ‹ Yemen: 3000 Years Of Art And Civilization In Arabia Felix1987 ‹? ‹op. cit. ‹p. 110; A. Sima ‹"Religion" in St. J. Simpson (Ed.) ‹Queen Of Sheba: Treasures From Ancient Yemen ‹2002 ‹The British Museum Press: London ‹p. 165;

K.A. Kitchen, Documentation For Ancient Arabia, Part I, Liverpool University Press, 1994,

Le Bon Gustav. The Civilisation of the Arabs

Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret.

Lennartsson, Göran (2015) Judiska grupper på Jesu tid.

Leopoldi, Helmuthus, De Agatharchide Cnidio (Diss. Rostow, 1892)

Live of the Caesars (De vita Caesarum) Life of Hadrian

Live of the Caesars (De vita Caesarum Claudius

Lucian of Samosata. The passing of Peregrinus (Death of Peregrinus)

Luxenberg, Christoph (2007) The Syro - Aramaic reading of the Koran. A contribution to the Decoding of the language of the Koran. Verlag Hans Schiler. Berlin Pp 328

Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam

Origen of Alexandria, Contra Celsum (ca 250 C.E)

Peremans, W., Diodore de Sicile et Agatharchide de Cnide', Historia xvi, 1967, pp. 443-4; cited by Burstein,

Philo of Alexandria, Legation to Gaius 299- 305

Pliny the Younger Book 10, Letter 96 and 97

Nallino Carlo Alfonso , Raccolta di Scritti editti E ineditti, Roma, Istituto per l'Oriente, 1939-48 , Vol.III, page 122 ; Caetani, Annali Dell' Islam, I, (1907)

Natural History of Pliny; Book VI, chapter 32

Otosius, Paulus, (1965) The seven Books of history against the pagans world history. Ancient

Petra: lost city of stone. Civilization ca 2013. 02. 03

Ptolemois Klaudios. Geografisk hyfegesis 117 f.c till 51 f.c

R. Bowen jr. Archaeological Discoveries in South Arabia.

Rebert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction to the Ancient Evidence. Wm. B. Eerdmans Publishing.

R. Martin (1994) Tacitus. Bristol. Bristol Classical press.

Robertson John. M (1900) Christianity and Mythology. London. Watts.

Robinson, James. M (1959) The new quest of the historical Jesus. SCM press. London.

Sebeos of Bagratanius, History of Heraclius

Sebeos, Chronical of Sebeos

Stanley Burstein (2010), Agatharchides of Cnidus, on the Erythraean Sea, The H akluyt Society London, 1989

Shuto, Wang (2016) The origins of Islam in the Arabian context.

The Geography of Strabo book II.

The Geography of Strabo, Book XVI .

The Geography of Strabo, Volume VII, Harvard University Press, (London, 1966),
The Periplus of the Erythraean Sea (1912) Travel and trade in the Indian Ocean. By A Merchant of the first Century. Longman, Green and CO.

Voltaire, F.m Collected works .

Wilfred Schoff on his introduction to The Periplus of the Erythraean Sea, Munshiram Manoharial Publishers Pvt Ltd.(New Delhi, 1995), pages 14,15
Warburg, Margit (1999) Religionssociologi. I Rothstein; Mikael (red) Religionsforskning. Nya Doxa. Landskrona s 122

Yaqut al-Hamawi, Mujam al-Buldan, iv, 587; quoted by Patricia Crone, Meccan Trade, Princeton University Press, 1987.

Zetzer, Jewish Responses to Early Christian

زنجیرەی ساخکردنەوەی مێژوو، بریتییە لە ٧ پەرتووک.

١ لە سۆراخی لافاوی نوحدا، هەر لە دۆندی ئاراراتەوە تا قووڵایی دەریای ڕەش

٢ نەبی ئیبراهیم ناوێکی گەورە وماڵێکی وێران

٣ مەککە لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا

٤ ئیسلام و پاشخانی مێژوویی

٥ ژینگەی نووسینی قورئان و قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

٦ سەرچاوەی ئەفسانە و چیرۆکەکانی قورئان

٧ چەند تیشکێک لە سەر دین و کاریگەرییەکانی لە مێژوودا (کۆمەڵی نووسینی هەمەجۆرن)